# گوڵان

ئەمرۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩٢)- (٤)ی کانونی یەکەم ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و کۆتای پێکهاتەکان

# کەمکردنەوەی کۆتای پێکهاتەکان هەوڵێکە بۆ بەسیاسیکردن و تێکدانی پێکەوە ژیان لە کوردستاندا

„ نەمانی کۆتا بۆ پێکهاتەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان واتە سڕینەوەی ئەو پێکهاتەیە

„ ئەوانەی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق ناتوانن پێکەوە بژین، لە کوردستان دراوسێی یەکن و هیچ کێشەشیان نییە






# ناکۆکییەکانم لەگەڵ بریمەر سەبارەت بە پێشمەرگە

## ٩٣

لــە کۆبوونەوەیەکــدا بریمــەر گوتــی: (جێــی میلیشــاکان لــە عێراقــی نوێــدا نابێتــەوە و نابێــت هیــچ هێزێکــی چەکــداری نایاســایی هەبێــت.) منیــش گوتــم، ئەمــە بڕیارێکــی بــاش و لــە جێــی خۆیدایــە. داوای چیمــان لــێ دەکەیــت؟ لــە وەڵامــدا گوتــی: (پێویســتە بڕیــاری هەڵوەشــاندنەوەی پێشــمەرگە دەربکرێــت. چونکــە ســوپای مەهــدی و بــەدر ڕاياندگەیانــدووە لــە ئەگــەری هەڵنەوەشــاندنەوەی پێشــمەرگە، ئێمــەش هێزەکانمــان هەڵناوەشــێنینەوە.)

**منیش پێم گوت:**

**یەکــەم:** پێشــمەرگە میلیشــیا نییــە. جگــە لــە هێزەکانــی ئەمەریــکا و هاوپەیمانــان هێزێــک لــە عێــراق دەستنیشــان بکــە، وەک پێشــمەرگە ڕێکخــراو و بەدیســپلین و ڕێکوپێــک بێــت.

**دووەم:** ســوپای مەهــدی و بــەدر بــە بڕیارێــک دامــەزراون و بــە بڕیارێکیــش هەڵدەوەشــێنەوە. ئــەوە پەیوەندیــی بــە خۆیانــەوە هەیــە، هەڵدەوەشــێنەوە، یــان نــە، بــەڵام هــۆی پێکەوەبەســتنی چارەنووســی پێشــمەرگە بــەو چەکدارانــە چییــە، بــۆ پێکــەوەیــان دەبەســتیتەوە؟

**ســێیەم:** پێشــمەرگە بــە خوێــن و فرمێســکی گەلەکەمــان دروســت بــووە، نــەک بــە بڕیــاری مــن، یــان کەســێکی تــر، بۆیــە پێشــمەرگە بــە هیــچ شــێوەیەک هەڵناوەشــێتەوە. پێشــمەرگە هێمــای شــەرەف و کەرامەتــی گەلــی کــوردە.

**بریمــەر گوتــی:** (نازانــم، بــەڵام جێــی میلیشــیاکان لــە عێراقــی نوێــدا نابێتــەوە و پێویســتە هەمــوو میلیشــیاکان هەڵوەشــێنەوە و تــا ڕادەیــەک بــە توورەیــی قســەی کــرد).

**منیــش لــە وەڵامــدا پێــم ڕاگەیانــد:** (پێشــمەرگە هەڵناوەشــێتەوە و کــەس توانــای هەڵوەشــاندنەوەی پێشــمەرگەی نییــە).

**بریمــەر ڕایگەیانــد:** (کۆتایــی بــە کۆبوونەوەکــە هــات). منیــش پێــم گــوت: (ئــارەزووی خۆتــە، تــەواو، تــەواو).

دوای کۆبوونەوەکــە گەڕامــەوە بارەگەکەمــان. دواتــر گرینســتۆک هــات و کەوتــە ناوبژیوانــی و کۆتایــی بــە کێشــەکە هــات. دوای ئــەو کۆبوونەوەیــە بریمــەر بــە هیــچ شــێوەیەک باســی پێشــمەرگەی نەکــردەوە و بــە میلیشــای نــاو نەبــرد.




(ڕۆمانی ژیاننامەیی) دوا بەرهەمی چاپکراوی (پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا) یە بە (٨٨) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند کەوتە بەردەستی توێژەر و ڕۆماننووس و خوێنەرانەوە.

لەم کتێبەدا نووسەر باس لەم ژانرە ئەدەبییە دەکات، کە شتێکی کۆن نییە، بەڵکوو لە کۆنەوە هەبووە و سەرچاوەیەکی گرنگیش بووە بۆ مێژوونووسان بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەی کە کتێبەکانی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان لە خۆیان گرتوون. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بە پێی سروشتەکەی بە گشتی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا تەنیا باسی ئەو لایەنانەی ژیانی دەکات کە شانازییان پێوە دەکات، بە پێچەوانەشەوە چاو لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بۆ خۆی و کەسە نزیکەکانی مایەی شەرمەزارین، یان بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن و نایەوێت لەکەداریان بکات.

دەستەواژەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) لەلایەن زانایان و شارەزایانەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە کەرەستەیەکی خودی و کەرەستەیەکی خەیاڵ، بەو پێیەی بابەتی ئەو چیرۆکەی کە دەگێڕدرێتەوە، لە دوو کەرەستەیە پێکهاتووە، بۆیە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمانی ژیاننامەیی بریتیین لە خود و خەیاڵ، نووسەر ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو جۆرە ڕۆمانە دەگوترێت کە ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی ڕۆماننووسەکە دەبێتە کەرەستەی سەرەکیی ڕۆمانەکە، هەروەها دەڵێت: ئەگەر باسی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم جۆرە ئەدەبە بکەین، دەبینین کە لە کۆنەوە و لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لایەنگری هەبووە، وەك هونەرێکی سەربەخۆ تەماشایان کردووە، هەر چەندە وەك زاراوە، ناکۆکییەکی زۆر لەسەر زاراوەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) هاتووەتە ئاراوە، هەندێك لە توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە یەکێکە لە کۆنترین ژانرەکانی ئەدەبی و هونەری، بەڵام هەندێکی دیکە ڕایەکی جیاوازیان هەیە و دەڵێن یەکێکە لە نوێترین ژانری ئەدەبی.

سەبارەت بە چەمکی ڕۆمانی ژیاننامەیی، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ زاراوەیەك وەك زاراوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی نەرمونیانی نەبووە، کە ئەمەش وای کردووە سنوورەکەی جێگیر نەبێت و تێکەڵ بە ژانرێکانی دیکەی ئەدەب بێت کە لێوەی نزیکن. نووسەر بۆ چاپکردنی ئەم کتێبەی، پشتی بە دەیان سەرچاوە بە زمانی کوردی و عەرەبی بەستووە، هاوکات سوودی لە نامەی زانکۆیی و گۆڤار و فایلەکانی ئینتەرنێت وەرگرتووە، دەستخۆشی لە (پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا) دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە و بەهیوای بەرهەمی زیاتر.




پ. د. تاڤگە عەباس بوستانی :

**زۆربەی ئەو دەقە یاساییانەی لە هەرێمی کوردستان پێشێلی مافەکانی ئافرەتیان دەکرد، هەموار کرانەتەوە**



حەنان ئەسعەدوڵڵا یارنەزیر :

**ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، پێویستە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی پشتگیری بکرێن**




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

لە دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک»

## سینەمای فەڕەنسا میوانی تایبەتی فێستیڤاڵە





**مۆبایلێک وەک بازن لەدەست دەکرێت**




**بە خواردنی نیسک خۆت لە نەخۆشیی شەکرە بپارێزە**



**سۆشیال میدیا هۆکارێکی سەرکەوتنم بووە**



دێرین بەختیار :

**بەدەستهێنانی مەدالیا لە پاڵەوانێتی وڵاتانی ئاسیا خەونی گەورەی منە**





### یانزەهەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و
# کۆتای پێکهاتەکان



ڕۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەنجامدانی ئەڵقەیەکی دیکەی بازنەی گفتوگۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم گفتوگۆیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئامادەی بوون، چەند تەوەرێکی گرنگ تایبەت بە خواست و داواکاریی خەڵك و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان گەنگەشە کران و بیروبۆچوونی زۆریان لەسەر ئاڵوگۆڕ کرا، کە یەکێك لەو پرسانە پرسی دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆسە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو، یەکێك لەو هۆکارانەشی کە بوونە هۆی ئەم دواکەوتنە، کێشەی کۆتای پێکهاتەکانی کوردستان بوو، کە داوا دەکرا کۆتای پێکهاتەکان بەسەر بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا دابەش بکرێت.

لەم ڕوانگەی ئەوەی کە هەڵبژاردن پەیوەندی بە ئیرادەی هەر هاووڵاتییەکی کوردستانەوە هەیە بۆ شێوازی بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بۆیە کۆبونەوەکە بڕیاری دا، یانزەمین ئەڵقەی خۆی بۆ «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» تەرخان بکات، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چەند جارێك بە هۆی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن دواکەوتووە، کە جیا لە هۆکارەکانی گۆڕینی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە یەك بازنەییەوە بۆ چوار بازنە و پشتبەستن بە تۆماری بایۆمەتریی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە هەمان کاتدا پرسی کورسیی کۆتاکانیش یەکێك بووە لەو کێشانەی کە لایەنە سیاسییەکان لەسەری نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

٢- بڕیاری دادگای فیدراڵی بەوەی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستان دەستووری نییە، بەمەش پەرلەمان پەکی کەوت و کوردستان کەوتە ناو بۆشاییەکی یاسایی و دەستوورییەوە.

٣- تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لەسەر کورسیی کۆتاکان لای دادگای فیدراڵی کە تا ئێستا نازانرێت، دادگا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات و، ئەگەر سیاسییانە مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەوا ئەو پێکەوە ژیانەی لە کوردستان هەیە، دەکەوێتە مەترسییەوە.

٤- لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژێکی لە مانگی شوباتی ساڵی داهاتوو دەستنیشان کردووە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەباشی پیشان داوە، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی هەڵبژاردنەکە دیاری بکات، بەڵام هێشتا دیار نییە، ئایا هەڵبژاردن لەو کاتەی بۆ دیاری کراوە، ئەنجام دەدرێت، یان نا؟

بۆ ئەوەی بتوانرێت گفتوگۆیەکی زۆر جددی و ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا بازنەی گفتۆگۆ ئەم کارانە وەك ئامادەکاری بۆ ئەو گفتوگۆیە ئەنجام بدەن:

- نوێنەرانی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بانگهێشت بکرێن.

- نوێنەری تەواوی ئەو لایەنە سیاسییانە بانگهێشت بکرێن، کە لە پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنیان هەیە و بەشێکن لە کێشەی کۆتاکان، ئەوجا هەر لایەنێك بە جۆرێك.

- لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (قەڵات، هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە بکرێت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕاوبۆچوونی حزبی سیاسی، ئەکادیمیست، چالاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەربگیردرێت.

- ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ گفتوگەکە بەڕێوە بچێت و لە ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ پوختەی ئەم گفتوگۆیە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گولان بڵاو بکرێتەوە.

دوای ئەنجامدانی ئەم ئامادەکارییانە ئەڵقەی یانزەمینی بازنەی گفتوگۆ بە بەشداریی ئەم بەڕێزانە بەڕێوە چوو:

١- د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- سەربەست ئامێدی سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق.

٣- مونا قەهوەچی سکرتێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

٤- ئەکەد موراد نوێنەری بزووتنەوەی ئاشووری.

٥- داود هوهان داود سەرۆکی لیژنەی کارگێڕیی نەتەوەی ئەرمەن لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

٦- یاسین حەمە عەلی بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان.


٧- هێمن ئەسکەندەر بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

٨- هاوار محەمەد یوسف وتەبێژی بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٩- هەندرێن محەمەد سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

١٠- د.بارزان جوهەر مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ:
- عەبدولڕەزاق عەلی.
- شڤان حەمدی
- پ.د. نەزاکەت حسێن.
- د.جەلال ئەحمەد.
- فەرهاد محەمەد.





رِاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# دەستبردن بۆ کۆتای پێکهاتەکان مەترسی لەسەر سیمای جوانی پێکەوە ژیان دروست دەکات




به مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان و ئەکادیمیست و چالاکان و پسپۆڕانی پرۆسەی هەڵبژاردن، بازنەی گفتوگۆ بە ڕێگەی هەر سێ کەناڵی تەلەفزیۆنی «قەڵات، هەولێر، سلێمانی، دهۆك» ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەسەر پرسی «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» ئامادە کرد.

ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی سێ پرسیارە:

• پێتوایە سیستمی کۆتا میکانیزمێکی گونجاوە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان؟

• ئەو سکاڵایە چۆن هەڵدەسەنگێنیت کە داوای پێداچوونەوە بە ژمارەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان دەکات؟

• چۆن سەیری ئەو دەنگۆیانە دەکەیت کە دەڵێن: کۆتای پێکهاتەکان لە هاوکێشەی سیاسی و ململانێی نێوان حزبەکانی کوردستان ڕۆڵی نەرێنییان گێڕاوە؟

لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونەکان لە یەکتری جیاوازن، بەڵام خاڵی هاوبەشی تێکڕای ئەو بۆچوونە جیاوازانە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی پێویستە کۆتای پێکهاتەکان وەك خۆیان بمێنێت و دەستکاری نەکرێت، هەروەها داوا دەکرێت، پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکانیش کورسیی کۆتایان لەناو پەرلەمانی کوردستان بۆ زیاد بکرێت، لە هەمان کاتدا هەڵوەستەش لەسەر بوونی کۆتای پێکهاتەکان و بەشداریکردنی نەتەوە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بووەتە هۆکاری ئەوەی شکۆیەکی جوان و بەرز بە هەرێمی کوردستان ببەخشێت و جیهان بەرێزەوە سەیری پێکەوەژیان کوردستان دەکات و دەبێت ئەم پێکەوە ژیانە بپارێزرێت و فراوانتر بکرێت و گەشەی زیاتری پێ بدرێت، ئەمەش پوختەی بۆچوونی بەشداربووانی ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆیە:



**ئارام جەمال**

**شارەزا لە بواری پرۆسەی هەڵبژاردن:**

## کورسیی کۆتاکان سیمایەکی جوانی بە هەرێمی کوردستان بەخشیوە




● ئارام جەمال

سەبارەت بە جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی کۆتای پێکهاتەکان و دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئێمە هەر لە ساڵی ٢٠١٥ کارمان لەسەر ئەوە کردووە، گرنگە میکانیزمێك دابنرێت بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدەرانی کۆتای پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکان بە دەنگی خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە پەرلەمان، بەڵام سەبارەت بەو بۆچوونەی کە داوای کەمکردنەوەی کورسیی کۆتاکان دەکات، من لەگەڵ کەمکردنەوەی کورسیی کۆتاکان نیم، هەروەها لەو بڕوایەشدا نیم، هیچ لایەنێك جورئەتی ئەوەی هەبێت و داوای ئەوە بکات کە کورسیی کۆتاکان کەم بکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بوونی کورسیی کۆتا یەکێکە لە سیما جوانەکانی هەرێمی کوردستان، پێکهاتە جیاوازەکان بە ڕێگەی بوونی ئەم کۆتایە دەتوانن نوێنەریان بنێرنە پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر بمانەوێت دەستکاریی میکانیزمی هەڵبژاردنی کورسیی کۆتاکان بکەین، بەڵێ دەتوانین تۆماری دەنگدەرانی کۆتاکان جیا بکەینەوە، ئەمەش بۆ خولی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان فریا ناکەوین و دەکرێت لە خولی شەشەمی پەرلەماندا ئەم پرسەش چارەسەر بکرێت.

**تەنیا تاهیر**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی سوشیال دیموکراتی کوردستان:**

## کورسی کۆتاکان ناسنامەی هاونیشتمانیبوونی پێکهاتە جیاوازەکانە



● تەنیا تاهیر

سیستەمی کۆتا میکانیزمێکە بۆ بەشداریکردنی سیاسیی و یاسایی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و بوونی نوێنەریان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەم پرسە لەساڵی ١٩٩٢ و لەسەردەمی بەرەی کوردستانی بڕیاری لەسەر دراوە، ئەم بڕیارەش ڕوانگەی دونیابینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەو جۆرە بەرجەستە دەکات کە دەبێت کوردستان ببێتە هەرێمێك جێگەی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی تێدا بێتەوە، بۆیە ئەم دونیابینییە، دونیابینییەکی واقیعی و سەردەمیانەبووە و، توانرا بەرێگەی تەرخانکردنی کورسی کۆتاکان بەشداریەکی گرنگ بە پێکهاتەکان لە پرۆسەی سیاسیدا بکرێت، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەندێك تێبینی لەسەر شێوازی بەشداریکردن و پرۆسەی دەنگدان بە کورسی پێکهاتەکان هەبووە، بەڵام بوونی کورسی کۆتای پێکهاتەکان زۆر گرنگە دەبێت هەنگاوی زیاتر هەڵبگرین و میکانیزمی گونجاو بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتە خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بەڵام وێرای هەموو ئەمانەش ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان پێشکەشی کردووە، ئەزموونێك بووە توانی ڕوویەکی گەش و پێشکەوتووی چەمکی هاونیشتمانیبوونی سەردەمیانە پیشانی جیهان بدات، سەلماندنی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی نیمچە دەوڵەتی گەرەنتی مافی پێکهاتە جیاوازەکان بکات و مافی هاووڵاتیبوونیان بۆ دەستەبەر بکات.

**دڵشاد نامیق**
**چاودێری سیاسی:**

# سیستمی کۆتا، تەنیا جیاکاریی ئەرێنییە کە هەموو جیهان ڕێزی لێ دەگرێت

سیستمی کۆتا بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت کاری لەسەر کراوە، جیاکارییەکە ڕێگەی پێ دراوە و پێی دەگوترێت «جیاکارییەکی ئەرێنی» بۆ بەرژەوەندیی ئەو پێکهاتە جیاوازە بچووکانە کراوە، کە ناتوانن لە چوارچێوەی هەڵبژاردنە گشتییەکان کورسییەکی گشتی مسۆگەر بکەن و نوێنەریان بگەیێننە پەرلەمان، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە ئەرێنییەی کۆتا نەبێت، ئەوا هەموو جیاکارییەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە تاوان و پێشێلکاری دژی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت.

لە هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٢ کە یاسای هەڵبژاردنی کوردستان داڕێژدرا و پاشانیش کە لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەم یاسایە هەموار کرایەوە، سیستمی کۆتای پێکهاتەکان هەر هەبووە و تا ئێستاش ئەم سیستمە بەردەوامە و کاری پێ دەکرێت، ئەمەش بەو ئامانجەی ئەو نەتەوانەی هاوشانی کورد، ئەو ئاینانەی هاوشانی ئاینی ئیسلام لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، ئەم پێکهاتە جیاوازانە بپارێزرێن و لەناو دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجکردنی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت و ئەوانیش وەك هاووڵاتی کوردستان نوێنەر و پێگەی خۆیان هەبێت.

**شەمۆ قاسم**
**چالاکی ئێزدی :**

# وەک پێکهاتەی ئایینی ئێزدی دەبێت کورسیی کۆتامان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت

بوونی کورسیی کۆتا بۆ ئێزدی وەك پێکهاتەیەکی ئایینیی جیاواز لە ناو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئێمە پرسێکی گرنگە، لە ساڵی ١٩٩٢ پێنج کورسیی کۆتا لەسەر بنەمای ئیتنی بۆ «کلد و سریان و ئاشووری» تەرخان کرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ کە جارێکی دیکە یاساکە هەموار کرایەوە و ژمارەی کورسیی کۆتاکان زیاد کران، ئەوکات ئێمە زۆر هەوڵمان دا کە پێکهاتەی ئایینی ئێزدی لەسەر پارێزگای دهۆك کۆتایەکی بۆ دابنرێت، بەڵام داواکەیان ڕەت کردینەوە، ڕاستە ئێمەی ئێزدی پارچەیەکی ڕەسەنی خەڵکی کوردستانین، بەڵام وەك ئایین جیاوازین و دەمانەوێت نوێنەری خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت و داکۆکی لە مافە ئایینییەکانمان بکات، لێرەوە جارێکی ڕای دەگەیەنین، داواکاریی ئێمە ئەوەیە کە لە خولی داهاتووی پەرلەماندا هەوڵ بدرێت کورسییەکی کۆتا بۆ پێکهاتەی ئایینی ئێزدی تەرخان بکرێت، ژمارەی دانیشتووانی ئێمە وەك کوردی ئێزدی تەنیا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٠٠ تا ١٢٠ هەزار کەس دەبێت و ناکرێت ئەم ژمارەیە ٢-٣ کورسی لە پەرلەمانی کوردستان نەبێت.



● دڵشاد نامیق



● شەمۆ قاسم







**زریان کاکەیی**

**مامۆستای زانکۆ:**


# نەک تەنیا هاووڵاتییانی کوردستان بەڵکو ئەوانەشی لە کوردستان پەنا دراون وەک مرۆڤ هەموو مافێکیان بۆ دابین کراوە



● زریان کاکەیی

پرسی هەڵبژاردن جگە لەوەی پرسێکی گرنگە بۆ گەلان و نەتەوەکانی جیهان، لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکە پەیوەندی بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و شێوازی سیستمی سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەیە و پرۆسەیەکە هەموو جیهان ڕێزی لێ دەگرێت. ئەوجا ئەم پرۆسە گرنگە ئەگەر بۆ نەتەوەکانی دیکە یەکجار گرنگ بێت، کە پرۆسەکە لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت، ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە چاوی هەموو دونیامان لەسەرە، سەد جار گرنگترە کە لە کاتی خۆیدا ئەنجامی بدەین، بەڵام هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد، کە گرنگە هەموو حزبە سیاسییەکان لە بەهای بەرزی هەڵبژاردن تێ بگەن، تەنانەت بەو حزبانەشی کە بڕوایان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە و نایانەوێت ئیرادە و دەنگی خەڵك ببێتە مەحەك بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و ببێتە پێوەرێك وكاری پێ بکرێت.

سەبارەت بە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان، جیا لەوەی هەر سرووشتی کوردستان لە دێرزەمانەوە بەو شێوەیە بووە کە شوێنی پێکەوە ژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆکارگەلێکی جیاواز، ئایین و نەتەوەی دیکە هاتوونەتە کوردستان و ئێستا لە کوردستان دەژین و کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشنی زیاتریان دروست کردووە، بۆیە پێویستە لەسەر بنەماکانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، هەر کەسێك لەم نیشتمانەدا بژی، وەك مرۆڤ سەیر بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە یاسا سەلامەتی و مافەکانی پارێزراو بێت.

دەوڵەتە گەورەکانی وەك ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، لەسەر ئەو بنەمایە ڕێز لە هەرێمی کوردستان دەگرن کە بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەو خەڵکانەی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، ماڵیان دەسووتێنرێت و کاول دەکرێت و دەربەدەر کراون و پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، لێرە لە کوردستان پەنادراون و مافەکانیان بۆ دابین کراوە و وەك خۆیان دەڵێن: «سوپاس بۆ هەرێمی کوردستان کە لە ئاسایش و دڵنیاییدا دەژین».

گرنگە ئێمە لە بایەخی ئەم پێکەوەژیانە باش تێبگەین و هەموو هەوڵەکانیشمان بخەینە خزمەتی پاراستنی ئەم پێکەوەژیانە، ناکرێت ئەوە قبووڵ بکرێت، کە هەوڵێك هەبێت لاواز یان ناشیرینی بکات.

## نەبیل ئاڵتی بەرماخ

**ئەندامی کومیتەی ناوەندی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان:**

# دەستکاریکردن، یان کەمکردنەوەی کورسیی کۆتا دابڕانێکی خراپ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دروست دەکات

بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان مافی خۆیانە کە کورسیی کۆتایی تایبەت بە خۆیان هەبێت و بۆیان تەرخان بکرێت. من لێرەدا باسی نەتەوەی تورکمان دەکەم، ئێمە لە عێراقدا دوای هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەب، سێیەمین نەتەوەین، لە هەرێمی کوردستانیش دوای کورد ئێمە نەتەوەی دووەمین، بۆیە وەك نەتەوە مافی خۆمانە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەین و نوێنەرمان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت.


لە ساڵی ١٩٩٢ کە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کورسیی کۆتا بۆ تورکمانەکان تەرخان نەکرابوو، بۆیە تورکمان بە ڕێگەی دەنگدانی گشتی نەیتوانی هیچ نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، دواتر یاساکە هەموار کرایەوە و پێنج کورسیی کۆتا بۆ تورکمانەکان دیاری کرا، کە ئەم کورسییانە بۆ تورکمان لەچاو شایستەیی تورکمان وەك نەتەوەی دووەم لەم نیشتمانەدا کەمیشە. هەر بۆیە دەستکاری و کەمکردنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان هەڵەیە، بەتایبەتی پێنج کورسییەکەی تورکمان، کە ئێمە لە ڕێگەی ئەو کۆتایەوە توانیومانە بەشداری بکەین، ئەو هەڵەیە لەوانەیە جۆرێك لە دابڕان لەی نێوان کۆی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دروست بکات، ئەمەش زیانی تەنیا بۆ پێکهاتەیەکی وەك تورکمان نابێت، بەڵکو زیاتر بۆ کۆی سیستمی سیاسیی کوردستان دەبێت و لەبەر چاوی جیهانیش ئەم پێکەوە ژیانەی وەك ئێستا هەیە، بوونی نامێنێت.

## سەگڤان ئەرتیسی


**بەرپرسی نووسینگەی حزبی زەحمەتکێشان لە دهۆک:**

# ئەگەر سەروەریی یاسا هەبووایە و یاسا مافی بۆ هەموو لایەک دەستەبەر بکردایە پێویستمان بە سیستمی کۆتا نەدەبوو

ئەگەر ئێمە وەك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بمانتوانیایە لەسەر بنەمای دەوڵەتدارییەکی دروست و لەژێر سایەی سەروەریی یاسادا مافی هەر هاووڵاتیەك بپارێزین، ئەوا بە قەناعەتی من ئێمە پێویستمان بەوە نەبوو، پەیڕەوی سیستمی کۆتا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بکەین، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تێبینییانەی لەسەر سیستمی کۆتا هەمانە، بوونی لە نەبوونی باشترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مێژووی ئەم ناوچەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، بەردەوام نەتەوەی سەردەست خۆی بەسەر نەتەوە بچووکەکاندا زاڵ کردووە و مافەکانی پێشێل کردوون، بۆیە لە ڕێگەی دابینکردنی کورسیی کۆتاوە هەندێك لە مافەکان بۆ پێکهاتە جیاوازە بچووکەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەم سیستمە دەتوانێت ببێتە چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەی پێکهاتەکان، ئەوا بێگومان نابێتە ئەو فریادڕەسە و کۆی کێشەکانیشی پێ چارەسەر ناکرێت و تەنیا چارەسەرێکی کاتی دەبێت. ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم چارەسەرە بکەینە چارەسەرێکی ڕەهایی بەردەوام، ئەوا دەبێت ئێمە کۆمەڵگەی خۆمان هۆشیار بکەینەوە بۆ ئەوە وەك مرۆڤ سەیری یەکتری بکەن و وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن و، دەوڵەت یاسایەك دابنێت مافی هەموو هاووڵاتییەك بپارێزیت، هەتا ئەگەر نوێنەری پێکهاتەکانیش لەو سیستمە بوونیان نەبێت، مافی ئەوان پارێزراو بێت.



● نەبیل ئاڵتی بەرماخ



● سەگڤان ئەرتیسی

# کەمکردنەوەی کۆتای پێکهاتەکان هەوڵێکە بۆ بەسیاسیکردن و تێکدانی پێکەوەژیان لە کوردستاندا

## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:



د.سالار عوسمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە دەستپێکی بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان»، لە پەیڤێکدا بە ناوی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بازنەی گفتوگۆ بە گەرمی بەخێرهاتنی بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیەی کرد و، دواتر ئاماژەی بەوە کرد، بازنەی گفتوگۆ وەك ئۆرگانێکی سەرەکی و سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە و مانگانە پرسێکی گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی و پرسە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی خەڵك و حوکمڕانی لە وڵاتدا، دەکاتە تایتڵی گفتوگۆیەك و خەڵکانی نیشتمانپەروەری ئەکادیمیست و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان بانگهێشت دەکات، بۆ ئەوەی پێکەوە و وەك ئەرکێکی هاوبەشی نەتەوەیی و نیشتمانی کە لەسەر شانی هەموومانە، گفتوگۆی جددییان لەبارەوە بکەین و، پێشنیار و ڕاسپاردەی تەندروست پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی ببینە هاوکاری بەرپرسانی وڵاتی خۆمان، بۆ ئەوەی بتوانن میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزنەوە.

بەشێکی ئەرکی بازنەی گفتوگۆ، پێکەوە گرێدانەوەی بەشداربووانی بەڕێزی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ هاووڵاتییان لە سەرانسەری کوردستاندا، ئەوجا هەر جارێك، یان ڕاپرسییەکی فراوان ئەنجام دەدەین و داتا و ئامارەکان دەخەینە ڕوو، یان ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە دەکەین و لەسەر سکرین پیشانی دەدەین بۆ ئەوەی زانیاریی ناو گفتوگۆیەکە دەوڵەمەند بکات.

لە ماوەی ١١ مانگی ڕابردوودا ئەمە یانزەهەمین گفتوگۆیە ئەنجامی دەدەین، نەریتی ئەم بازنەیە بەو جۆرەیە کە هەر شەش بازنەی گفتوگۆ لە کتێبێکدا بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ دەکات و، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا پێشکەشی دەکات، تا ئێستا شەش بازنەی یەکەممان لە کتێبیکدا بە ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ نارەزایی خەڵك» چاپ کردووە، دوای تەواوبوونی ئەڵقەی ١٢یەمیش ئەم شەش بازنەیە بە هەمان شێوە و بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ دەکەین و لە ڕێوڕەسمێکدا پێشکەشی دەکەین.

دوای پێشکەشکردنی ئەم پەیڤە کورتە، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گرنگیی کۆتای پێکهاتەکان بەمجۆرە دیدوبۆچوونی خۆی خستەڕوو:

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» ناونیشانێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە ئێستا یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ، بۆیە من وای دەبینم «کۆتای پێکهاتەکان» مەغزایەکی گەورەتری هەیە لەو ١١ کورسییەی بۆ کۆتاکان دیاری کراوە، ئاماژەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی سیاسیی خەڵکی ئێمە و قەناعەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و مۆزائیکێکی نەخشاندووە کە بە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بە هەموو جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییانەوە بە جیهان دەڵێن: پێکەوەژیانی برایانە و لێبووردەیی کەلتووری ئەم نیشتمانەیە.

لەم ڕوانگەیەوە کاتێك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بازنەی گفتوگۆ یەکێك لە ئەڵقەکانی خۆی بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکات، مانای وایە قەناعەتمان بەو جۆرەیە کە دەبێت کاری جددی لەسەر ئەم ڕۆشنبیری و تێگەیشتنە سیاسییە بکەین کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بۆیە زۆر گرنگە لەسەر ئەم بابەتە زۆر بە جددی و کراوەیی قسە بکەین و، زۆر گرنگە پرسی کۆتای پێکهاتەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە لەو چەند کورسییەی پەرلەمانی کوردستاندا بچووك نەکەینەوە.

یەکێك لە خەسڵەتە باشەکانی بازنەی گفتوگۆ، ئەوەیە بیروڕا جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە و بۆ ئەم بازنەیەش نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پسپۆڕانی بانگهێشت کرد، بۆ ئەوەی هەموو بۆچوونە جیاوازەکان ببنە فاکتەرێك بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی جیاواز، بەڵام نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵی دادگەری کوردستان کە بەڵێنیان پێ دابووین ئامادە بن، بەڵام بەداخەوە ناوەکانیان لەسەر مێزی ئەم گفتوگۆیە هەیە، بەڵام خۆیان ئامادە نەبوون.

بابەتی پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردن بە هەموو جیاوازییەکانەوە کە لە چوارچێوە یاساییەکەیدا لە «کۆتای پێکهاتەکان» دا خۆی بەرجەستە دەکات، دەمانگێڕێتەوە بۆ دوو قەناعەت:

یەکەمیان: بەوجۆرە لە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینیی کوردستان دەڕوانێت کە بە یەکتری قبووڵکردن، جیاوازییەکان دەبنە سەرچاوەی هێز بۆ ئەم نیشتمانە، ئەم قەناعەتە کە قەناعەتی پارتی و ڕێبازی بارزانییە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا جەنابی مستەفا بارزانی هەوڵی داوە بۆ ڕسکاندن و پێگەیاندن و گەشەپێدانی، لەم چەند ساڵانەی دواییشدا بەتایبەتی لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا کە بەشی هەرە زۆری قوربانییەکانی دەستی تیرۆریستانی داعش، لە پێکهاتەی برا ئێزدی و کریستیانەکانمان بوون، بینیمان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك مەسعود بارزانی بە سەدان پێشمەرگەی قارەمان گیانی خۆیان فیدا کرد بۆ پاراستنی پێکهاتەکان و پاراستنی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا، ئەم مێژووە و ئەم گیانی قوربانیدانە بۆ پاراستنی پێکەوە ژیان بووەتە ئەو هێزەی کە جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت دەوڵەتی ڤاتیکانیش زۆر بە ئەرێنی و ئیعجابەوە سەیری کەلتوور و شکۆی هەرێمی کوردستان دەکەن.

هەر بۆیە ئەو قەناعەتەی ئەم پێکەوە ژیانەی دروست کردووە و پاراستوویەتی، لەمەش زیاتر بە پێویستی دەزانێت ئەم پێکهاتە بە ڕێگەی تەرخانکردنی کورسیی کۆتاکان، لەناو پرۆسەی یاسادانان و بەشداریکردن لەناو پرۆسەی سیاسی شوێنی خۆیان هەبێت، ئەمەش هەستی هاوبەشی و بەرپرسیاریەتی و هاوبەشی لە نێوان پێکهاتەکان، ئەو قەناعەتەی دروست کردووە، کە ئەویش قەناعەتی ڕێبازی بارزانییە.

ئەوەی دووەمیان کە هەوڵ دەدات، بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی ئەم مۆزائیکە جوانەی کوردستان تێك بدات و داوای کەمکردنەوە، یان نەمانی کۆتا بۆ هەندێك لە پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەم نیشتمانە دەکات، بە ڕاستی ئەمەیان هەوڵێکە بۆ بەسیاسیکردنی کۆتای پێکهاتەکان، بۆیە بیانووەکان هەر چییەك بن، ئەم هەوڵانە لە پێگە و بوونی پێکهاتەکان و ئەو قەناعەتەی پێشتر هەبووە بۆ پێکەوە ژیان کەم دەکاتەوە.

بۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە و ئەو تێگەیشتنە سیاسییە تازەیەی بەو ئاراستەیە دروست بووە، کە پێکهاتەکان بوونی جارانیان نەمێنت، پرسێکی زۆر نەرێنی و تا ئاستێکیش مەترسیدارە، بۆیە دەبێت گفتۆیەك بکەین کە هەموومان بەرەو ئاراستەیە ببات، کە بەرپرسیاریەتیی هاوبەشمان هەیە، دەبێت بۆچوونە جیاوازەکان ببێتە فاکتەری ئەرێنی بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ئەم گرفتەش.

لە دوماهیدا دەمەوێت بۆ مێژوو ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە شەخسی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی سیاسی و ڕۆشنبیریی گەلی کوردستاندا، چەمکی کەمە نەتەوەییەکانی گۆڕی، هەمووومانی گەیاندە قەناعەت کە نەتەوەکان هەموویان یەکن، ئایین و تێگەیشتنە جیاوازەکان بە یەکەوە گرنگن، هەر بۆیە قەدەغەی کرد، کە چەمکی کەمە نەتەوەیی لە ئەدەبیاتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستاندا بەکار بهێنرێت.

**زۆر گرنگە پرسی کۆتای پێکهاتەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە لەو چەند کورسییەی پەرلەمانی کوردستاندا بچووک نەکەینەوە**

**بە ڕابەرایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی بە سەدان پێشمەرگەی قارەمان گیانی خۆیان فیدا کرد بۆ پاراستنی پێکهاتەکان و پاراستنی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا**

**ئەم گیانی قوربانیدانە بۆ پاراستنی پێکەوە ژیان بووەتە ئەو هێزەی کە جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت دەوڵەتی ڤاتیکانیش زۆر بە ئەرێنی و ئیعجابەوە سەیری کەلتوور و شکۆی هەرێمی کوردستان دەکەن**



سەربەست ئامێدی

سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق:

# لە دامەزراندنی ئەنجومەنی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا لە کۆی ١٠٠ کورسی ٣٠ کورسیی کۆتا بووە

سەربەست مستەفا ڕەشید ئامێدی، بۆ ماوەیەکی درێژ سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بووە، لە ئێستاشدا سەرۆکی ڕێکخراوی «ستێپ»ـە بۆ دیموکراتی و هەڵبژاردن و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و خاوەنی ئەزموونێکی زۆری پرۆسەی هەڵبژاردنە جیاوازەکانە و ئەزموونێکی زۆر گەورەشی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» زۆر لە وردی ئاماژەی بە مێژووی بوونی کۆتا لە یاساکانی هەڵبژاردنی عێراق و وڵاتانی عەرەبی کرد و، قسەی لەسەر ئەو تانەیەش کرد، کە لەسەر کۆتاکانی هەرێمی کوردستان دراوەتە دادگای فیدراڵی و بەمجۆرە پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

کاتێـك باسـی کۆتـای پێکهاتـەکان دەکرێـت، هەندێـك لایـەن لـە عێراقـدا دەڵێـن، دانانـی کۆتـا بـۆ پێکهاتـە ئایینـی و نەتەوەییـە جیـاوازەکان، داهێنراوێکـی ئەمریکایـە و لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ هاتووەتـە عێـراق و پێشـتر کۆتـا بوونـی نەبـووە، بـەڵام ئـەم تێڕوانینـە هەڵەیـە و بـێ ئاگایـی لـە مێـژووی دەوڵەتـی عێـراق پیشـان دەدات.

عێراق لـەو کاتـەوەی بەریتانیـا داگیـری کـرد و شا فەیسـەڵ کرایـە یەکەمیـن پادشـای عێراق، شا فەیسـەڵ بە هـاوکاری لەگـەڵ دەسـەڵاتی بەریتانی هەوڵیـان دا ئەنجومەنێـك دابمەزرێنـن بـۆ نووسـینی دەسـتوور بـۆ وڵات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن شا فەیسـەڵەوە سیسـتمی هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی دامەزراندنـی عێراقـی لـە سـاڵی ١٩٢٢ ڕاگەیاند، ئەم ئەنجومەنـە کـە لـە ١٠٠ کورسـی پێـك دەهات، ٣٠ کورسـییان کۆتـا بـوون، ئـەم ژمارەیـەش بـەو جـۆرە دابـەش کرابـوون کـە «٢٠ کورسـی بـۆ خێڵـەکان، ٥ کورسـی بـۆ کریسـتیانەکان، ٥ کورسـی بـۆ جـووەکان» بـوون.

لە ساڵی ١٩٢٤ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق دەرچـوو، لـەم یاسایەشـدا ڕێـژەی کورسـیی کۆتـا کـەم کرایـەوە بـۆ هەشـت کورسـی، ئەمـەش واتـە چوار کورسیی کۆتا بۆ کریستیانەکان و چـوار کورسـیی کۆتـا بـۆ جـووەکان دانـراون، کـە لـە یاساکەدا بـە «مووسـایی» نـاو بـراون.

لـە یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق ژمـارە ١١ لـە سـاڵی ١٩٤٦، بـە هـۆی گۆڕانکارییەکانـی بـاری ناوخۆیـی و نێودەوڵەتـی و هاتنـی ئـەوەی پێـی دەڵێـن «شـۆڕشی ئەفسـەران – ثـورة الضبـاط» کـە خەڵکانێکـی قەومـی بـوون، بارودۆخـی کۆتـا گـۆڕانـکاری بەسـەردا هـات و، چـوار کورسـییە کۆتاکـەی «جوو»یـان لا بـرد، بـەڵام کۆتـای کریسـتیانەکان بـوو بـە شـەش کورسـی، مووسـڵ و بەغـدا هـەر یەکەیـان کورسـییەکی کۆتایان بـۆ کریسـتیانەکان زیـاد کـرد.

لـە یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق ژمـارە ٥٣ بـۆ سـاڵی ١٩٥٦، ژمـارەی کۆتـای کریسـتیانەکان زیـاد کـرا بـۆ ٨ کورسـی و دابەش کران بەسەر پارێزگاکاندا (موسڵ ٣، بەغدا ٣، بەسـرا ١، کەرکـووك ١)، دانانـی کورسـییەکی کۆتـا بـۆ کریسـتیانەکانی کەرکـووك لەبـەر ئـەوە بـوو، کـە دوای دامەزراندنـی کۆمپانیـای نەوتـی باکـوور، زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو خەڵکانـەی لـەو کۆمپانیایـە کاریـان دەکـرد، کریسـتیان بـوون.

لە ماوەی ساڵانی دوای ١٩٥٨ کە بە قۆناغی ناسـەقامگیری و کودەتـاکان نـاو دەبرێـت، هەتـا ساڵی ١٩٨٠ هیچ هەڵبژاردنێك لە عێراق نەکراوە، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٦٧ یاسـایەکی بـاش بـۆ هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نوێنـەران دانـرا، بـەڵام هەتـا ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نیشـتمانیی عێراقـی «المجلـس الوطنـي العراقـي» هیچ هەڵبژاردنێك نەکرا، ئەو کاتیش کۆتا بوونی نەبـوو، یاسـای ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٩٥ گـۆڕا، بـەڵام لـەم یاسایەشـدا هیـچ کورسییەکی کۆتـای تیـا نەبـوو.

**دانانی کورسییەکی کۆتا بۆ کریستیانەکانی کەرکووک لەبەر ئەوە بوو، کە دوای دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی باکوور، زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکانەی لەو کۆمپانیایە کاریان دەکرد، کریستیان بوون**

لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ و گۆڕینـی ڕژێمـی پێشـوو، هەڵبژاردنـی خولـی یەکەمـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٥ ئەنجـام درا، ئـەم هەڵبژاردنـە بەپێـی یاسـای ژمـارە ١٦ی سـاڵی ٢٠٠٥ ئەنجام درا، لەم یاسایەدا هیچ ژمارەیەك بۆ کۆتـا دانەنرابـوو، بـەڵام ٤٥ کورسـی وەك کورسـیی قەرەبوو دانرابوون بۆ ئەو لایەنانەی پێکهاتـەکان کە نەیانتوانیبـوو لەسـەر ئاسـتی پارێزگاکەیـان کورسـی بەدەست بهێنـن، بـەڵام لـە تێکـڕای نرخـی کورسـی لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی دەنگـی پێویسـتیان بەدەست هێنابـوو، بـۆ ئـەوەی کورسـی وەربگـرن، لـەو کورسـیی قەرەبووانـە کورسـییان پـێ دەدان.

لـە سـاڵی ٢٠٠٩ یاسـای ژمـارە ٢٦ی هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق دەرچـوو، کـە ئـەم یاسـایە هەموارکردنـەوەی یاسـای ژمـارە ١٦ی سـاڵی ٢٠٠٥ بـوو، بەپێـی ئـەم یاسـایە بـۆ یەکەمجـار کۆتـای پێکهاتـەکان بـە شـێوەیەکی فـراوان دیـاری کـران بەمجـۆرە:

- پێکهاتـەی کریسـتیان ٦ کورسـیی کۆتـا لـە بەغـدا، نەینـەوا، هەولێـر، دهـۆك، کەرکـووك.
- پێکهاتـەی سـائیبەی مەندائـی یـەك کورسـیی کۆتـا لـە بەغـدا.
- پێکهاتـەی شـەبەك یـەك کورسـیی کۆتـا لـە نەینـەوا.
- پێکهاتـەی ئێـزدی یـەك کورسـیی کۆتـا لـە نەینـەوا.
- عێراقیش کرایـە یـەك بازنەیـی بـۆ هەڵبژاردنـی کورسـیی کۆتـاکان.

**یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٥ گۆڕا، بەڵام لەم یاسایەشدا هیچ کورسییەکی کۆتای تیا نەبوو**

لـە سـاڵی ٢٠١٨ هەمـواری یەکـەم بـۆ یاسـای



**کاتی خۆی پێشنیارێکم داوەتە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و پێشنیارم کردووە ژمارەی کورسیی کۆتاکانی کوردستان زیاد بکرێن و هەردوو پێکهاتەی ئایینی «ئێزدی و کاکەیی» هەر یەکەیان کورسییەکیان بۆ زیاد بکرێ**

**جێگەی سەرسوڕمان دەبێت هەر دوای دوو سێ مانگ دادگای فیدراڵی بڕیارەکەی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان بگۆڕێت و بڕیارێکی دیکە دەر بکات**

ژمارە ٤٥ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ساڵی ٢٠١٣ کرا، لەم هەموارکردنەوەیەدا دەستکاریی کورسیی کۆتاکان کرا، بەڵام کورسییەکی کۆتا بۆ کوردە فەیلییەکان لە پارێزگای واست زیاد کرا، بەڵام دیسان عێراق وەك یەك بازنە بۆ هەڵبژاردنی کورسیی کۆتاکان دیاری کرا.

- لە هەرێمی کوردستان و لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ کە دواتر حکومەتی عێراق دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە کوردستان کشاندەوە، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە یەکی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرکرد، کە بە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ ناودەبرێت و تا ئێستا چەندین جار هەموار کراوەتەوە، لەم یاسایەدا بۆ یەکەمین جار پێنج کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی «کلد و سریان و ئاشووری» وەك پێکهاتەی نەتەوەیی، نەك ئایینی دیاری کرا.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار کرایەوە و لەم یاسایەدا پێنج کورسییە کۆتاکەی «کلد و سریان و ئاشووری» وەك خۆی مایەوە و پێنج کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان و کورسیەکیش بۆ پێکهاتەی ئەرمەن زیاد کرا.

• لێرەوە ئەگەر ئاماژە بە کۆتا بکەین لەناو یاسای هەڵبژاردنەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبیدا، ئەوا لە یاسای هەڵبژاردنی لوبناندا، هەر لە بنەڕەتەوە بازنەکانی هەڵبژاردن لەسەر جیاوازی پێکهاتەکان دیاری کراون، کە بریتین لە بازنەکانی «سوننە، شیعە، دروز، کریستیان»، لەمەش زیاتر کریستیانەکانیش لەسەر بازنەی جیاواز دابەش کراون کە بریتین لە «مەوارنە، ڕۆمی کاسۆلیك، ڕۆمی ئەرسۆزکس، ڕۆمی کاسۆلیك، ئینجیلییەکان، ئەرمەنی ئەرسۆزکس، ئەرمەنی کاسۆلیك».

لە شانشینی ئوردەنی هاشمیدا و بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئوردەن، بەپێی ئەم یاسایە ئوردەن دابەش دەبێت بەسەر ١٨ بازنەی پارێزگاکاندا، لەگەڵ بازنەیەك لەسەر ئاستی تەواوی ئوردەن، لەناو ئەم ١٨ بازنەیەدا کۆتا بۆ پێکهاتەکان دیاری کراوە، کریستیانەکان لەسەر ئاستی ئەم بازنانەی هەڵبژاردن «عەممانی پایتەخت، ئربد، بەلقا، کەرك، زەرقا، مئادبە، عەجلون» کە دەکاتە ٧ کورسیی کۆتا بۆیان دیاری کراوە، شەرکەس ٢ کورسیی کۆتایان بۆ دیاری کراوە لە عەممانی پایتەخت و پارێزگای زەرقا، شیشانی ٢ کورسیی کۆتایان لە هەر دوو بازنەی عەممانی پایتەخت و پارێزگای زەرقا بۆ دیاری کراوە.

لە میسر بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٤٦ی ساڵی ٢٠١٤، لەم یاسایەدا هیچ کورسییەك بۆ پێکهاتە و کەمینەکان دیاری نەکراوە، بەڵام بەپێی ماددەی ٥ی ئەم یاسایە مەرجی ئەوە دانراوە، ناوی نوێنەرانی ژمارەیەك توێژ لە لیستەکانی هەڵبژاردن دابنرێت و لە ناویاندا کریستیانەکانیش بەم شێوەیە «ئەگەر بازنەیەکی هەڵبژاردن ١٥ کورسی لە خۆی بگرێت، دەبێت کاندیدەکان دابەش بکرێن بەمجۆرە: ٣ کاندید کریستیان، ٢ کاندید نوێنەرانی کرێکار و جووتیاران، دوو کاندید لە گەنج، کاندیدێك بۆ خاوەنی پێداوستیی تایبەت، کاندیدێك لە میسرییەکانی هەندەران، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە دەبێت ژمارەی کاندیدی ئافرەت لەناو کاندیدەکاندا لە ٧ کاندید کەمتر نەبێت. بەڵام ئەگەر بازنەی هەڵبژاردن ٤٥ کورسی لە خۆی بگرێت، ئەوا کاندیدەکان بەمجۆرە دابەش دەکرێن: کریستیان ٩ کاندید، کرێکار و جووتیاران ٦ کاندید، گەنجان ٦ کاندید، خاوەن پێداویستیی تایبەت ٣ کاندید، میسرییەکانی هەندەران ٣ کاندید، ڕێژەی ئافرەت لەناو کاندیدەکان لانی کەمی ٢١ کاندید بێت.

سەبارەت بە کۆتاکانی هەرێمی کوردستانیش، کاتی خۆی پێشنیارێکم داوەتە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و پێشنیارم کردووە ژمارەی کورسیی کۆتاکانی کوردستان زیاد بکرێن و هەردوو پێکهاتەی ئایینی «ئێزدی و کاکەیی» هەر یەکەیان کورسییەکیان بۆ زیاد بکرێت، کۆتای ئێزدییەکان بدرێتە پارێزگای دهۆك، هەروەها کۆتای کاکەییەکانیش بدرێتە پارێزگای هەڵەبجە، پێکهاتەکانی دیکەش بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بکرێن، بۆ کۆتای کریستیانەکان بەمجۆرە دابەش بکرێت: ٢ کۆتا بۆ هەولێر، ٢ کۆتا بۆ دهۆك، یەك کۆتا بۆ سلێمانی، کۆتای تورکمانەکانیش ٤ کۆتا بۆ هەولێر، ١ کۆتا بۆ سلێمانی».

سەبارەت بەو تانەیەی لەسەر پرسی کۆتاکانیش دراوەتە دادگای فیدراڵی من یەک دوو تێبینیم هەیە کە بریتین لە:

١- لە ساڵی ٢٠٢٣ یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ جاری سێیەم هەموار کرایەوە، لەسەر ئەم هەموارکردنەوەیە و سەبارەت بە کۆتای پێکهاتەکان چەند تانەیەك لە یاساکە درا، بەڵام سەرەنجام دادگای فیدراڵی بڕیاری دا، بەوەی دەبێت بازنەی هەڵبژاردن بۆ کۆتاکان لەسەر ئاستی عێراق یەك بازنە بێت، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان دەبێت هەر دوای دوو سێ مانگ دادگای فیدراڵی بڕیارەکەی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان بگۆڕێت و بڕیارێکی دیکە دەر بکات.

٢- هەر سەبارەت بە تانەی ئێزدییەکان کە داوایان دەکرد، کورسییەکی کۆتاش بۆ ئێزدی لە پارێزگای دهۆك زیاد بکرێت، بەڵام دادگا ئەم تانەیەی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی هەتا سەرژمێری نەکرێت، ناتوانرێت زیادی بکەن، هەر لەسەر ئەم بنەمایە من مەزندە ناکەم دادگای فیدراڵی ئەو هەقە بدات بە خۆی دەستکاری کۆتای برا تورکمانەکان بکات.

٣- ئەگەر بیانوو بە هەموارکردنەوەکەی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بگرن و بڵێن ئەو هەموارکردنەوەیە دەستووری نییە، ئەوا دەبێت پێمان بڵێت، لەسەر چ بنەمایەك نادەستوورییە، چونکە هەمان پرنسیپ لە هەڵبژاردنەکانی عێراقیش پەیڕەو دەکرێت.

کۆمیسیۆن دەبێت ماوەیەکی باش بۆ تۆمارکرنی دەنگدەران دابنێت، دەنگدەری پێکهاتەکانیش ئازاد بن ناوی خۆیان تۆمار بکەن لە تۆماری تایبەت بو هەر پێکهاتەیەك کە کورسییان هەیە لە پەرلەمان، ئەو کات دەتوانن تەنیا دەنگ بو کاندیدی پێکهاتەکان بدەن. ئەوەی خوی تۆمار نەکات لەو تۆمارانە ناتوانێت دەنگ بو کاندیدی کورسیی پێکهاتەکان بدات.

بەڵام بە مەرجێك تۆمارکرن ئارەزومەندانە بێت، نەك لەسەر ئەساسی ناو لەلای کۆمیسیۆن، چونکە ئێستا دانانی تۆماری تایبەت بۆ دەنگدەری هەر پێکهاتەیەك داوای هەموو پێکهاتەکانە.

ئەوەی دەمێنێتەوە و دەمەوێت لە کۆتاییدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان داوای جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چ دەقێك لە دەستوور، یا لە یاسادا هەیە کە ڕێگە نەدات من دەنگ بە کاندیکی ئەرمەن بدەم، یان هاووڵاتییەکی ئەرمەن ئەگەر من کاندید بم، نەتوانێت دەنگم پێ بدات، بەڵام بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە. کۆمیسیۆن دەبێت ماوەیەکی باش بۆ تۆمارکرنی دەنگدەران



دابنێت و دەنگدەری پێکهاتەکان ئازاد بن ناوی خویان تۆمار بکەن لە تۆماری تایبەت بۆ هەر پێکهاتەیەك کە کورسییان هەیە لە پەرلەمان، ئەو کات دەتوانن تەنیا دەنگ بۆ کاندیدی پێکهاتەکان بدەن. ئەوەشی خوی تۆمار نەکات لەو تۆمارانە ناتوانێت دەنگ بۆ کاندیدی کورسیی پێکهاتەکان بدات. بەڵام بە مەرجێك تۆمارکردن ئارەزوومەندانە بێت، نەك لەسەر ئەساسی ناو لە لای کۆمیسیۆن، چونکە ئێستا دانانی تۆماری تایبەت بو دەنگدەری هەر پێکهاتەیەك داوای هەموو پێکهاتەکانە. ئەوەش دوای ئەوە دێت کە لە دەقی ئەسڵی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ ئاماژە بە تۆماری تایبەت بە هەر پێکهاتەیەك کراوە.



**مونا قەهوەچی**

سکرتێری پێشووی پەرلەمانی کوردستان:

# نەمانی کۆتا بۆ پێکهاتەی تورکمان واتە سڕینەوەی ئەو پێکهاتە و بەرخۆدانەشە کە پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان کردوومانە

**مونا نەبی نادر عەبدوڵڵا، ناسراو بە «مونا قەهوەچی» یاساناس و سیاسەتمەداری دیاری کوردستانە و جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمانە و، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا ئەندامی پەرلەمان بووە و، سەرۆکی فراکسیۆنی چاکسازیی تورکمانی بووە و لە خولی پێنجەمیشدا سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» بەمجۆرە داکۆکی لە مافی پێکهاتەکان کرد و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

پرسی کۆتا، پرسێکی گرنگە و پەیوەستە بە مافی پێکهاتەکان، بۆیە دەبێت بە ڕاشکاوی قسەی لەسەر بکەین. من وەك نوێنەری پێکهاتەکان، زۆر نیگەرانم لەوەی کە نوێنەرانی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵی دادگەری» بانگهێشت کرابوون بۆ ئەم گفتوگۆیە و ناوەکانیان لە شوێنی تایبەتی خۆیان نووسراوە، بەڵام ئامادە نەبوون، ئەم گفتوگۆیە گرنگە لەبەر ئەوەی قسە لەسەر پرسی «کۆتا و هەڵبژاردن» دەکەین و کۆتای پێکهاتەکانیش بە یاسا ڕێك خراوە.

ئێمە لە کوردستان وەك پێکهاتە جیاوازەکان «تورکمان، کلد و سریان و ئاشووری و ئەرمەن» کارمان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکان و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام لە کۆتا خولی پەرلەمانی کوردستاندا (خولی پێنجەم) و لە کۆتا ڕۆژەکانی ئەم خولەدا لەسەر کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی

باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان گرژییەك دروست بوو، کە بە دەستی خۆمان ئەم کۆمیسیۆنەمان پەك خست.

لە ماوەی چوار ساڵی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ئێمە هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بوو کە کۆمیسیۆنی خۆمان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین لێرە لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی خۆمان بکەین و بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لە کوردستان ئەنجام بدەین، بەڵام زۆر جێگەی داخە، پرسێك پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئێمە بچین لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە دوای چارەسەریدا بگەڕێین، بچین تانە پێشکەشی دادگای فیدراڵی بکەین لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و نەهێشتنی کۆتای پێکهاتەکان کە بێگومان کۆتای تورکمان بە دیاریکراوی، واتە گەڕانەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کە ئەمەش بە ڕاستی گەڕانەوە و پاشەکشەیە لەو بەرەوپێشەوەچوونەی لە پێکەوەژیان لە کوردستان هاتووەتە ئاراوە. هەروەها پاشەکشەیە لە پرۆسەی دیموکراتی، هەتا ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان سەرژمێرییەکی تەواو نەکراوە، تا بزانین ژمارەی دانیشتووانی ئێمە چەندە، بۆیە کۆتامان قبووڵ کردووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە نەتوانین نەمانی کۆتا قبووڵ بکەین.

نەمانی کۆتا بۆ پێکهاتەی تورکمان واتە سڕینەوەی ئەو پێکهاتەیە، سڕینەوەی ئەو بەرخۆدانەشە کە هاوشانی برا کوردەکانمان و پێکهاتەکانی دیکە بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕۆژە و ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان پێکەوە کردوومانە.

ئێمە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٤ وەك پێکهاتەی تورکمان کۆتامان نەبووە و نوێنەرمان لە پەرلەمانی کوردستان نەبوو، زەرووەرتی بوونی نوێنەری تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە فەرزی کرد، یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە و شەش کورسیی کۆتا زیاد بکرێت، کە پێنجیان بۆ پێکهاتەی تورکمان و یەکێکیشیان بۆ پێکهاتەی ئەرمەن بوو، ئەم هەنگاوە بۆیە نرا، بۆ ئەوەی سیمای پێکەوە ژیان جوانتر بێت و ڕەگەکانی باشتر لە هەرێمی کوردستاندا خۆی دابکوتێت.

جێگەی داخە، هەندێك لایەنی سیاسی بیر لەوە ناکەنەوە، ئەگەر ئێمە نوێنەرمان لە ناو پەرلەمان نەبوو، کێ لە بری ئێمە قسە دەکات و داکۆکی لە مافەکانی تورکمان دەکات، یان دەچن لە دژی ئێمە سکاڵا تۆمار دەکەن و تانە لە یاسای هەڵبژاردنی کوردستان دەدەن و، دەیانەوێت خۆیان بکەنە خاوەنی ئیرادەی هەموو پێکهاتەکان بە تورکمان و کلد و سریان و ئاشووری و ئەرمەنیشەوە.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان چوار پرۆژەی لەلایەن ئایین و ئایینزاکان (کاکەیی، ئێزدی، شەبەك و سائیبەی مەندائی) پێشکەش کراوە، بۆ کورسیی کۆتا بۆ ئەوانیش زیاد بکرێن، هەر بۆیە ئێمە لە بری ئەوەی کار بۆ ئەوە بکەین کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتە ئایینەکانی دیکە زیاد بکەین، هەوڵەکان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆتای نەتەوەکان پەك بخرێت، یان هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەم جۆرە هەوڵانە خۆی لە خۆیدا سەنگەرگرتن و دوژمنکارییە بەرانبەر ئەو پێکهاتەیە، بۆیە هەر حزبێکی سیاسیی کوردستان بەردەوام بێت لەسەر ئەم سەنگەرگرتنە و سوور بێت لەسەر ئەوەی کورسیی کۆتا نەمێنێت، ئەوا دەبێت دڵنیا بێت ئەو لایەنە هۆکار بووە لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی پێکهاتەکان.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا چ حزبێکی کوردستانی لە «پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی دادگەری» لە پێکهاتەکانی تورکمان و کلد و سریان و ئاشووری و ئەرمەن لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی وەرنەگرتووە؟ باشە بۆچی بۆ حزبە سیاسییەکان ڕەوایە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان دەنگ بە لیستەکانیان بدەن، بۆچی کوفرە بۆ پێکهاتەکان لە دەرەوەی خۆیان دەنگیان پێ بدرێت؟ ئایا لە یاسادا هاتووە کە کاندیدی پێکهاتەکان بەگشتی و تورکمان بەتایبەتی تەنیا لە بازنەیەکی دیاریکراودا دەنگیان پێ بدرێت، هەر بۆیە ئەگەر دەتانەوێت، ئەمە

**زۆر جێگەی داخە، پرسێك پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئێمە بچین لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە دوای چارەسەریدا بگەڕێین**

**نەمانی کۆتا بۆ پێکهاتەی تورکمان واتە سڕینەوەی ئەو پێکهاتەیە، سڕینەوەی ئەو بەرخۆدانەشە کە هاوشانی برا کوردەکانمان و پێکهاتەکانی دیکە بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕۆژە و ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان پێکەوە کردوومانە**



**پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی پەک خرا، هەر بۆیە ئێمە ئێستا دامەزراوەی یاسادانانمان نییە و ناتوانین یاسا دەربکەین**

**هەندێک لە لایەنە سیاسییەکان تۆمەتبارمان دەکەن، بەوەی ئێمە لە پارتی پارتیترین، ئەمە تۆمەتێکە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، پێکهاتەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش باوەڕیان بە پەیڕەوێکە کە ئەویش سەقامگیری هەرێمی کوردستانە**

**کۆتا بمێنێت، یان نەمێنێت، تورکمان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان هەر دەبێت**

نەمێنێت، فەرموو یاساکە هەموار بکەنەوە، ئێمەش لەگەڵ هەمواركردنەوەكەی دەبین، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی پەك خرا، هەر بۆیە ئێمە ئێستا دامەزراوەی یاسادانانمان نییە و ناتوانین یاسا دەربکەین.

کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی نوێنەریان لە پەرلەمان هەبێت، گرنگن بۆ سەقامگیری و پێکەوەژیان و شکۆی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، کاتێك شاندی وڵاتان و نوێنەرەکانیان دەبینن لە کوردستان مافی پێکهاتەکان پارێزراوە و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان ڕێزیان دەگرن، ئەوا بە ئاستێکی بەرز سەیری ئەو پێکەوە ژیانەی کوردستان دەکەن.

لایەنێکی دیکە کە هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان تۆمەتبارمان دەکەن، بەوەی ئێمە لە پارتی پارتیترین، ئەمە تۆمەتێکە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، پێکهاتەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش باوەڕیان بە پەیڕەوێکە کە ئەویش سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە لە پێناوی ئەم سەقامگیرییە هەر حزبێکی سیاسی داکۆکی لە مافی پێکهاتەکان بکات، ئێمە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو حزبە دەکەین. هەر بۆ نموونە ئێمە وەك تورکمان تەنیا پێنج کورسیمان لە پەرلەمان هەیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش ١٠ پەرلەمانتار مافی ئەوەی هەیە پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بکات، باشە ئەگەر ئێمە لەگەڵ حزبێك هاوپەیمانی نەکەین، چۆن دەتوانین پڕۆژە یاسایەك بۆ نەتەوەی خۆمان پێشکەش بکەین؟ بۆیە ئێمە ناچارین هاوپەیمانی دروست بکەین، ئێمە لە خولی ڕابردوو توانیمان دوو بڕیار دەر بکەین، کە بریتی بوون لە «ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی تورکمانی و ڕۆژی زمان و کەلتووری تورکمانی»، لە بەرانبەر ئەو دوو بڕیارە چەند حزبێك کە فراکسیۆنیان هەیە لە ناو پەرلەمان، نەك پشتیان نەگرتین، بەڵکو بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد و ڕێگەیان نەدا ببێتە یاسا و تەنیا وەك بڕیار دەرچوون، کە حاڵەتی لەم جۆرە دەبینین، بەدگومانیمان لا دروست دەبێت، باشە ئەگەر سبەینێ ئەو حزبانە لە جێگەی ئێمە بڕیار بدەن، ئایا چ گەرەنتییەك هەیە کە بڕیار نەدەن لە کوردستان دەرمان بکەن؟ یان هەندێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان باس لەوە دەکەن و دەڵێن: با پێکهاتەکان لە حزبەکانی خۆیان خەڵك کاندید بکەن بۆ پەرلەمان، لە وەڵامی ئەوانەشدا دەڵێین: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی هەموو خولەکانی پەرلەمان، پێکهاتەی تورکمان کاندیدی حزبە تورکمانییەکان بوون، ئەوجا یان بە ڕێگەی لیستی تایبەت، یان لیستی هاوپەیمان لە هەڵبژاردنەکان بەشدارییان کردووە، هەروەها ڕێگریش نەبووین کە کەسایەتی بۆ پەرلەمان خۆی کاندید بکات، لەلایەکی دیکەش حزبە سیاسییە تورکمانییەکانیش وەك هەموو حزبەکانی دیکەی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و بەغداش مۆڵەتی یاساییان هەیە.

هەندێك لایەنی دیکە باس لە جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان دەکەن. پرسیار ئەوەیە ئایا هیچ دەقێکی یاسایی، یان دەستووری هەیە کە ڕێگری بکات لەوەی هاووڵاتییەکی کوردستان دەنگ بە چ





هاووڵاتییەکی دیکەی کوردستان بدات، یان هاووڵاتییانی پێکهاتە جیاوازەکان بە هاووڵاتی کوردستان لەقەڵەم نادەن؟ بۆیە گرنگە ڕەچاوی یەکسانی و دادپەروەری بکرێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەویش ئەو پرۆژە یاسایانە بوو فراکسیۆنە جیاوازەکان پێشکەشی پەرلەمانیان کردبوو، من خۆم سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بووم، هەموو پرۆژە یاساکانم لایە، هەم ئەوانەی داوایان کردبوو بازنەی هەڵبژاردنەکان بکرێنە چوار بازنە، هەم ئەو پرۆژانەشی کە داوایان کردبوو، پێکهاتەکان دابەشی سەر بازنەکان بکرێن، لەسەر ئەم پرسە ئێمە کێشەمان نییە کە هەڵبژاردنی گشتی لەسەر یەك بازنەیە، یان چوار بازنە، ئەوە زیاتر دەکەوێتە سەر ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کۆتاکانەوە هەیە، بۆچی دەبێت کۆتا دابەشی سەر بازنەکان بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر ئاستی عێراق بازنەی پێکهاتەکان یەك بازنەیە؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بڕیار درا، کۆبوونەوەیەك بکرێت کە تیایدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و نوێنەری پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان ئامادە بن، لەو کۆبوونەوەیەدا کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئامادە بوون، **٢٥** کەس نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانیان دەکرد، لەم **٢٥** نوێنەرە تەنیا دوو کەسیان لەگەڵ ئەوە بوون کە کۆتای پێکهاتەکان دابەشی سەر بازنەکان بکرێت، **٢٣** نوێنەریان لەگەڵ ئەوە بوون کۆتای پێکهاتەکان تەنیا یەك بازنە بێت.

لە دوماهیدا، من وەك کەسێکی یاسایی دەمەوێت، باس لە دادگای فیدراڵی بکەم، دەبوو دادگای فیدراڵی هەر لە بنەڕەتەوە ئەو داوایەی ڕەت بکردایەتەوە، لە بەر چەند هۆکارێك دەبێت دادگای فیدراڵی ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکان بکات بە یەکسانی و دادپەروەری، هەر بۆیە لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە، کۆتا بمێنێت، یان نەمێنێت، تورکمان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان هەر دەبێت.



ئەكەد موراد

نوێنەری بزووتنەوەی دیموكراتیی ئاشووری:

# ئەزموونی دیموكراتیی هەرێمی كوردستان بە دیدێكی زۆر نیشتمانی و تێگەیشتن لە چەمكی هاووڵاتیبوون و یەكتری قبووڵكردن بونیاد نرا، نابێت پاشەكشە بكات

ئەكەد موراد ئەندامی ئەنجومەنی یەكەمین سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانە و لەم گفتوگۆیەشدا «هەڵبژاردن و كۆتای پێكهاتەكان»، وەك نوێنەری كریستیان و ئاشوورییەكان بەشدار بوو، جیا لەوەش كە باسی مێژووی قوربانیدانی گەلی ئاشووری كرد، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، هەروەها جەختی لەسەر گرنگیی سیستمی كۆتا كردەوە كە لە هەرێمی كوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە پێنج كورسیی كۆتای بۆ نەتەوەی «كلد و سریان و ئاشووری» تەرخان كردووە و بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەكانی خستە ڕوو:

ئەگەر باس لە پرسی کۆتا بۆ نەتەوە بچووکەکان بکەین لەسەر ئاستی عێراق، ئەوا ئێمە وەك نەتەوە ئاماژەمان پێ نەکراوە، بەڵکو تەنیا وەك پێڕەوانی ئایینی کریستیانی بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ بەرەی کوردستانی بڕیاری دا، لە یەکەم هەڵبژاردن لە کوردستان بۆ یەکەمین جار پێنج کورسیی کۆتا بۆ نەتەوەی ئاشووری تەرخان کرا، ئەم هەنگاوەی بەرەی کوردستانی بێگومان بناغەیەکی هەبوو و ئەو بناغەیەش لەبەرچاو گیرابوو کە بریتین لە:

- ئێمە وەك نەتەوەی ئاشووری خەڵکی ڕەسەنی ئەم نیشتمانەین.
- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ئێمە خەباتمان کردووە و قوربانیمان داوە.
- لە شۆڕشەکانی کوردستاندا بەشداریمان کردووە و شەهید و قوربانیمان داوە و ناوچە و گوندەکانی ئێمە هاوشێوەی برایانی کورد کاول کراون و خەڵکەکەی ڕاگوێزراون.
- حکومەتی عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە شێوازێکی زۆر شۆڤێنییانە مامەڵەی لەگەڵ نەتەوەی ئاشووری کرد، چەندین سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی ئاشووری دەستگیر کرد و، تەنیا لەبەر ئەوەی ئاشووری بوون لە سێدارەی دان، یەکێك لە سەرکردەکان ناوی یوسف تۆما بوو، پێیان گوت: حاشا لە نەتەوەکەت بکە و بڵێ ئاشووری نیم، ئازادت دەکەین، بەڵام لەبەردەمی پەتی سێدارە پێی گوتن: «من وەك ئاشووری لەدایك بووم و وەك ئاشووریش دەمرم».

هەڵوەستەکردنم لەسەر ئەم باکگراوندە بۆ ئەوە بوو، بڵێم: لە عێراقدا هەمیشە نەتەوەی سەردەست زوڵمی لەو نەتەوە و ئەو پێکهاتانە کردووە کە بە ژمارە لە عەرەبی عێراق کەمترن.

ئاشکرایە، دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرا، ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەموویان قوتابیی قوتابخانە و زانکۆکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، بۆیە دید و بۆچوونیان زۆر «قەومی و شۆڤێنی» بوو و، بەرانبەریان قبووڵ نەدەکرد، ئەوجا لە هەر نەتەوە و پیکهاتەیەك بێت.

دوای ئەوەی عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەکەمین جار گرووپێکی گەورە لە کەسایەتییە دیارەکانی ئاشووری لە ئامێدی کۆبوونەوە و بەیانێکیان ئامادە کرد، بۆ ئەوەی بیدەنە دەسەڵاتدارانی عێراقی، ئەم بەیانە یەکەم ئەزموونی سەرکەوتوو دەبوو، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عێراق بە ئەقڵانی مامەڵەیان لەگەڵ بکردایە، لە بەیانەکەدا داوایان کردبوو کە «ناوچەی دهۆك و ناوچەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا بکرێنە ئیدارەیەك و ئەم ئیدارەیە بە هاوبەشی لەلایەن کورد و ئاشوورییەوە بەڕێوە ببرێت، هەروەها داوایان کردبوو خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خۆمان بێت لە قوتابخانەکان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانمان بۆ دابین بکەن». ئەگەر ئەو کات ئەمە بکرایە زۆر سەرکەوتوو دەبوو، بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەکی زۆر نائەقڵانی و شۆڤێنییانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم داواکارییە سادەیە کرد.

ئێوە هەمووتان کارەساتی ساڵی ١٩٣٣ی ناوچەی سێمێلتان خوێندووەتەوە کە چۆن هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچەیە و دانیشتووانەکەیان کۆمەڵکوژ کرد و زیاتر لە ٥٨ گوند کاول کران و زیاتر لە ٦٠٠٠ هاووڵاتیشمان بوون بە قوربانی.

ئەم کارەساتەی سێمێل بۆ ئاشوورییەکان بووە وانەیەك و بڕیاریان دا، لەسەر ئاستی دەرەوەی عێراق درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن، بۆ ئەمەش چەند دامەزراوە و بزووتنەوەیان دامەزراند، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داکۆکی لە مافی نەتەوەی ئێمە بکەن. بەڵام حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بە شێوازی جیاواز هەوڵیان دا، ئەوانیش لە دەرەوەی وڵات سەرکوت بکەن، بۆ ئەوەی دەنگی ئێمە نەگاتە کۆمەڵەی گەلان و ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەگەر لەناو ئەم مێژووە پڕکارەسات و شۆڤێنییەوە سەیری ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان بکەین، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی گشتیی خەڵکی کوردستان دامەزرا، بە بۆچوونی من هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ پاکترین و بێگەردترین هەڵبژاردن

**ئەگەر باس لە پرسی کۆتا بۆ نەتەوە بچووکەکان بکەین لەسەر ئاستی عێراق، ئەوا ئێمە وەک نەتەوە ئاماژەمان پێ نەکراوە**

**لە شۆڕشەکانی کوردستاندا بەشداریمان کردووە و شەهید و قوربانیمان داوە و ناوچە و گوندەکانی ئێمە هاوشێوەی برایانی کورد کاول کراون و خەڵکەکەی ڕاگوێزراون**

**یەکێک لە سەرکردەکان بە ناوی یوسف تۆما پێیان گوت: حاشا لە نەتەوەکەت بکە و بڵێ ئاشووری نیم، ئازادت دەکەین، بەڵام لەبەردەمی پەتی سێدارە پێی گوتن: «من وەک ئاشووری لەدایک بووم و وەک ئاشووریش دەمرم»**



**هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ پاکترین و بێگەردترین هەڵبژاردن بووە لە مێژووی هەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا**

**شەهید فرەنسۆ هەریری پێی گوتم «منیان دانابوو کە خۆم لە لیستی کۆتای کریستیانەکان کاندید بکەم، من پێیانم گوت، خەباتی من لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دەمەوێت لە ناو لیستی پارتی خۆم کاندید بکەم»**

**هیوادارم لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ئەزموونی دیموکراتیی حزبە سیاسییەکان هەندێک لەو ململانێ ناتەندروستە دوور بکەونەوە**

بووە لە مێژووی هەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، ئەوجا بۆ ئەوەی پەند لەو مێژووە وەربگرین و هەنگاوەکانمان پاشەکشە نەکەن بۆ دواوە، گرنگە بیر لەوە بکەینەوە، ئەو هەڵانەی کردوومانن، چۆن دەتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە و هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگرین.

ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان بە دیدێکی زۆر نیشتمانی و تێگەیشتن لە چەمکی هاووڵاتیبوون بونیاد نرا، لە بیرمە شەهید فرەنسۆ هەریری پێی گوتم «منیان دانابوو کە خۆم لە لیستی کۆتای کریستیانەکان کاندید بکەم، من پێیانم گوت، خەباتی من لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دەمەوێت لە ناو لیستی پارتی خۆم کاندید بکەم»، سەرنج بدەن، ئەوکات ئێمە ئاوا سەیری یەکتریمان دەکرد و بە کردەییش هەڵبژاردن ئەنجام درا و ئەو پێنج کورسیی کۆتایەی بۆ ئێمە دانرابوو، چواریان بەر بزووتنەوەی ئاشووری کەوت، کورسییەکیش بەر لیستی کریستیانەکان کەوت، کە کاك سەرکیس ئاغاجان بوو.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئێمە وەك نەتەوەی ئاشووری پێویستمان بە کۆتایە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە ئێمە بە دەنگی خۆمان ناتوانین نوێنەری خۆمان بگەیەنینە پەرلەمان هەتا لەو مینبەرە دەنگمان هەبێت و داکۆکی لە مافەکانی خۆمان بکەین و خزمەتی نەتەوەی خۆمان بکەین، زۆریش گرنگە ئەوانەی بە رێگەی کۆتا دەگەنە پەرلەمان، بە راستی نوێنەری راستەقینەی نەتەوەی ئێمە بن و بڕوایان بە کێشەی نەتەوەکەی خۆیان هەبێت.

بەر لەچەند رۆژێك سەردانی بەغدیدە (حەمدانیە)م کرد، هەمووشتان دەزانن ماوەیەك بەر لە ئێستا چ کارەساتێك بەسەر نەتەوەی ئێمە هات، هەتا ئێستا لەو رووداوە ١٣٨ هاووڵاتیی ئێمە گیانی لەدەست داوە، هۆکاری دروستبوونی ئەو رووداوەش زۆر تەمومژاوییە، هەتا ئێستا هۆکارەکانی دیار نییە.

ئێمە پێنج پەرلەمانتارمان هەبوو، لە بەرانبەر ئەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر میللەتی ئێمە هات، نەیانتوانی ٢٠-٣٠ پەرلەمانتاری دیکە کۆ بکەنەوە و لەناو پەرلەماندا دوو خولەك بەپێوە رابوەستن و نوێژێك بۆ ئەو قوربانییانە بکەن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو پەرلەمانتارانە ناتوانن نوێنەرایەتیی میللەتی ئێمە بکەن، بۆیە میللەتەکەش ئەوان ڕەت دەکاتەوە و بە نوێنەری خۆیانی نازانێت.

ئێستا کە بەم شێوەیە باس لە پرسی کۆتا دەکرێت و بووەتە کێشە، مەبەست کورسیی کۆتاکان نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەوجا ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بێگومان چارەسەرەکەش هەر لای حزبە گەورەکانە، نەك ئەو نەتەوە و پێکهاتە بچووکانە، کێشەی پێکهاتە بچووکەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە چۆن بتوانرێت کۆتایەکی جوان بنێرێتە پەرلەمان و خەڵکانێك بن، کە شایستەی ئەوە بن، نوێنەرایەتیی نەتەوەی خۆیان بکەن. لەم پرسەدا بەداخەوە دەڵێم: لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان لە پاشەکشەداین.

هیوادارم لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ئەزموونی دیموکراتیی حزبە سیاسییەکان هەندێك لەو ململانێ ناتەندروستە دوور بکەونەوە، من هاووڵاتی ئەم کوردستانەم و لەم ناوچەیە دەژیم، بە راستی ئایا ئەوە لۆژیکە من دژایەتیی هەندێك شتی ئەرێنی بکەم؟ باشە ئەمە چ لۆژیکێکی تیا دەبێت، من لەگەڵ فلان حزبم، هەتا دەرفەتم پێ بدرێت، ببمە پەرلەمانتار، یان پۆستێك لە حکومەتی کوردستان وەربگرم؟

بۆیە ئەم ململانێ ناتەندروستە حزبییە بووەتە هۆکاری ئەوەی دەرفەت نەدرێتە ئەو خەڵکانەی کە شایستەی ئەوەن لە رێگەی کورسیی کۆتاکانەوە نوێنەرایەتیی پێکهاتە و نەتەوە بچووکەکان بکەن.

یەکێك لە بەشداربووانی بەرێزی ئەم گفتوگۆیە ئاماژەی بە نموونەیەکی زۆر خراپ کرد و گوتی: «ئەو دوو ئەندامە تورکمان و کریستیانەی دانرابوون وەك ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان، تورکمانەکەیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستنیشان کراوە و ئەندامە کریستیانەکەش لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دیاری کراوە»، ئایا ئەم دیاردەیە چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەمە مانای سڕینەوەی

ناسنامەی ئێمە و زەوتکردنی ئیرادەی ئێمە نییە، کاتێك لەلایەن (پارتی و یەکێتی)یەوە لەبری ئێمە بڕیار دەدرێت؟

لە دوماهیدا ئەگەر بە ڕاشکاوی دەست بخەینە سەر برینەکان و بۆ ئەوەی بە بوێری هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگرین، ئەوە دەبێت بڵێین: هەتا ئەم ململانێ ناتەندروستەی نێوان حزبە سیاسییەکان بەگشتی و نێوان پارتی و یەکێتی بەتایبەتی چارەسەر نەکرێت، ئەوا کێشەی کورسیی کۆتاکانیش چارەسەر نابێت، کێشەی پێکهاتە و نەتەوە بچووکەکان ئەو ١١ کورسییەی کۆتا نییە وەك ژمارە، کێشەکە ئەوەیە ئەوانە کێن لەسەر ئەو ١١ کورسییە دادەنیشن و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پێکهاتە جیاوازەکان لەناو پەرلەمانی کوردستان دەکەن و لە ناو حکومەتدا بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانی نەتەوەکانی خۆیان دەکەن؟ ئەوجا ئەگەر ئەو نوێنەرانە بە ڕێگەی دەستتێوەردانی حزبە سیاسییەکان بچنە پەرلەمان و پرسەکە تەنیا لەو ژمارەیەدا بچووك بکرێتەوە و وەك دیکۆر بڵێن نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان دەکەن، ئەوا پێکهاتەکان ئەو کەسانە بە نوێنەرانی خۆیان نازانن. ئێستا لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا جیهان بووەتە گوندێکی بچووك، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دەزانێت ئەو خەڵکانە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان ناکەن.

بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە ڕێگەیەکی لۆژیکی چارەسەر بکەین، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کێشەی کۆتای پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە و زەمینەیەك بێتە ئاراوە کە خەڵکانی ناو ئەو پێکهاتە و نەتەوە بچووکانە خۆیان بڕیار لەسەر نوێنەرایەتیی خۆیان بدەن و، بە بڕیاری خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە پەرلەمان، ئەمەش بەوە دەکرێت کە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە و تەنیا دەنگدەرانی ئەو پێکهاتەیە بتوانن دەنگ بە نوێنەرەکانیان بدەن، واتە سندوقی دەنگدانی پێکهاتەکان جیاواز بێت لە سندوقی دەنگدانی گشتی و چاودێری سەر سندوقەکانیش نوێنەری پێکهاتەکان بن.

لە ئێستادا هۆکارێکی سەرەکی کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش شانازی پێوە دەکات، ئەو پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، بۆیە ململانێی ناتەندروستی نێوان حزبەکان خەریکە دەبێتە فاکتەرێك بۆ ناشیرینکردنی ئەم سیما جوانەی کوردستان، نابێت ڕێگە بدرێت ململانێی حزبی ئەم سیما گەشە تەڵخ بکات، لێگەڕێن با پێکهاتە جیاوازەکان بە ئازادی و ئیرادەی خۆیان کورسییەکانی کۆتا پڕ بکەنەوە.



**ئەم ململانێ ناتەندروستە حزبییە بووەتە هۆکاری ئەوەی دەرفەت نەدرێتە ئەو خەڵکانەی کە شایستەی ئەوەن لە ڕێگەی کورسیی کۆتاکانەوە نوێنەرایەتیی پێکهاتە و نەتەوە بچووکەکان بکەن**

**هەتا ئەم ململانێ ناتەندروستەی نێوان حزبە سیاسییەکان بەگشتی و نێوان پارتی و یەکێتی بەتایبەتی چارەسەر نەکرێت، ئەوا کێشەی کورسیی کۆتاکانیش چارەسەر نابێت**





**داود هوهان داود، سەرۆکی لێژنەی کارگێڕیی نەتەوەی ئەرمەنە لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، خوێندنەوەیەکی وردی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» جەختی لەوە کردەوە کە «لۆژیك و بیرکردنەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ پێکەوەژیانی نێوان تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان وای کردووە، بوونی دەنگی ئەرمەنی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا بە پێویست بزانرێت، تێبینیی وردیشی لەسەر ئەو تانیە هەیە کە لەسەر کۆتاکانی هەرێمی کوردستان بە دادگای فیدراڵی دراوە .**

## داود هوهان داود

**سەرۆکی لێژنەی کارگێڕیی نەتەوەی ئەرمەن لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ:**

# ئێمە ٤٠٠ ساڵە لە عێراق دەژین، حیسابی هاووڵاتیمان بۆ ناکەن، بەڵام تەنیا ١٠٠ ساڵە لە کوردستان دەژین کورسییەکی کۆتامان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە

سەرەتا وەك نوێنەری نەتەوەی ئەرمەن، دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکەم، چۆن کورسییەکی کۆتا بۆ نەتەوەی ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان دانرا؟ هەروەها ئایا مەغزا و بایەخی ئەم کورسیە بۆ ئەرمەن چ مانایەکی هەیە؟

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان خاتوونی پەرلەمانتار شیرین عبدولڕەحمان دینۆ بێری، کە خەڵکی زاخۆیە و ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، لە ڕوانگەی زۆربەی دانیشتووانی ئەرمەن کە لە سنووری پارێزگای دهۆکن و بۆ ئەوەی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان زیاتر گەشە بکات، پرۆژەیەکی ئامادە کردبوو، پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کرد، ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا و کورسییەکی کۆتا بۆ نەتەوەی ئەرمەن تەرخان کرا.

کەواتە ئێمە وەك نەتەوەی ئەرمەن خۆمان نەمانتوانیوە دەنگی خۆمان بەرینە ناو پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو ئەمە لۆژیك و بیرکردنەوەی جەنابی سەرۆك بارزانییە بۆ پێکەوەژیانی نێوان تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەناو ئەو لۆژیکەوە پرۆژەی ئامادە کردووە و بوونی دەنگی ئەرمەنی لە

ناو پەرلەمانی کوردستاندا بە پێویست زانیوە. بۆیە ئەوە ڕاستیبەکی حاشاهەڵنەگرە کە بڵێم، ئێمە وەك نەتەوەی ئەرمەن سوپاسی سەرۆك بارزانی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە دەنگی ئێمەیان بردە ناو پەرلەمانی کوردستان.

لای نەتەوەی ئەرمەن ئەم کورسییە کۆتایەی ناو پەرلەمانی کوردستان مانا و مەغزایەکی گەورەی هەیە، بووەتە جیگەی شانازییەکی گەورە بۆ نەتەوەی ئێمە و ئەو جیاوازییە گەورەیەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە لۆژیکی سەرۆك بارزانی چۆن سەیری پێکەوەژیان دەکات و، ئەقڵییەتی شۆڤێنیی عێراقیش چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان دەکات، هەر بۆ نموونە ئێمە نزیکەی ٤٠٠ ساڵە وەك ئەرمەن لە عێراقدا بوونمان هەیە و لەم وڵاتە دەژین، بەڵام هەتا ئێستاش حکومەتی عێراق وەك عێراقی مامەڵە لەگەڵ ئێمە ناکات و پێمان دەڵێن ئێوە عێراقی نین، بەڵام ئێمە تەنیا ١٠٠ ساڵە لە کوردستان دەژین، ئەوا کورسییەکی کۆتا بۆ ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان دابین کراوە، لەمەش گرنگتر لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩٢ وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێ کرد، کورسیی کۆتا بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان تەرخان کراوە، لە بەرانبەردا لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کورسیی کۆتا لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایینی تەرخان کراوە.

لێرەدا ئەگەر ئێمە ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی ئەم کێشەیە لەسەر کورسیی کۆتاکان دروست بوو؟ لەوانەیە کۆتای ئەرمەنەکان ڕوونتر وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە یەك کورسیمان هەیە و هاوڵاتیانی ئەرمەنیش لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ نیشتەجێن، باشە ئەگەر ئەم کورسییە بدرێتە هەر پارێزگایەك، غەدر لە هاوڵاتییانمان لە پارێزگاکەی دیکە دەکرێت؟ ئەم واقیعەم لە کۆبوونەوەی نوێنەری پێکهاتەکان لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش باس کرد، چۆن دەبێت کورسیی پێکهاتەکان بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بکرێت؟

**ئێمە وەک نەتەوەی ئەرمەن سوپاسی سەرۆک بارزانی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە دەنگی ئێمەیان بردە ناو پەرلەمانی کوردستان**

بابەتێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، بابەتی ئەو سکاڵایە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئەم پرسە پێشکەشی دادگای فیدراڵی کردووە، بۆ ئەوەی کورسیی کۆتاکان نەمێنن، یان دابەشی سەر پارێزگاکان بکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، هەموو کورسیی کۆتاکان ١١ کورسین، بۆچی هەموو کێشەکان خراوەتە ناو ئەم ١١ کورسییە و ١٠٠ کورسییەکەی دیکەی پەرلەمان کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان ململانێی لەسەر دەکەن، فەرامۆش کراوە؟ من هیوادار بووم لەم گفتوگۆیە لە بری باس لە کێشەی کۆتای پێکهاتەکان بکەین، باسمان لەوە بکردایە چۆن بتوانین پێگەی کوردستان و ئەم پێکەوەژیانە جوانە بپارێزین .

**کۆتا لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا هەیە و شتێک نییە لە دەرەوەی دەستوور بڕیاری لەسەر درابێت**

دادگای فیدراڵی ئەگەر دادگایەك بوایە لە چوارچێوەی دەستوور ڕەفتاری بکردایە، دەبوو هەر لە دانیشتنی یەکەمی ئەم داوایەی ڕەت بکردایەتەوە، لەبەر ئەوەی کۆتا لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا هەیە و شتێك نییە لە دەرەوەی دەستوور بڕیاری لەسەر درابێت، بە ڕاستی جێگەی داخە لایەنی سیاسیی کوردستانی هەبێت، گوشارەکانی خۆی بۆ ئەوە بخاتە کار بۆ ئەوەی پێنج کورسیی کۆتای برا تورکمانەکان و کورسییەکی کۆتای نەتەوەی ئەرمەن نەمێنێت، کە من دڵنیام ئەو لایەنە سیاسییەی دەیەوێت کێشە بۆ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان دروست بکات، لە بنەڕەتدا کێشە دروستکردنی بۆ کۆتاکان بیانوویەکە بۆ ئەوەی ڕۆژێك زیاتر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا بکەوێت، لەو ڕوانگەیەوەیە کە بە دروستکردنی ئەم کێشە زیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بدات، بەڵام بە ڕای ئێمە دروستکردنی کێشە بۆ کورسیی کۆتاکان تەنیا زیانی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بەڵکو زیانی بۆ ئەزموونی سیاسیی کوردستان و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانیش هەیە.

**دڵنیام ئەو لایەنە سیاسییەی دەیەوێت کێشە بۆ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان دروست بکات، لە بنەڕەتدا کێشە دروستکردنی بۆ کۆتاکان بیانوویەکە بۆ ئەوەی ڕۆژێک زیاتر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا بکەوێت**



## یاسین حەمە عەلی

بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان:

# گرنگە پێکهاتەکان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەبێت، تەنانەت ئەگەر بازنەی هەڵبژاردنی پێکهاتەکان یەک بازنەش بێت، ئێمە ئەم پرسەمان بەلاوە گرنگترە

**یاسین حەمە عەلی، یەکێکە لە هەڵسووڕاوە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی ئەو بزووتنەوەیە، لە گفتوگۆی ئەمجارە «هەڵبژارن و کۆتای پێکهاتەکان» باسی لەو پرۆژە یاسایەی بزووتنەوەی گۆڕان کرد کە لە ساڵی ٢٠٢١ پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە، لە پێناوی ئەوەی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بەڕێوەبچێت و دوانەخرێت، سەبارەت بە پرسی کۆتای پێکهاتەکانیش هەڵوێستی گۆڕانی لەسەر ئەم پرسە ڕوون کردەوە و بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

کێشەی کۆتاکان یەکێك بوو لەو ئاستەنگ و لەمپەرانەی کە نەتوانرا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێوە بچێت، بەڵام دەبێت دەست بخەینە سەر ئەو ڕاستییەش کە کێشەی کۆتاکان تەنیا ئاستەنگ نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك کێشە و بابەتی دیکە هەبوون، کە بوونە هۆکاری ئەوەی نەتوانین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت.

بە درێژایی دوو ساڵی ڕابردوو بە ناوبژیوانیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق چەندین کۆبوونەوە کران، بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەو کێشانە بگەنە جۆرێك لە سازان و ڕێککەوتن، بەڵام نەگەیشتنە ئەو سازانە، پێشتریش ڕێککەوتنێك لە نێوان لایەنە سیاسییەکان هەبوو، بەوەی پێویستە لەسەر هەر پرسێك کە ڕەهەندی نیشتمانی هەبێت، ئەوا دەبێت ئەو پرسە بە سازان یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا جیاوازییەکی زۆر لەسەر چەند پرسێك هەبوو، لەوانە «کوردستان یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت، یان چوار بازنە بێت، بە کام تۆماری دەنگدەران هەڵبژاردنەکە بکرێت»، بۆ ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان پرسی «دەنگدانی تایبەت» کە ئێمە لە ڕابردوودا گلەییەکی زۆر و زەوەندمان لەسەر هەبوو، کە لە بەشێکیدا ئەمە دەبەسترێتەوە بە دەنگدانی پێکهاتەکانیشەوە.

ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا فراکسیۆن بووین کە لە ٣١ی ٣ی ٢٠٢١ پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنمان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو بۆشایی یاساییەوە، بەڵام بەداخەوە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە جۆرێك لە بێباکی هەبوو، کە دەتوانم

بڵێم ئەو گفتوگۆیانەشی لەناو کۆبوونەوەکاندا دەکران، هێندەی کەلێنی نێوان لایەنە سیاسییەکان فراوانتر دەکرد، هێندە لێك نزیکبوونەوە نەبوو.

لە سەرەتای ئاداری ٢٠٢٣ و بە دروستی لە ١١ی ئاداری ٢٠٢٣ لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی دەزگاکانی هەڵبژاردنی هەموو لایەنەکان ڕێککەوتنێك ئیمزا کرا، چەند خاڵێك ڕێککەوتنی لەسەر کرا، لەوانە:

- لەسەر بابەتی پێکهاتەکان لەسەر ئەم شێوازە ڕێککەوتبووین، سەرۆکایەتیی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەکان لە دەرەوە و ناوەوەی پەرلەمان ئەنجام بدەن و، ویست و داخوازیی پێکهاتەکان لە بەرچاو بگرن.

ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان هەمیشە پشتگیریی ئەوەمان کردووە و گوتوومانە با پێکهاتەکان خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ڕاشکاوانەش ئاماژە بەوە دەکەم کە ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان پێمان وابوو نوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەکان لە پەرلەمان بوونی نەبووە و بەداخەوە ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ پێکهاتەکان هەبووە، لە ساڵانی پێشوو لە زۆر ڕکابەری و ململانێکانی ناو پەرلەماندا ئێمە کەوتینە ئەو بەرەیەی کە زەرەرمەند بووین لەو هەنگاوانەی کە نراون و پێکهاتەکانیش بەشێك بوون لەو پرۆسەیە.

برادەران باسیان لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کرد، لەو یاسایەشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە پێکهاتەکان تۆماری دەنگدانی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

بوونی کورسیی کۆتا، جیاکارییەکی ئەرێنییە، ئەم جیاکارییە لە پێناوی ئەوە کراوە، کە ڕێژەی دەنگی پێکهاتەکان بە تەنیا نەگاتە ئەوەی کە بتوانن نوێنەری خۆیان بنێرنە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە ئامانجە بۆ ئەوەی نوێنەریان هەبێت، گرنگە تۆماری دەنگدانی تایبەت بە خۆیان هەبێت و خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، بۆ ئەمەش دەبێت کۆمیسیۆن بیر لە میکانیزمێك بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو تۆمارەیان بۆ دروست بکات، لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە هاوشێوەی تازەکردنەوەی تۆماری دەنگدانی گشتی، تۆماری دەنگدانی پێکهاتەکانیش تازە بکاتەوە.

ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ئەو قەناعەتەمان هەبووە، بەوەی ئەو دەنگانەی دراون بە پێکهاتەکان دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان نەبووە، کۆمەڵێك پرۆسە هەیە، وەك پرۆسەی «دەنگدانی تایبەت» بەکار هاتووە، بۆ ئەوەی ئەو کاندیدانە دەربچن کە حزبێکی دیاریکراو مەبەستیەتی، نوێنەری نێردەی تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکان کۆبووەتەوە کە ٢١ نوێنەریان ئامادە بوون، ئەوانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە و دەڵێن «ئێمە نوێنەری ڕاستەقینەمان نەبووە»، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە ئەم مافە لە پێکهاتەکان زەوت نەکەین، با خۆیان کاندیدی خۆیان هەڵبژێرن و خۆیان دەنگی پێ بدەن و خۆیان بڕیار بدەن، واتا تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بە خۆیان و بنکەی دەنگدانی خۆیان هەبێت. ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەبێت، تەنانەت ئەگەر بازنەی هەڵبژاردنی پێکهاتەکان یەك بازنەش بێت، ئێمە ئەم پرسەمان بەلاوە گرنگترە.

ئەو بارودۆخەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە کە پەرلەمان هەڵوەشاوەتەوە و هەڵبژاردن دوا کەوتووە، بارودۆخێکە خۆمان بەسەر خۆمانمان هێناوە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئێمە هەموو لایەنە سیاسییەکان وازمان لە بەرژەوەندیی تەسکی حزبیی خۆمان بهێنایە، دەمانتوانی زۆر بە زوویی کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و بەم ڕۆژە نەدەگەیشتین، کە هەموو دامەزراوەکانمان کەوتە ژێر پرسیارەوە و لە فەراغی یاساییداین، لە سەرووی ئەمانەوە دادگایەك بەسەر سەرمانەوە دانراوە، کە هەر ڕۆژێك بەیانیان هەڵدەستین، گوێبیستی بڕیارێکی تازەی ئەو دادگایە دەبین کە هەواڵێکی کتوپڕی پێیە بۆمان، هیواداریـن لە داهاتوودا بیر لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر نەکەوینە ژێر ڕەحمەتی بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی.

دوایین خاڵ کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆژەکەماندا ئاماژەمان پێ کردووە و پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە و، پرسی دیاریکردنی بەرواری هەڵبژاردنەکانە هەر چوار ساڵێك لە کاتی خۆیدا، هەر بۆ نموونە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ لە ٢١ی ئەیلوول ئەنجام درا، بۆیە داوامان کردووە هەر چوار ساڵ جارێك لە ٢١ی ئەیلوول هەڵبژاردن ئەنجام بدرێتەوە.

**کێشەی کۆتاکان یەکێک بوو لەو ئاستەنگ و لەمپەرانەی کە نەتوانرا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێوە بچێت**

**ئەو بارودۆخەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە کە پەرلەمان هەڵوەشاوەتەوە و هەڵبژاردن دوا کەوتووە، بارودۆخێکە خۆمان بەسەر خۆمانمان هێناوە**

**بوونی کورسیی کۆتا، جیاکارییەکی ئەرێنییە، ئەم جیاکارییە لە پێناوی ئەوە کراوە، کە ڕێژەی دەنگی پێکهاتەکان بە تەنیا ناگاتە ئەوەی کە بتوانن نوێنەری خۆیان بنێرنە پەرلەمانی کوردستان**



**هێمن ئەسکەندەر**

**بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:**

# یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبووە دەستکاریی کورسیی کۆتاکان بکرێت

**هێمن ئەسکەندەر بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی لەسەر پرۆسەی دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرا کرد، لەسەر کێشەی کۆتاکانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانیش بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هێندە هەموار کراوەتەوە و هێندە دەستکاری کراوە، بووەتە یاسایەکی سەرلێتێکچوو، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕۆحی یاساکە نەمێنێت. خۆزگە بۆ ئەوە دەخوازم کە بمانتوانیایە لەناو پەرلەماندا یاسایەکی تازەمان دابڕشتایە بۆ ئەوەی بمانتوانیایە لەناو یاساکەدا خواستی هەموو لایەنەکان بە پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستانیشەوە تێیدا بوایە و، هەموو ئەو کێشانەشی چارەسەر بکردایە کە بوونە هۆکاری ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا بکەوێت.

وەك بیرهێنانەوەیەك، دیموکراتییەتی ڕاستەقینە، دیموکراتییەتی ڕاستەوخۆیە، ئەویش بەو مانای کە دەبێت هەموو خەڵك بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسیدا بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ناگونجێت بە ملیۆنەها هاووڵاتی بەشداری پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بکەن، بیر لە دیموکراتییەتی ناڕاستەوخۆ، یان وەك ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن «نوێنەرایەتی» هاتە ئاراوە و، سیستمێك دانرا بۆ کەسێك خۆی کاندید بکات و نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکەبکات کە دەنگی پێ دەدەن، ئەویش دێت لە ناو پرۆسەی یاسادانانداندا نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە دەکات و بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکەی دەنگیان پێ داوە، لە یاسا و بڕیارەکاندا جێگەیان بۆ دەکاتەوە.

ئەم ئاماژەیەم بۆ ئەوە بوو، کاتێك ئێمە دەڵێین نوێنەری ڕاستەقینە، نوێنەرانی پێکهاتە بەڕێزەکان دڵگران نەبن، چونکە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە بۆ ئێمەش وەك حزبێکی سیاسی ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئێمەش کە بە دەنگی خەڵکی خۆمان دەبینە پەرلەمانتار و پاشان نەمانتوانی نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکانە بکەین، کە دەنگیان پێ داوین لەسەر بنەما و پەیڕەو و بەرنامە، کەسی وا نابێتە نوێنەرێکی

ڕاستەقینەی ئەو حزبەی ناردوویەتیە پەرلەمان.

لەسەر پرسی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان، دید و تێڕوانینی هەموو لایەنە سیاسییەکان وەك یەك نییە و جیاوازی لەنێوان تێڕوانینی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەم پرسە هەیە، لەو کۆبوونەوانەی دەزگای هەڵبژاردنی لایەنەکان کە ئێمە لە هەموویان بەشدار بووین، جیاوازیی نێوان دید و بۆچوونی لایەنە سیاسییەکان زۆر بە ڕاشکاوی دیار بوو. ئێمە وەك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێمان باشە کورسیی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهاتە جیاوازەکان هەبێت، هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبووین دەستکاری کورسیی کۆتاکان بکرێت، لەبەر ئەوەی قەناعەتمان بەوە هەیە، ئەمانە پێکهاتەی ڕەسەنی ئەم نیشتمانەن و مافی خۆیانە لە ناو پەرلەمان نوێنەریان هەبێت و خێریشیان پێ ناکەین، بەڵکو بە بێ ئەوان پرۆسە سیاسییەکە لاسەنگ دەبێت و جوان نییە، بۆیە بوونی نوێنەری ئەوان لەناو پەرلەماندا زۆر گرنگە، واتە دەمەوێت بڵێم: یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی دادگەریش کە نوێنەریان بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادە نەبوو، هەرگیز باسی کەمکردنەوە، یان نەمانی کورسیی کۆتایان نەکردووە، بەڵکو باس لە شێوازی بەشداریی کۆتا کراوە، بە جۆرێکی دیکە باس لەوە کراوە، ئایا ئەم کۆتایە چۆن بێت و کێن ئەوانەی نوێنەرایەتیی کورسیی کۆتاکان دەکەن؟

لە گفتوگۆکاندا هەندێك ئیشکالییەت لەسەر پرۆسەی کۆتاکان دروست بوو کە بریتی بوون لە:

- بابەتی ئەوەی هەڵبژاردن بە یەك بازنە بکرێت، یان چوار بازنە.

- لەناو ئەم چوار بازنەیەدا کۆتای پێکهاتەکان بە سەر بازنەکاندا دابەش بکرێت، یان دابەش نەکرێت.

پێش ئەوەی ئەم کێشانە بێنە ئاراوە، ئێمە بۆچوونێکمان هەبوو، ئێمە پێمان وابوو، پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان کە بوونیان پێویست و جوانە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ناتوانن بە دەنگی خۆیان نوێنەر بنێرنە پەرلەمان، ئەگەر بیانتوانیایە پێویستمان بە کۆتا نەدەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی جیاکارییەکی ئەرێنییە و دەبێت میکانیزمێك هەبێت بۆ ئەوەی خۆیان دەنگ بە خۆیان بدەن و ئەو نوێنەرانەی دەینێرنە پەرلەمان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خۆیان بێت و، ئامانجیش لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەوەیە، دوای ئەوەی ئەم پرۆسەیە کۆتایی دێت، هەموومان بە ئاکامەکانی ڕازی بین، نەك هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاکامەکان گلەیی و گازندە دەست پێ بکەین.

ئەم قسەیە بەو مانایە نییە، بۆ نموونە هاووڵاتییەکی تورکمان لەناو حزبێکی ئیسلامییە و مافی ئەوەی نییە ببێتە کاندیدی حزبەکەی خۆی بۆ پەرلەمان، یان کەسێك کریستیانە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، یان بزووتنەوەی گۆڕان، یان یەکێتیی نیشتمانیی، بڵێین مافی نیە ببێتە کاندیدی ئەو حزبە، ئەمەیان پرسی ئازادیی سیاسییە، بەڵام کاتێك لە ڕێگەی کۆتاوە کورسییەك تەرخان دەکرێت بە ناوی کۆتای پێکهاتەکان، ئەوا بۆ کریستیانەکان وا باشترە لەناو حزبێکی کریستانی بێت، بۆ تورکمان وا باشترە لەناو حزبێکی تورکمانی بێت، لام وابێت ئەرمەن حزبی سیاسییان نییە، بۆیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەمەیان نییە، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، گرنگە تۆماری دەنگدانی کۆتاش جیا بکەینەوە، چونکە ئەگەر تۆماری دەنگدەران تێکەڵ بوو، ئەوا وەك لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی عێراقدا بینیمان کە هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستتێوەردانیان کرد بۆ بەرژەوەندیی هەندێك حزب لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی هەندێك حزبی دیکە.

سەبارەت بە دابەشکردنی کۆتاکانیش بە سەر بازنەکان ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین و پێمان وابوو مادام کورسییەکانی کۆتا ژمارەیان کەمە پێویست ناکات دابەشی سەر بازنەکان بکرێن و نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لەم گفتویە ئەو بڕگەیەی خوێندەوە کە لەسەری ڕێککەوتبووین کە ڕێز لە خواست و ویستی پێکهاتەکان بگرین.

هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێشنیاری بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان ئەوەیە، بوونی کۆتاکان پێویستە بۆ پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا، پێمان باشە لە یەك بازنەدا هەڵبژاردنی خۆیان بکەن، بەڵام کارێکی خراپە ببنە بەشێك لە ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو دوو حزبە ململانێی سەختی مێژوویان هەیە، پارتی و یەکێتیش کارێکی زۆر باش دەکەن کە پێکهاتەکان نەکەنە بەشێك لە کێشەی نێوان خۆیان.

**یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هێندە هەموار کراوەتەوە و هێندە دەستکاری کراوە، بووەتە یاسایەکی سەرلێتێکچوو، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕۆحی یاساکە نەمێنێت**

**پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان کە بوونیان پێویست و جوانە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ناتوانن بە دەنگی خۆیان نوێنەر بنێرنە پەرلەمان، ئەگەر بیانتوانیایە پێویستمان بە کۆتا نەدەبوو**

**بوونی کۆتاکان پێویستە بۆ پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا، پێمان باشە لە یەک بازنەدا هەڵبژاردنی خۆیان بکەن، بەڵام کارێکی خراپە ببنە بەشێک لە ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**



## هاوار محەمەد یوسف

گوتەبێژی بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پێکهاتەکان هەر بڕیارێک بدەن ئەگەر لە بەرژەوەندیی ئێمەش نەبێت، ڕێزی لێ دەگرین و پشتیوانی لێ دەکەین

هاوار محەمەد یوسف، گوتەبێژی بەشی هەڵبژاردنە لە کۆبوونەوەی بەشی هەڵبژاردنەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر کۆتای پێکهاتەکان خستە ڕوو و ڕایگەیاند: «پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، هەر بڕیارێك خۆیان بۆ کۆتا بیدەن، ئێمە پشتگیرییان لێ دەکەین، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش یەکانگیر نەبێت»، سەبارەت بە هەڵوێستیشیان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان، دیسان زۆر ڕاشکاوانە گوتی: «ئەوەی لای پارتی گرنگە ئەوەیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی دەستنیشانکراوی خۆی کە کۆتایی مانگی شوباتی داهاتووە، ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەر میکانیزمێك بگیرێتە بەر، گرنگ نییە بە قەدەر ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە بەڕێوە بچێت، چونکە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێستادا بابەتێکی زەروری و حەیاتییە بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان»، بەم جۆرەش بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:

سەرەتا دەمەوێت سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە .

مەهاتما گاندی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە و دەڵێت: «ئەگەر بتەوێت هەڵسەنگاندن بۆ وڵاتێك بکەیت، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ تێڕوانینی ئەو وڵاتە بکەین، بۆ کەمینەکانی و بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات» ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی بۆچوون و لۆژیکی سەرۆك بارزانییەوە دەستەواژەی کەمینەکانمان گۆڕی بۆ چەمکی (پێکهاتە) کە ئەمەش لە ڕووی مەعنەوی و فەلسەفیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بە بایەخ و بەهاکردنی ڕۆڵی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان کە لە کوردستان هەن.

لە هەرێمی کوردستاندا دوو جۆر پێکهاتەمان هەیە، کە بریتین لە پێکهاتەی نەتەوەیی وەك (کورد، تورکمان، کلدو سریان و ئاشووری، ئەرمەن) کە هەموویان نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، هەروەها پێکهاتەی ئایینیشمان هەیە، وەك (ئیسلام، کریستیان، کاکەیی، زەردەشتی، ئێزدی، بەهایی، جوو و سابیئەی مەندائی)، بەڵام ئەمانە وەك پێکهاتەی ئایینی کورسیی کۆتایان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ تەرخان نەکراوە و نوێنەریان نەبوو وەك نوێنەری ئایین و ئایینزاکان، چونکە سیستمی کۆتا لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکانە، لێرەشدا ئێزدییەکان و شەبەك و کاکەییەکان پێکهاتەی ئایینیی زۆر دیار و بەرچاون، بەڵام نوێنەریان وەکو پێکهاتەی ئایینی نییە، هەرچەندە لە پەراوێزی لیستی حزبە سیاسییەکاندا تا ڕادەیەك و بە جیاوازی لە نێوان خولەکانی پەرلەماندا نوێنەریان هەبووە.

لە سەرەتای دارشتنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا باس لەوە دەکرا، کە ئێزدییەکانیش وەك پێکهاتەیەك کورسیی کۆتایان بۆ دەستەبەر بکرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی ئەمەی ڕەت کردەوە و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێزدییەکان کوردی ڕەسەنن، ناکرێت بەشێکی گرنگ لە کورد لە ناو نەتەوەی خۆیاندا و لەسەر خاکی خۆیان لە ڕێگەی کۆتاوە بچنە ناو پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو پێویستە لە ناو لیستی تایبەتیی خۆیان و لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئێزدییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی دیکە دەزانێت، بتوانن لە ڕێگەی کورسییە گشتییەکانەوە نوێنەری خۆیان دەستنیشان بکەن و، نوێنەرایەتییان لە پەرلەماندا هەبێت و مومارەسەی ڕۆڵی کارای خۆیان بکەن لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا.

بەپێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ١٠٥ کورسی دەستنیشان کران، لەم ژمارەیە ١٠٠ کورسییان گشتی بوو، کە پارتە سیاسییەکانی هەرێم ململانێیان لەسەر دەکرد، پێنج کورسیی کۆتاش بۆ نەتەوەی (کلدو سریان و ئاشووری) تەرخان کرابوو.

لە ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار کرایەوە، لەم هەموارکردنەوەیەدا، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ١١١ کورسی زیاد کران، بەمەش کورسیی کۆتاکان بووە ١١ کورسی و بەم جۆرە دابەش کران (پێنج کورسی بۆ کلد و سریان و ئاشووری، پێنج کورسی بۆ تورکمانەکان، ١ کورسی بۆ ئەرمەن). بوونی نوێنەری پێکهاتەکان لە ناو پەرلەمانی کوردستان سیمای پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی لە هەرێمی کوردستان جوانتر کردووە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش بەرز دەنرخێندرێت و، وەك دیاردەیەکی جوانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و، بە نموونەیەکی ناوازەی جوانیی ناوچەکە لێی دەڕوانن، هەربۆیەش گرنگە ئەم پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بپارێزین.

دیدگەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە ئیرادەی سیاسی و خواستی پێکهاتەکان لەبەرچاو بگیرێت و خۆیان خودان بڕیاری سیاسیی خۆیان بن و هیچ ئەجیندایەکی سیاسی بەسەریاندا فەرز نەکرێت، لێرەوە وەك بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، ڕایدەگەیەنین کە پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان هەر بڕیارێك بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە هاوتەریبیش

**سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ئێزدییەکان کوردی ڕەسەنن، ناکرێت بەشێکی گرنگ لە کورد لە ناو نەتەوەی خۆیاندا و لەسەر خاکی خۆیان لە ڕێگەی کۆتاوە بچنە ناو پەرلەمانی کوردستان**

**نوێنەری پێکهاتەکان لە ناو پەرلەمانی کوردستان سیمای پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لە هەرێمی کوردستان جوانتر کردووە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش بەرز دەنرخێندرێت**



نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی پارتی، هەر پشتگیرییان دەکەین، چونکە ئێمە نە ئەو مافە بە خۆمان دەدەین، نە بە هیچ لایەنێکی سیاسیی دیکە کە دەستوەردان بکەن لە مافی پێکهاتەکاندا، چونکە ئەوان ڕۆڵەی ڕەسەن و هاووڵاتیی پلە یەکی ئەم هەرێمەن و قوربانیی زۆریان داوە لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و گەیشتنی بە ئامانجە لەمێژینەکانی.

**دیدگەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە ئیرادەی سیاسی و خواستی پێکهاتەکان لەبەرچاو بگیرێت و خۆیان خودان بڕیاری سیاسیی خۆیان بن و هیچ ئەجێندایەکی سیاسی بەسەریاندا فەرز نەکرێت**

بەشێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەڵێن، پارتی پێکهاتەکانی دەستەمۆ کردووە، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان دەهێنێت، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵقوڵاوی ڕێباز و فیکر و عەقیدەیەکە کە پێی دەگوترێت «ڕێبازی بارزان» لەناو ئەم ڕێبازەدا کە مەرجەعییەتەکەی لە شێخانی بارزان و بە دیاریکراویش لە شێخ ئەحمەدی بارزانەوە سەرچاوە دەگرێت، زۆر پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، ڕێبازی بارزان بڕوای بە دادپەروەری، مرۆڤبوون، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان هەبووە، ئینجا ئەو مرۆڤە سەر بە چ نەتەوەیەك، یان پەیڕەوی هەر ئایینێك بوویێت، بە گرفت نەزاندراوە، نموونەی ئەو پێکەوەژیان و جیاوازینەکردنە لە مێژ ساڵە ڕەنگدانەوەی دیار و بەرچاوی هەبووە لە دەڤەری بارزان، دیاریشە کە کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان ئەوانەی کە خاوەنی هەڵوێستی مرۆییانە و پێکەوەژیانن، بە چ شێوەیەك ڕێزیان لێ گیراوە و ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە لە ناوچەکەدا. لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا ئەم فیکر و عەقیدەیە تەرجەمە کراوەتە سەر واقیع و هەمیشە کاری لەسەر کراوە، بۆ نموونە: مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا پێداگریی کرد کە دەبێت لەو ڕێککەوتنەدا مافی پێکهاتەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دیاری بکرێن. لە سەردەمی ئێستاشدا سەرۆك مسعود بارزانی درێژەپێدەری هەمان فیکر و عەقیدە و تەریقەتە، بۆیەش هەمیشە ڕێنوێنیی پارتی دەکات، کە بە هەموو شێوەیەك ڕێز لە بوون و خواست و ئیرادەیان بگیرێت، ئەمە لە ناو پارتیدا وەك ستراتیژ سەیر دەکرێت، نەك وەك تەکتیکی سیاسی و بەرژەوەندیی حزبی. هەر لە سەر ئەم بنەمایەش بوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، زۆر جار لە کاتی گفتوگۆکان لە سەر مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان، سەرۆك بارزانی کۆبوونەوەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری جێ دەهێشت، ئەگەر مافەکانیان لە دەستووردا جێگیر نەکرابان، بەتایبەت لەسەر مافە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەکان وەك (خوێندن بە زمانی تورکمان، بە زمانی سریانی، یەکسانی لە مافی هاووڵاتیبوونیان)، جەختکردنەوەی گەیشتە ئەو ئاستەی بە عێراقییەکان بڵێت: «ئەگەر ئەو مافانەی تێدا نەبێت ئەوا ئێمە ئامادە نابین ڕەشنووسی ئەو دەستوورە ئیمزا بکەین». ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هیچ بەرژەوەندییەك لەو پرسەدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، هیچ کەسێکیش چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، کە پێکهاتەکان بکرێن بە چەقی ململانێی سیاسیی لە لایەن هەندێك حزبی سیاسییەوە.

**ڕێبازی بارزان بڕوای بە دادپەروەری، مرۆڤبوون، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان هەبووە، ئینجا ئەو مرۆڤە سەر بە چ نەتەوەیەک، یان پەیڕەوی هەر ئایینێک بوویێت، بە گرفت نەزاندراوە**

لە کاتی گفتوگۆکانی لایەنە سیاسییەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش، بەو پێیەی من ئەندامی لیژنەی دانوستاندنی پارتی بووم، لە کۆبوونەوەی بەشەکانی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکاندا، دیدگەیەکی زۆر جیاواز لەلای هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان دروست ببوو، بەداخەوە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کە ئێستا ناویان هەیە و ئامادە نەبوون، خۆزگە لێرە بوونایە، داوایان دەکرد، کورسیی کۆتاکانیش وەك کورسییە گشتییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەمەش واتە چۆن ڕێژەی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین، لە کورسییە گشتییەکانی پەرلەماندا ڕێژەی ٤١٪ ـە، بە هەمان ڕێژەی ٤١٪ کورسیی کۆتاکان بدرێتە ئەوان، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی دابەشبوونی دیموگرافیا و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو پێکهاتانە بکرێت. بەمەش کێشەکە قووڵتر دەبێت، پێکهاتەکانیش دەکاتە بەشێکی ڕاستەوخۆ لەو کێشەی کە ئێستا لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا هەمانە.

لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەك دەكەم، كە بەڕاستی جێگەی داخە، لە نێو كۆمیسیارانی كۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی كوردستاندا، دوو ئەندامی پێكهاتەكانمان هەبوو، یەكیان توركمان و ئەوی دیكەیان كریستیان، كە یەكێكیان لە لایەن یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و ئەوەی دیكەیان لە لایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە دەستنیشان كرابوون، ئەم دوو نوێنەرە لە بەرئەوەی لە لایەن پارتی و یەكێتییەوە دەستنیشان كرابوون، بۆیە ناچار بوون وەك ئێمە بیر بكەنەوە و خۆیان لە بیر كردبوو، وەك نوێنەری پێكهاتە نەیاندەتوانی بیر بكەنەوە و بڕیار بدەن، لەسەر ئەم بنەمایە بوو كاتێك كۆمیسیۆنی هەڵبژاردن نوێ كرایەوە، ئێمە وەك پارتی دیموكراتی كوردستان توركمانەكانمان سەرپشك كرد، كە خۆیان كەسێك بۆ ئەندامێتیی كۆمیسیۆن دیاری بكەن، بۆ ئەوەی نوێنەری ڕاستەقینەیان لە كۆمیسیۆن هەبێت.

سەرۆك بارزانی لە هەموو ئەو كۆبوونەوانەی لەگەڵ بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموكراتی ئەنجامی داوە، ڕێنمایی ئەوەی پێ داوین، كە نە ئێمە و نە هیچ لایەنێكی سیاسیی دیكە بۆی نییە دەستتێوەردان لە كاروباری پێكهاتەكاندا بكات، ئەوان بۆ خۆیان بڕیاری خۆیان دەدەن و ئەركی ئێمە ئەوەیە ڕێز لە ئیرادە و بڕیاری ئەوان بگرین و هاوكارییان بكەین بۆ دەستەبەركردنی مافەكانیان.

لە ئێستاشدا بەداخەوە یەكێتیی سكاڵای لای دادگای فیدراڵی لە دژی كورسیی كۆتاكان تۆمار كردووە، كە بەپێی مادەی ٩٣ی دەستووری عێراق، لێكۆڵینەوە لە پرسی كورسیی كۆتای پێكهاتەكان لە چوارچێوەی دەسەڵاتەكانی دادگای فیدراڵیدا نییە، چونكە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هیچ سەرپێچییەكی دەستووری عێراقی نەكردووە، بۆیەش دەبوایە دادگای ناوبراو لە یەكەم دانیشتنیدا ئەو داوایەی ڕەت بكردایەتەوە، لە حاڵەتێكیشدا ئەگەر دادگا بڕیار بدات بە نادەستووریبوونی ئەم یاسایە، ئەوا دەبێت بگەڕێنەوە سەر نوسخەی یەكەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٢ كە لەم یاسایەشدا بەربەستی ٧٪ هەیە، ئەمەش بەو مانایەی هەر حزبێكی سیاسی نەتوانێت ڕێژەی ٧٪ی دەنگی دەنگدەرانی كوردستان بە دەست بهێنێت، ئەوا كورسیی پەرلەمانی نابێت و دەنگەكانی بەسەر لایەنەكانی دیكەدا دابەش دەكرێت، ئەمەش دەبێتە هۆكاری كەمكردنەوەی تەعەدودی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا، چونكە زۆرێك لە حزبەكانی ئێستا ناتوانن ئەم ڕێژەیە تێپەڕێنن.

لە دوماهیدا جارێكی دیكە جەخت لەوە دەكەینەوە كە ئەوەی لای پارتی دیموكراتی كوردستان گرنگە، ئەوەیە كە ئەو بەروارەی



دانراوە كە ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام بدرێت، كێشەی بۆ دروست نەكرێت، هەموو لایەنە سیاسییەكان لە ئاستی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بكەن و ململانێ سیاسییەكان و كێشە و گرفتە لابەلاكان تێكەڵ بە ئەجێندای هەڵبژاردن نەكەن، بە تایبەت كە لە ئێستادا پەرلەمانی كوردستان كە سەرچاوەی تەشریعە لە هەرێمی كوردستان، لە كار كەوتووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سلبی دەبێت بە سەر دۆخی ناوخۆی هەرێم و ناوبانگی سیاسی و پرۆسەی دیموكراسی و كۆی سیستمی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا.



## هەندرێن محەمەد

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان:

# ئەگەر دەستوورمان هەبووایە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە نەدەبووینەوە و هەڵبژاردنەکان دوانەدەخران

هەندرێن محەمەد، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسییە لە هەرێمی کوردستان و ئەزموونێکی گەورەی لەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەیە و، هەر لەلایەن ئەم کۆمیسیۆنەوە پرۆسەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ئەیلولی ٢٠١٧ بەڕێوە چوو، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) لە ڕووی یاسایی و ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

جێگەی دەستخۆشییە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆر بە شەفافی و ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆ دەکەین.

بە حوکمی تایبەتمەندی و پیشەکەشم، من زیاتر هەڵوەستە لەسەر لایەنی یاسایی و ڕێوشوێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەم.

سەبارەت بە کۆتای پێکهاتەکان کە بووەتە یەکێك لە کێشە و لەمپەرەکانی بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، جێگەی داخە کە لایەنە سیاسییەکان دوو جار غەدر لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان دەکەن، غەدری یەکەم ئەوەیە کە دەڵێن: کورسیی پێکهاتەکان زۆرن و دەبێت کەم بکرێنەوە، غەدری دووەمیش ئەوەیە دەیانەوێت لە بری پێکهاتەکان بڕیار بدەن و ئیرادەیان لێ زەوت بکەن، ئەمەشیان کردە کێشەیەك کە دوو جار وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێت.

لەمپەر و ئاستەنگەکانی بەردەم دواکەوتنی هەڵبژاردن سێ ئاستەنگ بوون، کە یەکێکیان گۆڕینی بازنەی هەڵبژاردن بوو لە یەك بازنەوە بۆ چوار بازنە، دووەمیان: ئایا تۆماری بایۆمەتری عێراق پیادە بکەین، یان هەرێمی کوردستان؟ سێیەمیشیان کێشەی کۆتای پێکهاتەکان بوو.

سەرەنجام لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن چوار بازنە بێت و هەروەها ڕێککەوتن هەڵبژاردنەکە بە تۆماری بایومەتری عێراقی ئەنجام بدرێت، ئەوەی کە ڕێك نەکەوتن لەسەری کێشەی کۆتای پێکهاتەکان بوو.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە سیستمی هەڵبژاردن بکەین و لەناو سیستمەکە باسی کۆتای پێکهاتەکان

بکەین، سیستمی هەڵبژاردن دوو جۆرە، یەکەم سیستمی ڕێژەیی، دووەم سیستەمی زۆرینە.

ئەم دوو سیستەمە هەردووکیان پیادە دەکرێت، ئەگەر سیستمەکە «زۆرینە» بوو، ئەوا نە کۆتا هەیە و نە هیچ، هەر لایەنێکی سیاسی هەڵبژاردنی بە زۆرینە بردەوە، ئەوە خۆی بە تەنیا حکومەت پێك دەهێنێت و هەموو دامەزراوەکان دەگرێتە دەستی، بەڵام ئەگەر سیستمەکە ڕێژەیی بوو، وەك ئەوەی ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکەین، ئەم سیستمە لە زۆربەی ئەو وڵاتانە پیادە دەکرێت کە وڵاتانی دوای «شەڕ و کێشە»ن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە هەموو چین و توێژ و پێکهاتەیەك لەناو پەرلەماندا نوێنەری خۆی هەبێت، لە سیستمی ڕێژەییدا چەند جۆر کۆتا هەیە، وەك کۆتای ڕەگەزی کە بۆ خانمان دادەنرێت، سیستمی جوگرافی وەك ئەو سیستەمەی ئێستای عێراق کە هەر پارێزگایەك کۆتای بۆ دانراوە و دابەشی سەر ١٨ بازنە کراوە، لەو وڵاتانەی فرە ئیتنی و ئایینی جیاوازیش کۆتا بۆ ئەو پێکهاتە جیاوازانە دادەنرێت، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمان نوێنەریان هەبێت و بتوانن لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە، قسەی لەسەر بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

کێشەی کورسیی کۆتاکان پرسی ژمارەی کورسیی کۆتاکان نییە کە ژمارەیان ١١ کورسییە، کێشەی سەرەکی میکانیزمی دەنگدانە بە کۆتاکان، یان کێ ئەو کورسیانەی پەرلەمان پڕ دەکاتەوە؟ لەم گفتوگۆیە باسیان لەوە کرد، لەبەر ئەوەی پرۆسەی دەنگدان کراوەیە و لایەنێکی سیاسی دەنگیان پێ دەدا، بەڵام لە بەرانبەریشدا و لە ڕووی یاساییەوە هیچ ڕێگرییەك نییە، ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یان بزووتنەوەی گۆڕان کاندیدیان هەبێت لەناو کریستیانەکان و دەنگی پێ دەدەن، تەنانەت کۆمەڵی دادگەری و یەکگرتووی ئیسلامی دەتوانن لەناو برا تورکمانەکان کاندیدیان هەبێت و دەنگیان پێ بدەن. یان هەندێك ناوچە کە دانیشتووانی ئەو پێکهاتانەی لێ نییە، نەهێڵین دەنگ بە کۆتای پێکهاتەکان بدەن.

کێشەیەکی دیکە کە لایەنە سیاسییەکان باسی دەکەن، پرسی « دەنگدانی تایبەت»ـە، کە هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش دەگرێتەوە، ئەمانە تاجی سەر سەری ئێمەن، چونکە ئەوان دەمرن بۆ ئەوەی ئێمە بپارێزن، بەڵام وەك کۆمیسیۆن ئێمە پێشنیارێکمان کرد با بۆ دەنگدان بە کورسیی کۆتاکان لە دەنگدانی تایبەت نەبێت، بۆ ئەوەی جۆرە دڵنیاییەك بدرێتە لایەنە سیاسییەکان، بەمەش هەڵبژاردنە چۆن شەرعییەتی یاسایی دەبوو، لە هەمان کاتدا شەرعییەتی سیاسیشی دەبوو.

ئەم دوو پێشنیارەی ئێمە ناڵێم دوو پێشنیاری نموونەیین، بەڵام دەکرا گفتوگۆ و دانوستاندنی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی کێشەی کۆتای پێکهاتەکانیان چارەسەر بکردایە.

لایەنێکی دیکە کە پرسی جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکانە، ئەم بە هۆی کارانەبوونەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئێستا لای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقە، ئەگەر بتوانرێت تۆماری دەنگدەران جیا بکرێتەوە، کە پێموایە پێش ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی لە عێراقدا کارێکی ئاسان نییە، لەوانەیە تۆماری جیاکردنەوەی دەنگدەرانی پێکهاتەی کریستیان بکرێت، بەڵام جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی تورکمان زۆر ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەم جیاکردنەوەیە پێویستی بە دیکۆمێنتی فەرمی هەیە ئەو دیکۆمێنتە فەرمییەش لەبەردەست نییە. بەڵێ ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین کە باشترین بژارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆتاکان ئەوەیە کە تۆماری دەنگدانیان بۆ جیا بکرێتەوە و هەر لەسەر بنەمای ئەم تۆمارە بنکەی دەنگدانی تایبەت بە خۆشیان بۆ بکرێتەوە.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە زۆر گرنگە ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری بکرێت و هەر چوارساڵ جارێك لەو ڕۆژەدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، هەر بۆ نموونە یاسای هەڵبژاردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو جۆرەیە کە دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك لە یەکەم سێشەممەی مانگی نۆڤمبەر هەڵبژاردن ئەنجام بدەن، ئێمەش گرنگە بە یاسا ئەو بەروارە دیاری بکەین. هەروەها زۆر پێویستە لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا بە زوویی ئامادە بکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەستوور کلیلی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەیە.

**جێگەی داخە کە لایەنە سیاسییەکان دوو جار غەدر لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان دەکەن، غەدری یەکەم ئەوەیە کە دەڵێن: کورسیی پێکهاتەکان زۆرن و دەبێت کەم بکرێنەوە، غەدری دووەمیش ئەوەیە دەیانەوێت لە بری پێکهاتەکان بڕیار بدەن و ئیرادەیان لێ زەوت بکەن**

**کێشەی کورسیی کۆتاکان پرسی ژمارەی کورسیی کۆتاکان نییە کە ژمارەیان ١١ کورسییە، کێشەی سەرەکی میکانیزمی دەنگدانە بە کۆتاکان، یان کێ ئەو کورسیانەی پەرلەمان پڕ دەکاتەوە؟**

**ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین کە باشترین بژارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆتاکان ئەوەیە کە تۆماری دەنگدانیان بۆ جیا بکرێتەوە و هەر لەسەر بنەمای ئەم تۆمارە بنکەی دەنگدانی تایبەت بە خۆشیان بۆ بکرێتەوە**



د. بارزان جەوهەر

مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین:

# ئەوانەی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق ناتوانن پێکەوە بژین لە کوردستان دراوسێی یەکن و هیچ کێشەشیان نییە

**د.بارزان جەوهەر مامۆستای زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، تۆژەرێکی بالایە لەسەر پرسە سیاسییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە گفتوگۆی ئەم جارە «هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان» بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە هەڵوەستەی لەسەر بایەخی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان کرد، بەم جۆرەش دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

بەشداریی من لەم گفتوگۆیەدا وەك ئەکادیمستێکی زانستی سیاسەتە، نە نوێنەری هیچ پێکهاتەیەکم و نە هیچ لایەنێکی سیاسی، من شرۆڤەی ئەم بابەتە دەکەم و تێڕوانینی خۆم لەسەر قسەی بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە دەخەمە ڕوو، هەر بۆیە ئەگەر شرۆڤەکانم بەلای لایەکدا شکایەوە، ئەمە مانای ئەوە نییە من لایەنگریی ئەو لایەنە دەکەم.

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان)ـە، من سەرەتا باس لە هەڵبژاردن دەکەم، لەم ڕوانگەیەوە وای دەبینم بێجگە لە دواکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن، مەترسییەکی دیکەش ڕووبەڕووی هەموومان بە پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکانیش دەبێتەوە، ئەویش کەمبوونەوەی ڕێژە بەشداریی هاووڵاتیانە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، ئەگەر سەیری چەند داتایەك بکەین، دەبینین ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان ( لە ٨٧٪ لە ساڵی١٩٩٢، ٧٥٪ لە ساڵی ٢٠٠٥، ٧٤٪ لە ساڵی ٢٠٠٩، ٧٣٪ لە ساڵی ٢٠١٣، ٥٧٪ لە

سالی ٢٠١٨، ٥٧٪ لە سالی ٣٧٪ لە سالی ٢٠٢١) بووە، ئەگەر ٨٧٪ سالی ١٩٩٢ بەراورد بکەین بە ٣٧٪ سالی ٢٠٢١، ئەوا دەبینین بە ڕێژەی ٥٠٪ ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا کەمی کردووە. ئەم ئامارانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە لەگەڵ ئەوەی شەرعییەتی سیاسی دابەزیوە، لە هەمان کاتدا متمانەی سیاسییش هەتا ئاستی ٣٠٪ دابەزیوە، کە ئەمەش مەترسییە گەورەکەیە.

لێرەوە ئەگەر بێینەوە سەر کۆتای پێکهاتەکان، ئەوا لەو خاڵەوە دەست پێدەکەم، پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، بووەتە کۆڵگە و پایەیەك بۆ سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و کەلتووری پێکەوەژیان تایبەت نییە بە حزبێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بنچەی ئەم کەلتوورە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەکردنی تاکی کورد و سۆشیالیزەکردنی تاکی کورد، هەروەها لەو پەروەردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەش کە هەیەتی، کە ئەمە وای کردووە خۆڕسکانە لایەنی بەرانبەر قبووڵ بکات، بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە لایەنی بەرانبەر چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو دەکات، لەم بارەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەیان بەڵگە و دیکۆمێنتی گرنگمان لە بەردەستە، زۆریش ناگەڕێینەوە داوەوە بۆ مێژوو، باسی سالی ٢٠١٤ دەکەین، کاتێك تیرۆریستانی داعش مووسڵ و چەند شارێکی دیکەی عێراقیان داگیر کرد و پاشانیش هێرشیان کردە سەر دەشتی نەینەوا و شنگالیشیان داگیر کرد و ئێزدییەکانیان جینۆساید کرد، هەمووشمان دەزانین لەو کاتەدا ئیمکانییەتی هەرێمی کوردستان چەند لاواز بوو، تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری بوو، بە هۆی شەڕی دژی داعش و بڕینی پشکی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، بەڵام بە هاوشێوەی دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی وەك تورکیا و ئوردەن، هەرێمی کوردستانیش دەرگای بۆ ئاوارەکان واڵا کرد و بە گەرمی پێشوازی لێکردن و نەوای ئارامی بۆ دابین کردن.

ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ سیستمی سیاسیی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش ناوچەکانی عەرەبی سوننەیان داگیر کرد، چەند عەرەبێکی سوننە پەنا بۆ بەغدا دەبەن، بەڵام دەرگایان بە ڕوودا ناکرێتەوە و لە کاتێکدا کە لە یەك نەتەوەن، کە هەر دووکیان عەرەبن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هەموو ئاوارە عەرەبەکان دەکرێت بە هەر دوو مەزهەبی (شیعە و سوننە)شەوە، ئێستا ئەو عەرەبی شیعە و سوننەیە کە لە ناو پارێزگاکانی عێراق ناتوانن پێکەوە بژین، لە هەولێر من ئەم دیوی ماڵەکەم دراوسێکەم عەرەبی سوننەیە و لەو دیوی ماڵەکەم دراوسێکەم عەرەبی شیعەیە. یان ئەگەر سەیری ئەرگۆمێنتی دیکە بکەین، دەبینین کریستیانەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بەتایبەتی لە بەغدا و مووسڵەوە، ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێڵن و بە کۆمەڵ ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بە شێوەیەك کریستیانەکان لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کەم بوونەوە، کە بەرەو ئەوە دەچێت لەو پارێزگایانە کریستیان نەمێنن.

لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بورووژێنین: ئایا پێکهاتەکان هەڕەشەن، یان دەرفەتن بۆ هەرێمی کوردستان؟ لە ئەزموونی ٣٠ ساڵەی هەرێمی کوردستان و پاشانیش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە شەرعییەتی پێ دراوە، بە ڕاستی لە هیچ کاتیکدا نەمانبینووە پێکهاتەکان هەڕەشە بووبن لەسەر هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەوە، بوونەتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەمیشە ئەو کەلتووری پێکەوە ژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی بە چاوی ڕێز و گەورەیییەوە سەیر کراوە.

ئەگەر پرسیارەکە بە دیوێکی دیکەشدا بکەین، ئایا هەرێمی کوردستان پێکهاتەکانی بەکارهێناوە وەك دەرفەت بۆ گەشەی ناسیۆنالیزمی خۆی، یان وەك لە مێژوودا بینیومانە ناسنامەی نەتەوەییان بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی کوردی؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین: ئەگەر سەیری قەزای عەنکاوە بکەین کە لە ناو شاری هەولێردایە و شوێنی نیشتەجێبوونی کریستیانە، بە شێوەیەکی گشتی دەبینین ئەو خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسایشەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کریستیانەکان

**ئەگەر ٨٧٪ ساڵی ١٩٩٢ بەراورد بکەین بە ٣٧٪ ساڵی ٢٠٢١، ئەوا دەبینین بە ڕێژەی ٥٠٪ ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا کەمی کردووە**

**هەمیشە ئەو کەلتووری پێکەوە ژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی بە چاوی ڕێز و گەورەیییەوە سەیر کراوە**

**ئەو خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسایشەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کریستیانەکان دابین کراوە، بۆ هەندێک گەڕەکی دیکە دابین نەکراوە**



**هەرێمی کوردستان تەنیا نەوایەکی ئارام نەبووە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکان، بەڵکو شەهید و قوربانیی داوە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوە ژیانە**

**ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەر پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش لە هەولێردا ڤیزە بە هاووڵاتیانی کوردستان دەدەن**

**ئەم پرسە ململانێیەکی سیاسی و دەستتێوەردانی هەرێمییە لەسەر بنەمایەکی سیاسی بۆ تێکدانی ئەو باڵانسە سیاسییەی ناو پەرلەمان، نەک تێکشکاندنی پێکهاتەکان**

دابین کراوە، بۆ هەندێك گەڕەکی دیکە دابین نەکراوە، ئێمە توێژینەوەی بەراوردکاریمان کردووە و دەزانین ئەگەر هەولێر بۆ کریستیانەکان شوێنیکی سەلامەت و خۆشگوزەران نەبێت، ئەوا کریستیانەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن کۆچ بکەن بۆ ئەورووپا و، بەتایبەتی لە دوای شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە، دەوڵەتانی ئەورووپی زۆر بە ئاسانی ڤیزە و مافی نشینگەیان پێ دەدان.

لایەنێکی دیکەی قووڵیی ڕەگ و ڕیشەی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەیە ڕووداوەکان ئەم هەرێمە تووشی پەرچەکردار ناکات، هەر بۆ نموونە ڕۆژانە هاووڵاتیانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم بە هێرش و بۆمببارانی وڵاتانی دراوسێ شەهید و بریندار دەبن، باغ و بێستانەکانیان دەسووتێنرێن، یان لە فڕۆکەخانەکانیان سووکایەتی بە گەنجێکی کوردستان دەکەن، لەسەر ئەوەی ئاڵایەکی کوردستان لە ناو مۆبایلەکەیەتی، بەڵام هەموو ئەم ڕەفتارانە نەبوونە پەرچەکردار و کاریگەریی لەسەر کەلتووری پێکەوە ژیانی کوردستان نەبووە.

لێرەدا دەخوازم ئەوە بڵێم، هەرێمی کوردستان تەنیا نەوایەکی ئارام نەبووە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکان، بەڵکو شەهید و قوربانیی داوە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوە ژیانە، لە بەرانبەریشدا هەرێمی کوردستان چاوەڕێی ئەوەشی نەکردووە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوە ژیانە پاداشت وەربگرێتەوە.

بەڵام خودی پتەوکردنی ئەم کەلتووری پێکەوە ژیانە و قوربانیدانە بۆ پاراستنی ئەم پێکەوە ژیانە، پێگەی کوردستانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بردووەتە ئاستێکی زۆر باڵا، ئێمە لە مێژووی پێشووی سیاسیی خۆماندا نەماندیوە سەرۆکەکانی فەرەنستا و پاپای ڤاتیکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، نەمانبینیوە سەرۆکی ئەمریکا تەلەفۆن بکات و بەرگری لە هەولێر بکات، هۆکاری سەرەکییش بۆ باڵابوونی شکۆی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەم پێکەوە ژیان و پلوڕالیزمەیە کە لە کوردستاندا هەیە. ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەر پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش لە هەولێردا ڤیزە بە هاووڵاتیانی کوردستان دەدەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٤ نووسینگەی نوێنەرایەتیی لە دەرەوە هەیە.

سەبارەت بە هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکانیش، شتێك هەبوو دەمەوێت ڕاستی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە پرسی کورسیی کۆتاکان لە ناو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢دا هەیە، کە جارێکی دیکە دووبارە گەڕامەوە بۆ یاساکە، بینیم بابەتی کورسیی کۆتاکان لە ناو یاساکەدا نییە، بەڵکو لە ناو بڕیاری بەرەی کوردستانیدا ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام لە هەموارکردنەوەی یاساکەدا لە ساڵی ٢٠٠٤ کراوە بە ١١ کورسیی کۆتا، بەڵام لە یاساکەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٠٩ هاتووەتە ناو یاساکە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٩ وەك عورفێکی سیاسی و ڕێزگرتن لە پێکهاتە جیاوازەکان، کۆتای پێکهاتەکان دانراوە، ئەمەش نییەتباشی پیشان دەدات و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەگەر بپرسین: ئایا پێکهاتەکان هەڕەشەن بۆ سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؟ بێگومان ئەگەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆ ململانێی توند لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا هەیە، بەڵام من پیم وانییە تەنانەت ئەو حزبانەشی کە داوای جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکانیان کردووە، بیریان لە سڕینەوەی ناسنامەی پێکهاتەکان کردبێتەوە، ئەم پرسە ململانێیەکی سیاسی و دەستتێوەردانی هەرێمییە لەسەر بنەمایەکی سیاسی بۆ تێکدانی ئەو باڵانسە سیاسییەی ناو پەرلەمان، نەك تێکشکاندنی پێکهاتەکان.

ئەگەر لەسەر ئاستی هەر دوو یاسای هەڵبژاردنی هەرێم و عێراق بەراورد بکەین، دەبینین پەرلەمانی عێراق بۆ ٤٢ ملیۆن هاووڵاتی عێراقی تەنیا ٩ کورسیی کۆتای تەرخان کردووە، بەڵام هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ ٦ ملیۆن هاووڵاتی ١١ کورسیی کۆتای تەرخان کردووە، ئەمەش مانای ئیمتیازێکی دیکەیە کە هەرێمی کوردستان بە پێکهاتە جیاوازەکانی داوە.

سەبارەت بەو سکاڵایەشی لەسەر کورسیی کۆتاکان دراوەتە دادگای فیدڕاڵی، بێگومان ئەو دادگایە دەسەڵاتی ئەوەی نییە، بڕیار لەسەر کورسیی کۆتاکانی هەرێمی کوردستان



بدات، ئەگەر سەیری ماددەی ٩٣ی دەستووری عێراق بکەین، دەبینین دادگای فیدراڵی ئەو دەسەڵاتەی نییە دەستکاریی کورسیی کۆتاکان بکات، چونکە ئەگەر بڕیار لەسەر کورسیی کۆتاکانی هەرێمی کوردستان بدات، ئەی چی لە کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی عێراق دەکات؟ خۆ ئەگەر دادگای فیدراڵی هەڵەیەکی دیکە هاوشێوەی هەڵەکانی پێشتری بکات، کە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان کردوویەتی، ئەوا پێم وایە کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ پێکهاتەکان دروست نابێت، بە ڕاشکاوی دەڵێم، پێشتر هەرێمی کوردستان لەسەر داوای پێکهاتەکان کورسیی کۆتای بۆ تەرخان نەکردوون، یان بۆی زیاد نەکردوون، بەڵکو ئازادانە بیری لەوە کردووەتەوە کە پێویستە پێکهاتەکان کورسیی کۆتایان بۆ تەرخان بکرێت، هەر بە هەمان شێوە بڕیاری دا کورسیی کۆتاکان زیاد بکرێن. لەمەش زیاتر سەنگ و ڕێزی پێکهاتەکان بە کورسیی پەرلەمان نییە، بۆ نموونە نەتەوەی ئەرمەن، یەك کورسیی هەیە، ئەم کورسییە تەنیا ئیمتیازێکە کە تەعبیر لە جۆرێك لە دانپێدانان دەکات بە گیانی ئەو پێکەوە ژیانەی لە کوردستان هەیە.

دیسان ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، دادگای فیدراڵی ئەم هەڵەیەش دەکات، ئەوا ڕێگەی دیکە هەیە کە بە شێوازی دیکە و لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی جێبەجێکردندا قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە.

کەواتە تەنات ئەگەر بڕیارێکی هەڵەی لەو جۆرەش بدرێت، ئەم بڕیارە ناسنامەی پێکهاتەکان ناسڕێتەوە، بەڵکو دەبێتە هاندەرێکی زیاتر بۆ تێکەڵاوبوون و برەودان بە گیانی پێکەوە ژیان، بۆیە من لەم ڕوانگەیەوە لەگەڵ بۆچوونی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش نیم، کە پێداگری دەکەن بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدانی پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە، ئێمە چەندین ساڵە کار بۆ ئەوە دەکەین کە زیاتر تێکەڵاوی یەکتری ببین، بۆیە ئەم تێکەڵاوییە گیانی هاووڵاتیبوون و نیشتمانیبوون زیاتر دەکات، پەرلەمان دەکاتە سەکۆیەکی نیشتمانیی ئەوتۆ کە لەگەڵ بنەماکانی یاسا و دادپەروەریدا یەك دەگرێتەوە.

**پەرلەمانی عێراق بۆ ٤٢ ملیۆن هاووڵاتی عێراقی تەنیا ٩ کورسیی کۆتای تەرخان کردووە، بەڵام هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ ٦ ملیۆن هاووڵاتی ١١ کورسیی کۆتای تەرخان کردووە**





## عەبدولڕەزاق عەلی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# کۆتای پێکهاتەکان لەپاڵ کۆتای ژناندا دوو سیمای عەدالەتخوازانەی ئەزموونی حوکمڕانی و پەیڕەوکردنی دیموکراسین لە هەرێمی کوردستاندا

**عەبدولڕەزاق عەلی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەڕێوەبەری گشتیی ئێزگەی دەنگی کوردستانیشە، توێژەر و ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموونە لە بواری بایەخدانی بە گرنگیی پاراستنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کورستان، سەبارەت بە تایتڵی گفتوگۆی ئەم جارە (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

بەرلەوەی دوو قسە لەسەر مافی پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردستان و سیستمی کۆتا و هەڵبژاردن بکەین، با چوار ڕاستی بخەینە ڕوو، یەکەم: ڕێکخستن و چەسپاندنی سیستمی کۆتای پێکهاتەکانی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، یەکێك لە گەشترین ڕووەکانی ژیانی سیاسی و حقووقی هەرێمی کوردستانە. بوونی کۆتای پێکهاتەکان لەپاڵ کۆتای ژناندا سەرباری چەسپاندنی ئەمەی دواییان لە نێو دەستووری عێراقیشدا، دوو سیمای دیموکراسییانە و عەدالەتخوازانەی ئەزموونی حوکمڕانی و پەیڕەوکردنی دیموکراسین لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە هەر بیرکردنەوە، یان هەوڵێك بە ئاراستەی نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی ئەو مافە ئینسانی و دیموکراسییانەیە، جا بە هەر بیانوویەك و لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت، زوڵمە لە ماف و بوونی ئەو پێکهاتانە، زەبرە لە بنەماکانی دیموکراسی و لەکەدارکردنێکی گەورە و بەئەنقەستی ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی حوکمڕانیی خەڵکی کوردستانە. ڕاست و ڕەوان، بە بێ بوونی ئەو کۆتایانە، چ هی ژنان و چ هی پێکهاتەکان، ناتوانین باسی لایەنی هەرە کەمی دیموکراسی و عەدالەت بکەین.

ڕاستینەی دووەم ئەوەیە: لە هەموو ئەو وڵات و سیستمە دیموکراسییانەی کە پەیڕەوی سیستمی کۆتایان تێدا دەکرێت، کۆتا، بە ژمارەی ئەو پێکهاتەیە، یان ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی نوێنەرایەتی دەکات، مامەڵەی لە تەکدا ناکرێت، کۆتا، مافێکی وازلێنەهێنراوی دیموکراسییانە و ئینسانییانەی سیمبوولییانەیە و بە ژمارە ناپێورێت.

ڕاستینەی سێیەم: لە ڕووی لۆژیکی و واقیعییەوە، دەبێت کۆتای پێکهاتەکان بۆ ئەو ناوچانە بێت کە ئەو پێکهاتانەی تێدا دەژین، هەوڵدان بۆ دابەشکردنیان واتە تەرخانکردنی کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو لە شار، یان بازنەیەکی هەڵبژاردن کە ئەو پێکهاتەیەی تێدا نییە، یان ناژی، ئەمە بیانووی سیاسییە، نەك مافی دیموکراسی، بۆیە ئەو هەوڵانەی بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دەدرێن و بوونەتە هۆکاری دواختنی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، بیانوون و دروستکردنی ئاستەنگی نایاسایی و نالۆژیکین لە بەردەم ئیستیحقاقێکی دیموکراسیدا.

ڕاستینەی چوارەم: ئەوەی ئەمڕۆ بە هۆکاری سیاسییانە و لەپێناو بەرژەوەندیی حزبیانەدا، بیانوو بە کۆتای پێکهاتەکان دەگرێت، سبەی لە یەکەمین دەرفەتدا بە هەمان مونتەڵەق و بەناونیشانێکی دیکە بیانوو بە کۆتای ژنانیش دەگرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا بەڕاست ئێمە هەموو مافە ئینسانی و دیموکراسی و سیاسی و کەلتوورییەکانی پێکهاتەکای کوردستانمان وەك پێویست دابین و جێبەجێ کردووە، تا ئێستا بێین بیانوو بە کۆتاکانیان بگرین؟ بەڕاست دونیای دیموکراسی و دەوڵەتانی دۆست کە بە ڕاستی پاڵپشتیی کوردستانیان کردووە و دەکەن، لێمان قەبووڵ دەکەن لە جیاتی فراوانکردنی زیاتری مافی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرژەوەندیی ئەم یان ئەو حزب دەست بۆ مافە بنەڕەتییەکانی ئەو پێکهاتانە بەرین؟

ئەوەی لەم پرسەدا پێی گەشبینم ئەوەیە کە دیدگە و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی ئەم تەنگژەیە بەو جۆرەیە کە ناکرێت و نابێت حزبە سیاسییەکان لەبری پێکهاتەکان بڕیار بدەن، پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان هاووڵاتی ڕەسەنی ئەم کوردستانەن و دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەرکی سەرشانی حزبە سیاسییەکانیشە ڕێز لە ویست و ئیرادەی پێکهاتەکان بگرن، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتەکانی سەر پشك کردووە، هەر بڕیارێك ئەوان بیدەن، هەتا ئەگەر لە بەرژەوەندیی ئەم حزبەش نەبێت، ئەوا پارتی کوردستان ڕێزی لێ دەگرێت، ئەم ئاراستەیە ئێستا هەست دەکرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان بووەتە قەناعەتی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە (بێجگە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هەموویان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە دەبێت نوێنەرانی کۆتای پێکهاتەکان خۆیان بڕیار بدەن، بەوەی ئایا دەیانەوێت بە یەك بازنە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، یان کۆتاکانیان بەسەر چوار بازنەدا دابەش بکرێت.

ئەوەی دەمێنێتیەوە، ئەو سکاڵایەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کە لەسەر کەمکردنەوەی کورسیی کۆتاکان بە تایبەتی پێنج کورسیی کۆتای تورکمانەکان و کورسییەکی کۆتای ئەرمەنەکانە، پێشکەشی دادگای فیدڕاڵیی کردووە، لەگەڵ ئەوەی جارێ دیار نییە، ئەم دادگایە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم سکاڵایە دەکات، بەڵام ئەگەر لە ڕەهەندی دەستووری و یاساییەوە سەیری کورسیی کۆتاکانی کوردستان بکەین، ئەوا چۆن لە پەرلەمانی کوردستان کورسیی کۆتا هەیە، بە هەمان شێوە لە پەرلەمانی عێراقیش کورسیی کۆتا هەیە، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت، دادگای فیدڕاڵی ئەو دەسەڵاتەی نییە بڕیار لەسەر پرسێکی لەو جۆرە بدات، بەڵام پێشکەشکردنی سکاڵا لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەرگرتنی ئەم سکاڵایە لەلایەن ئەو دادگایەوە، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەم دادگایە بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان لە دیدگای سیاسییەوە تەفسیر بۆ دەستوور دەکات، نەك یاسایی، هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێت کە زۆر جار بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی دەگاتە ئەو ئاستەی هەموو هێڵە سوورکان ببەزێنێت و باکی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان نەبێت.

**ڕێکخستن و چەسپاندنی سیستمی کۆتای پێکهاتەکانی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، یەکێک لە گەشترین ڕووەکانی ژیانی سیاسی و حقووقی هەرێمی کوردستانە**

**ئەو هەوڵانەی بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دەدرێن و بوونەتە هۆکاری دواختنی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، بیانوون و دروستکردنی ئاستەنگی نایاسایی و نالۆژیکین**

**پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان هاووڵاتی ڕەسەنی ئەم کوردستانەن و دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن**



**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# نوێنەرانی پێکهاتەکان پشتگیری لەوە دەکەن کۆتای پێکهاتەکان یەک بازنە بێت و کورسییەکانیان بەسەر بازنەکەدا دابەش نەکرێن

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە و یەکێکە لە ئامادەکارانی «بەیەکەوە ژیان لە کوردستان لە دیدی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکانەوە»، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

دوای ئەوەی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری دا هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان ئەنجام بدرێت و، ئەو بۆشاییە یاساییە پڕ بکرێتەوە و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، سەرۆك مەسعود بارزانی ڕایگەیاند: «ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانی منە».

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەو مەبەستە ئاماژە پێ کرد، کە بڵێم کاتێك باس لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، مەبەست لێی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەشداریی پرۆسەی خۆیان بکەن و بە ئیرادەی خۆیان دەنگ بدەن و نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن.

بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا خەڵکی کوردستان کێن؟ بێگومان کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی مۆزائیکی هەمەچەشنە و، بێجگە لە نەتەوەی کورد، چەندین نەتەوەی دیکە وەك (تورکمان، کلدو سریان و ئاشوور، ئەرمەن) هەن کە هاووڵاتیی ڕەسەنی ئەم نیشتمانەن، بەڵام لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی گشتی ناتوانن بە دەنگەکانیان نوێنەری خۆیان بنێرنە پەرلەمان، بۆیە لە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ١٠٥ کورسی دەستنیشان کرا، ١٠٠ کورسییان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا ململانێی لەسەر دەکرێت، پێنج کورسییەکەی دیکەی کۆتا بوو بۆ پێکهاتەی «کلدو سریان و ئاشووری».

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا وەك ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان کە پێنج کورسیمان بۆ کۆتای پێکهاتەکان دەستنیشان کرد، ئەرێنی بوو بۆ ئەم ئەزموونە یان نەرێنی؟ بێگومان ئەرگۆمێنتەکانی ٣٠ ساڵی ڕابردووی ئەزموونی هەرێمی کوردستان پێمان دەڵێن، تەرخانکردنی ئەو پێنج کورسیی کۆتایە لە ساڵی ١٩٩٢، ڕوویەکی

گەشی بە ئەزموونە دیموکراتییەکەمان بەخشی و جیهان بە چاوی ڕێزەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کرد، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ بە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ بازنەی کورسیی کۆتاکانی فراوانتر کرد و ژمارەی کورسیی کۆتاکانی لە پێنج کورسییەوە کرد بە ١١ کورسی و، ئەم شەش کورسیەش پێنجیان تەرخان کران بۆ تورکمانەکان، یەکێکیشیان بۆ ئەرمەن.

کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوە جیاوازەکان دانراون، جیاواز لە کۆتاکانی پەرلەمانی عێراق کە لەسەر بنەمای ئایینی دانراون، هەر بۆیە پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی کوردستانیش وەك خاتوو مونا قەهوەچی ئاماژەی پێ کرد، ئەوانیش داوایان کردووە کە کورسیی کۆتایان بۆ تەرخان بکرێت، لە ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بازنەی ئەم جارەشدا بینیمان کە ئێزدییەکان دوای کورسییەکی کۆتا لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك دەکەن و، کاك سەربەست ئامێدییش سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد، کە ژمارەی دەنگدەرانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆك لە ٣٠ هەزار دەنگ زیاترە، ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پیشان دەدات، کە خواستی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بەرەو ئەو ئاراستەیەیە کە بازنەی ئەم پێکەوە ژیانە ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکان فراوانتر بکرێت و، زیاتر ڕیشەی خۆی دابکوتێت و هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت.

ئەم ڕووە گەش و پڕ شکۆ و مرۆڤایەتییەی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوە ژیان پیشانی داوە، بەداخەوە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (دوایین خول) بە بیانووی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بووە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان بۆ دواخستنی چەند جارەی هەڵبژاردنی کوردستان، کە ئەمەش کوردستانی خستووەتە ناو بۆشاییەکی یاسایی و دەستووریی ئەوتۆوە کە کەس بەخیلیمان پێ نابات و ئۆباڵی ئەم هەڵانەش هەمووی لە ئەستۆی خۆمانە و، لەبەر بەرژەوەندیی حزبی ئەم بۆشاییە یاسایی و دەستوورییەمان بۆ خۆمان دروست کردووە.

لەم گفتوگۆیەدا کە نوێنەرانی ئەو حزبە سیاسییانە بەشدارن کە لە پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنیان هەیە، بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئاماژەی بە هەڵوێستی کۆمەڵی دادگەری کوردستانیش کرد، کە ئەوانیش هەمان هەڵوێستی (گۆڕان و یەکگرتوو) یان هەیە لەسەر پرسی پێکهاتەکان، کە دەبوو نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش ئامادە بوایە لەبەر ئەوەی هەم بانگهێشتمان کردبوو، هەمیش بەڵێنیان پێدابووین ئامادە ببن، بەڵام بەداخەوە کاتژمێرێك پێش دەستپێکردنی ئەم گفتوگۆیە پێیان ڕاگەیاندین ئامادە نابن، هەروەها نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانیش لەم گفتوگۆیەدا بەشدارن، ئەوەی دوای ئەم گفتوگۆیە ڕاشکاوە پێی گەیشتین ئەوەیە:

١-حزبە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کە سکاڵایان لەسەر کورسیی کۆتاکان داوەتە دادگای فیدراڵی، هەموویان هەڵوێستیان بەو جۆرەیە کە پێکهاتەکان خۆیان چ بڕیارێك دەدەن، ئەوان ڕێز لە بڕیار و ئیرادەی پێکهاتەکان دەگرن.

٢-نوێنەرانی پێکهاتەکان بە کۆی دەنگ پشتگیری لەوە دەکەن کە کۆتای پێکهاتەکان یەك بازنە بێت و کورسییەکانیان بەسەر بازنەکەدا دابەش نەکرێت.

٣- ڕای زۆربەی ئامادەبووان و ڕای وتەبێژی بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا بوون هیچ کێشەیەك نابێت، ئەگەر لە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان، سندوقی دەنگدانی پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە.

ئەم چەند خاڵە کە دەکرێت بڵێین کۆدەنگیی بەشی هەرە زۆری لایەنە کوردستانییەکان و پێکهاتەکانی لەگەڵە (بێجگە لەیەك لایەن) جۆرێکە لە گەشبینی بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەك بخەین، بۆ ئەوەی ئەم گرفتەی بووەتە لەمپەر لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لای بەرین و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەو کاتەی بۆ دیاری کراوە، بەڕێوە بچێت، کە ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو بۆشاییە یاسایی و دەستوورییە پڕ بکەینەوە، کە خۆمان بە دەستی خۆمان دروستمان کردووە.

**تەرخانکردنی ئەو پێنج کورسیی کۆتایە لە ساڵی ١٩٩٢، ڕوویەکی گەشی بە ئەزموونە دیموکراتییەکەمان بەخشی و جیهان بە چاوی ڕێزەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کرد**

**کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوە جیاوازەکان دانراون، جیاواز لە کۆتاکانی پەرلەمانی عێراق کە لەسەر بنەمای ئایینی دانراون**

**خواستی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بەرەو ئەو ئاراستەیەیە کە بازنەی ئەم پێکەوە ژیانە ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکان فراوانتر بکرێت**




## پ.د. نەزاکەت حوسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:


# کۆتای پێکهاتەکان زامنی پاراستنی پێکەوەژیان وفرەییە لە هەرێمی کوردستان

**پ.د.نەزاکەت حوسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکاری مافی ڕۆژنامەنووسانیشە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) بەم جۆرە دید و بۆچووون و پێشنیارەکانی خۆی خستەر ڕوو:**

لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیان و فرەیی شتێك نییە تازە دەستەبەر کرابێت، بەڵکو لە مێژووی بوونیدا بەم خەسڵەتە ناسراوە، چونکە کۆمەڵگەکەی لە سەرەتا و تا ئێستاش لە ئایین و نەتەوەی جیاواز پێك هاتووە، کوردستان نیشتمانی هەموومان بووە، بە هەموو زمان و نەتەوە و ئایینەکانەوە، هەمووان وەك یەك مافی هاووڵاتیبوون و نیشتەجێبوون و بەشداریکردنی دەسەڵات و مافیان لە پێگەی یاساندان و جێبەجێکارییەکاندا هەبووە، ئەمە فرەدەنگی و فرەڕەنگییەکی دروست کردووە، کە خاڵێکی بەهێزی نیشتمانەکەیە، هەموو پێکهاتەیەکیش دەبێت بەشداریی دەسەڵات بکات و بەپێی ڕێژەی خۆی دەبێت لەو وڵاتەدا دەنگی هەبێت، میکانیزمی بوونی دەنگ و بەشداریکردنی دەسەڵاتیش بوونی نوێنەرایەتییە لە پەرلەمان و پێگە ئیدارییەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەوەش شتێکی سرووشتییە لە هەر وڵاتێکدا کە کۆمەڵگەیەك، چینێك، کە ڕێژەکەی کەم بووبێت و نەیتوانیبێت بە ئاسانی و لە هەڵبژاردندا کورسی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەوا کۆتای بۆ دانراوە.

کۆتا میکانیزمێکی گونجاو و یاساییە لە هەر وڵاتێکدا کە پێویستی پێی هەبێت، لە هەرێمی کوردستانیش بوونی پێکهاتە ئایین جیاواز و نەتەوە جیاواز، کە بەشێکی پێکهێنەری مێژووی ئەم کۆمەڵگەیەن و بەشداربوون لە خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەم میللەتەدا و قوربانییان داوە، کوردستان نیشتمانی خۆیانە، دانانی کۆتا بۆیان کە بە یاسا جێگیر کراوە و لە خولەکانی پێشوودا زامنی گەیشتنیان بووە بە پەرلەمان و نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەکەیان



و داکۆکی و دەستخستنی مافەکانیان.

لە ئێستادا قسەکردن لەسەر دەستکاریکردن، یان گۆڕانکاری لە ژمارە، یان میکانیزمی دەنگدانیان جیاواز لەوەی پێشوو، قەلەقی و دڵەڕاوکێی لەدەستدانی ئەو مافە لای پێکهاتەکان دروست کردووە، ئەوان ڕازی نین بە هیچ دەستکاری، یان گۆڕانکارییەك، چونکە دەزانن ناتوانن بگەن بە مافەکانیان و بەشداریکردنی دەسەڵات. ئەگەر لەبەر هەر مەبەستێکی دیکە نییەتی گۆڕینی بازنەکانیان، یان میکانیزمی دەنگدانیان هەبێت، دەستکاریکردنی کۆتا نەك تەنیا مەترسیی بۆ سەر مافەکانی ئەوان دروست دەکات، بەڵکو مەترسی بۆ سەر پرسی پێکەوەژیان و فرەیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ئەم هەرێمەش دروست دەکات. مافی هاووڵاتیبوون و پێکەوەژیانی ڕاستەقینە دەستەبەر نابێت و گەشە ناکات، تەنیا لە ژینگەیەکی ئارامی سیاسی و دیموکراسیدا نەبێت، کە باوەڕی بە فرەیی و یەکسانی و قەبووڵکردنی بەرانبەر و مافی هەمووان هەبێت، لە پێکەوەژیانی ئاشتیی دوور لە ڕۆحی ململانێ و ناکۆکیی گرووپەکان، هەر وەك لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ساڵی (١٩٩٢) هاتووە: «قووڵکردن و پاراستنی مافی ئەو کەسانەی کە ئینتیمایان هەیە بۆ نەتەوە، یا گرووپ، یا پێکهاتەی ئایینی و زارەکی، هاوکار دەبێت بۆ سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین»، بۆیە پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و تەنانەت جیاوازی لە زمان و کەلتووریشدا لە هەرێمی کوردستان بووەتە چەقی ئاشتی و پێکەوە هەڵکردن، سنووری ئەم پرسە گەیشتووەتە ئاستی تێکەڵبوونی کەلتوور و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، لە دانانی کۆتا و ئەو ڕێژە کورسییە بۆیان، ئەوەش ڕەچاو کراوە کە ئەم پێکهاتانە لە هەندێك ناوچەی هەرێمی کوردستان چڕبوونەتەوە و نیشتەجێن و لە هەندێك ناوچە کەمن، بۆیە بازنەی خۆیان بۆ دیاری کراوە، ناکرێت لە ئێستادا لەسەر بناغەی بازنەی پارێزگا و جوگرافیا دەستکاریی ئەمە بکرێت، هەر گۆڕانکارییەکیش بکرێت، پێویستە لەگەڵ خۆیان قسە بکرێت و خۆیان یەکلاکەرەوەی ئەو بڕیارە بن و ڕەزامەندیی خۆیانی لەگەڵدا بێت، چونکە باسەکە پەیوەندیی بە چارەنووس و مافی ئەوانەوە هەیە بە تەنیا، نەك هیچ حزب و لایەنێکی دیکە، مێژووی ڕابردووش لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستاندا گەواهیی ئەوە دەدات، ئەو پێکهاتانە خواستەکانیان و هەڵوێستیان هاوتەریب بووە لەگەڵ خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پارێزەری کیان و قەوارەی ئەم هەرێمەن.

**کوردستان نیشتمانی هەموومان بووە، بە هەموو زمان و نەتەوە و ئایینەکانەوە، هەمووان وەک یەک مافی هاووڵاتیبوون و نیشتەجێبوون و بەشداریکردنی دەسەڵات و مافیان لە پێگەی یاساندان و جێبەجێکارییەکاندا هەبووە**

**دەستکاریکردنی کۆتا نەک تەنیا مەترسیی بۆ سەر مافەکانی ئەوان دروست دەکات، بەڵکو مەترسی بۆ سەر پرسی پێکەوە ژیان و فرەیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ئەم هەرێمەش دروست دەکات**





## د.جەلال ئەحمەد

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# کۆتا پارسەنگێکی باش و گونجاوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە پرسی بڕیارەکانی زۆرینە و کەمینەدا

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین — هەولێر، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

کۆتا وەك میکانیزمێك لە ڕووی سیاسییەوە تا ئەندازەیەك لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەرکەوتوو بووە، هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە وڵاتە فرە ئێتنییەکان بە ڕەچاوکردنی لایەنە ئەرێنییەکانی، جێگیریان کردووە و کاری پێ دەکەن، دوا جار بە حوکمی فرەجۆریی پاشخانی کۆمەڵایەتی، کۆتا ڕەهەندێکی سیاسی و یاسایی و جیهانیی دیاری بە خۆیەوە گرتووە. جیاکاریی ئەرێنی وەك پرەنسیپی سەرەکی و فەلسەفەی سیستمی کۆتا، ئامانج لێی کەمکردنەوەی جیاکاریی نەرێنی و پشتگوێخستنە، جا بە هەر هۆکارێکی ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی و ڕەنگی پێست و هەر تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژییەوە بێت. لە بنچینەدا و وەك چەمك کۆتا (quota) وشەیەکی لاتینییە و بە مانای پشکی ڕێژەیی دێت، یا وەك دەوترێ میکانیزمێکە بۆ چارەسەرێکی کاتی (Affirmative action) کە سەرچاوەکەی پرەنسیپی یەکسانییە بە واتای کردار، یا ڕێکاری پەسند، دەستپێکی ئەمە لە ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆن کنێدی دەستی پێکرد لە چوارچێوەی سیاسەتێکدا بۆ دانانان بە مافی گرووپ و توێژە مافخوراوەکان وەك بەشێك لەو بەرنامە و سیاسەتەی ناویان نابوو «شەڕی هەژاری»، بەتایبەت لە سەردەمی خەباتی مەدەنیی ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتەدا، هەر لەو چوارچێوەیەشدا لە ساڵی ١٩٦٥ کۆتا بە تەرخانکردنی ڕێژەیەك کورسیی خوێندن بۆ قوتابیانی ئێتنۆگرووپەکان کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، دواتر بزاڤی ئافرەتان و تێنۆگرووپەکانی دیکەش کە خۆیان بە مافخوراو دەزانی، ئەو داخوازییەیان خستە ڕوو.

لە ڕووی جۆرەوە سێ جۆر سیستمی کۆتای جێبەجێکاری هەن: کۆتای دەستووری (Constitutional Quota) کە بە ماددە و دەقێکی دەستووری ژمارەیەك کورسیی پەرلەمانی بۆ ژنان و ئێنۆگرووپێکی ئێتنی یا ئایینی دیاری دەکرێن، کۆتای یاسای هەڵبژاردن (Electoral law Quota) کە لە چوارچێوەی یاسای

هەڵبژاردندا لە بەرژەوەندیی ژنان و ئێتنۆگرووپەکان ژمارەیەك کورسی یەکلا دەکرێنەوە، کۆتای یاسای حزبە سیاسییەکان (Political Party Quota) وەك ئەوەی هەندیك لە حزبەکان لە چوارچێوەی پەیرەو و پرۆگرامدا پەیرەوی دەکەن، جا بە خواستی خۆیان بێت، یا دەستوور و یاسا بۆیانی دیاری کردبێت.

بەگشتی کۆتا ڕێوشوێنێکی سیاسی و یاساییە بۆ تەرخانکردنی ژمارەیەك کورسیی پەرلەمانی، یا ئەرك و مافی دامەزراوەیی حکوومی بۆ پێکهاتە ئێتنۆ نەتەوەیی، یا ئایینی ڕەگەزی، یا توێژێکی دیاریکراو وەك قەڵغانێك بۆ پاراستن و زامنکردنی ئەرك و مافەکانیان و تەعویزکردنەوەی جیاکارییەکی نەرێنی بە جیاکاریی ئەرێنی و، بەرجەستەکردنی یەکسانی لە چوارچێوەی دادی کۆمەڵایەتی و سەقامگیرکردنی لێبوردەیی و بەیەکەوەژیانێکی ئاشتییانەدا.

وەك زۆربەی شتەکانی دی، کۆتاش لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لایەنە ئەرێنییەکانی بریتین لەوەی کە کۆتا مافی بەشداریکردن بە بێ جیاوازی و بەپێی قەبارە بۆ هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکان دەڕەخسێنێ، لە سەرووی جیاوازییەکانیانەوە، بەتایبەت کە بە یاسا مافەکانیان دەپارێزێت، دەبێتە پارسەنگێکی باش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و بەدیهێنانی داد و یەکسانی، بەربەستێکی باشیشە بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە جیاکارییەك، ئامرازێکی بەجێیە بۆ کۆتاییهێنان بە کەلتووری دەمارگیری. لایەنە نەرێنییەکانیشی بەتایبەت لە کۆتای ژناندا هەست بە جۆرێك جیاکاری دەکرێت لە هەمبەر پیاواندا، بەتایبەت لە پرسی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا لەو وڵات و ژینگە کۆمەڵایەتییانەی تا ئێستا پرسی یەکسانبوونی ژن و پیاو پرس و کێشەیەکی سەرەکییە. هاوکات چارەسەرێکی کاتییشە نەك بەرجەستەبوونێکی ڕاستەقینەی دیموکراسی، جگە لەوەی ڕووی لاواز و هەندێك جار سەپێندراوی پێکهاتەکان، بەتایبەت ئافرەتان نیشان دەدات لە ڕووی بەشداری، یا ڕاستتر بڵێین بەشدارپێکردنەوە، لە ڕووی ئێتنییشەوە کۆتا زۆرجار ڕۆڵ و بەشداریی سیاسیی پێکهاتەکان دەکاتە قوربانی ململانێی سیاسی لەو وڵاتانەی لە ڕووی سیاسییەوە بە ئەندازەی پێویست سەقامگیر و دامەزراوەیی نین، ئەمەش دەیانخاتە دۆخی جۆرێك پەرتبوون و دابەشبوون بەسەر بەرەی جیاجیادا. جگە لەوەی هەندێك کۆتا بە جۆرێك لە سنووردارکردن دەزانن و پێیان وایە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا ناکۆك و نەگونجاوە. سەرباری هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەش، بەگشتی کۆتا پارسەنگێکی باش و گونجاوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە سەروبەندی یەکلاکردنەوەی بڕیارەکان بە زۆرینە و کەمینە، دەنا کێ لە مافی ئەوانەوە دەپێچێتەوە و دەنگیان دەگەیەنێت، کە لە ڕووی ژمارەوە ناتوانن ململانێ لەسەر دەنگ و بەدەستەوەگرتنی پێگە و بەرپەرسیارێتییەکان لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا بکەن، کە لە ڕووی ژمارەوە زۆرینەن، ئەمە ئەم بنەمایە بووە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەر لەگەڵ دروستبوونیدا وەك هەوڵێك بۆ بنیادنانی سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی و دداننان بە ڕۆڵ و بەشداریی پێکهاتەکان لە خەبات و تێکۆشان بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا ڕەچاو کراوە.

ئەوەی جێی سەرنج و هەڵوەستەیە، ماوەیەکە کۆتا بووەتە پرس و جێی مشتومڕ و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان، سەبارەت بە ژمارەی کورسی و تۆماری تایبەت و بازنەی هەڵبژاردن و، مافی کێیە دەنگیان پێ بدات؟ ئەم پرسە بە ئەندازەیەك ڕەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندی و ململانێی نێوان حزبەکاندا، بەتایبەت یەکێتی و پارتییەوە هەبوو، کە دوا جار نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانی هێنایە سەر خەت و پێشنیاری چارەسەرکردنی ئەم پرسەی خستە ڕوو. لێرەدا من دەپرسم: ئەرێ بەڕاست ئەگەر باوەڕمان بە دیموکراسی هەیە، بۆ حزبەکان و تەنانەت یۆنامیش لێ ناگەڕێن پێکهاتەکان خۆیان بڕیار لە چارەنووس و یەکلاکردنەوەی ئەم پرسەیان بدەن؟ ئەرێ جێی هەڵوەستە نییە، کە لە ناوخوی پێکهاتەکانیشدا کەسایەتی هەن دژی خودی سیستمی کۆتان؟ بۆ ئەم پرسیارەی دواییان دەشێ بڵێم لە لایەکەوە بەرهەمی جۆرێك دەمارگیری و خۆ بە شیاوتر زانینە لە شایەنبوون بە کۆتا، لە لایەکیترەوە ناڕەزاییە لەوەی کە ڕەنگە سیستمەکە خزمەتی بە قەبارەی فعلیی بەشداری بەشێکیان نەکردبێت لە کایەی سیاسیدا.

وەك دوا سەرنجم دەمەوێ بڵێم: کۆتا لەسەر بنەمای ئایینی بە زیانی پێکهاتەی نەتەوەیی دەشکێتەوە... بۆ نموونە دانانی کۆتا بۆ کوردانی فەیلی و ئێزیدی لەسەر بنەمای ئایینی، ڕاستە چەند کورسییەك لە پەرلەماندا بۆ کورد زیاد دەکات، بەڵام بە مەزندەی من دوا جار هەوڵێك بووە بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد، بەتایبەت لە ناوچە جێناکۆکاندا، کۆتا قسە ئەو وتەیەی مەهاتما غاندیتان بە بیر دەهێنمەوە کە دەیگوت: «ئەگەر بتەوێ حوکم لەسەر بوونی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا بدەیت، دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ مامەڵەی ئەو وڵاتە لەگەڵ پێکهاتەکاندا بکەیت».

**جیاکاریی ئەرێنی وەک پرەنسیپی سەرەکی و فەلسەفەی سیستمی کۆتا، ئامانج لێی کەمکردنەوەی جیاکاریی نەرێنی و پشتگوێخستنە**

**کۆتا پارسەنگێکی باش و گونجاوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە سەروبەندی یەکلاکردنەوەی بڕیارەکان بە زۆرینە و کەمینە**

**کۆتا لەسەر بنەمای ئایینی بە زیانی پێکهاتەی نەتەوەیی دەشکێتەوە...بۆ نموونە دانانی کۆتا بۆ کوردانی فەیلی و ئێزیدی لەسەر بنەمای ئایینی**






**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**


# پاراستنی نیعمەتی پێکەوە ژیانی کوردستان لە چەند کورسییەکی کۆتای پێکهاتەکان گرنگترە

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەڵبژاردن و کۆتای پێکهاتەکان) بەم جۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

لە دیدارێکی ڕۆژنامەییمدا لەگەڵ مەتران بەشار وەردە پێی گوتم: «ئێمە وەك کەنیسە و پیاوانی ئایینیی کریستیان هەرگیز خۆمان تێکەڵاوی سیاسەت نەکردووە و لەسەر پرسە سیاسییەکان بێ لایەن بووین، بەڵام کاتێك لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ پیلانی هەمووارکردنەوەی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو، بۆ ئەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی لە گەرمەی شەڕی دژی داعش لە پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دوور بخرێتەوە، ئێمە وەك کەنیسە و وەك پیاوانی ئایینی کریستیانیش هەڵوێستی خۆمان ڕاگەیاند و گوتمان: ئەگەر ئەم پیلانە سەر بگرێت، ئێمە کوردستان بەجێ دەهێڵین». لە درێژەی قسەکانیدا و سەبارەت بە هاتنی قەداسەتی پاپا بۆ هەولێر و بەڕێوەچوونی نوێژی قەداسەت لە یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری، پێی گوتم: «بەرنامەی ڤاتیکان بۆ بەڕێوەچوونی ئەو نوێژە بەو جۆرە بوو کە لە یەکێك لە کەنیسەکانی عەنکاوە بەڕێوە بچێت، بەڵام ئێمە بۆ ڤاتیکانمان پێشنیار کرد، ئەو نوێژە لە یاریگای فرانسۆ هەریری لە ناو هەولێر بەڕێوە بچێت، لە کوردستان یەکتری قبووڵکردن هەیە و نوێژی قەداسەتیش بۆ مرۆڤایەتییە نەك تەنیا کریستیانەکان».

ئاماژەکردنم بە قسەکانی مەتران بەشار وەردە، بۆ ئەوەیە بیکەمە دەروازەیەك و هەڵوێستەیەك لەسەر ئەو نیعمەتی پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بکەم کە ئێستا لە کوردستان هەیە. ئەگەر سەیری ئەو کۆنفرانس و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە بکەین کە نزیکەی ١٠ ساڵە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان بەڕێوە دەچن، هەموویان یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی بە مەترسی دەزانن بۆ ئاشتی و ئاسایش لە جیهان و، هۆکارێك بۆ پووکانەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، ئەوەیە کە دیاردەی فرەکەلتووری «Multiculturalism» و یەکتری قبووڵکردن نەك تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە دەوڵەتانی ڕۆژئاواشدا لە بەردەم مەترسییەکی گەورەیەدا و خەریکە لە ناو خودی دەوڵەتانی ڕۆژئاواشدا هزرێکی توندڕۆیی پۆپۆلیزمی

چەپ و ڕاست هەڵدەکشێت و، هەموو بنەماکانی فرەکەلتووری دەسڕێتەوە و بەرەو دیاردەیەکمان دەبات، وەك ئەوەی بەهاکانی ڕۆژئاوا لە ناو ڕۆژئاوا کۆتاییان هاتبێت، کە ئەوان بەم زاراوەیە تەعبیری لێ دەکەن و پێی دەڵێن: «Westlessness».

ئەم نیعمەتی پێکەوە ژیانە لە هەموو ژینگەیەکدا دروست نابێت، ئەمە یەکێکە لە سیما جوانەکانی فیکر و عەقیدەی بارزان، کە مرۆڤبوون و خواپەرستی و خوداناسی و نیشتمانپەروەریی بە کردەیی لە ناو یەك بازنەدا بەرجەستە دەکات و، پرسەکەش تەنیا قبووڵکردنی بەرانبەر نییە، بەڵکو پاراستنی و بەرگریکردنە لە بەرانبەریش، بۆ ئەوەی جیاوازییەکان هەر بە زیندوویی بمێننەوە، ئەمەش وەك چۆن شێخ ئەحمەد بارزانی لە سەدەی ڕابردوو هێزێکی گەورەی نارد بۆ بەرگریکردن لە ئەرمەنەکان و لە ئاکامدا ١٤ پێشمەرگەی بارزانی بۆ بەرگریکردن لە ئەرمەنەکان شەهید بوون، هەمان فیکر و عەقیدە لە سەدەی ٢١ و لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی دیسان هەمان سەروەریی دووبارە کردەوە و، بینیمان چۆن دوای شەهیدبوونی سەدان پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە کریستیانەکان، پێشمەرگەیەکی قارەمان بە دەستی خۆی سەلیبەکەی لەسەر یەکێك لە کەنیسەکانی دەشتی نەینەوا دانایەوە.

لەم ئاراستەوە جێگەی داخە کە ئێمە لەم هۆڵەدا باس لەوە دەکەین، ئایا پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان شایستەی ئەوەن کورسیی کۆتایان هەبێت، یان باسی ئەوە دەکەین یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کێشەی کۆتای پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە، کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەری ڕێك نەکەوتوون.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چ پەیوەندییەکیان بە کورسیی کۆتای پێکهاتەکانەوە هەیە؟ ئایا مەبەستیان ئەوەیە لاسەنگیی سیاسی بە کورسیی کۆتاکان ڕاست بکەنەوە، یان بیکەنە بیانوویەك بۆ ئەوەی ژینگەیەك دروست بێت، تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان زیاتر دوا بکەوێت و، هەرێمی کوردستانیش زیاتر لەم بۆشاییە سیاسی و دەستوورییەدا بمێنێتەوە؟

لەم گفتوگۆیەدا بەرپرسانی بەشی هەڵبژاردنی (بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەتایبەتی کە ئاماژەشی بەوە کرد، هەڵوێستی کۆمەڵی دادگەریش لە پرسی کۆتای پێکهاتەکان وەك هەڵوێستی گۆڕان و یەکگرتووە، ڕێگەیەکی دووریان بۆ کورت کردینەوە، بەوەی کێشەی کۆتای پێکهاتەکان بە پلەی یەکەم لە نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ـە، لەمەشیاندا خۆشبەختانە وتەبێژی بەشی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی بەشەکانی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان، هەڵوێستی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ ڕاگەیاندین و گوتی: «سەرۆك مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشی هەڵبژاردن، فەرمانی پێ کردووین، بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروباری پێکهاتەکان وەرنەدەن و، ئەوان خۆیان بڕیار دەدەن و هەر بڕیارێك دەدەن ئازادن، هەتا ئەگەر ئەو بڕیارە دژی بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێت، ئێوە دەبێت ڕێزی لێ بگرن و پشتیوانی لێ بکەن»، لەمەش زیاتر گوتەبێژی بەشی هەڵبژاردن پێی گوتین: «هەموو ئەو داواکارییانەی لایەنە سیاسییەکان داوای دەکەن، وەك جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، دانانی سندووقی جیاواز، دەنگ نەدان بە پێکهاتەکان لە دەنگدانی تایبەت، ئێمە هەموو ئەمانە قبووڵ دەکەین، ئەگەر بڕیاری سەربەخۆی پێکهاتەکانی کوردستان بێت».

لە کۆی ئەم گفتوگۆیەدا ئەو سەرنجە دروست بوو، کە باشە ئەگەر بە پلەی یەکەم ئەم کێشەیە لە نێوان پارتی و یەکێتییە و، گازندەی ئەوە دەکەن کە پارتی لە پرۆسەی دەنگدانی تایبەتدا دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەکان دەدات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە خۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هێندەی پارتی دەنگدەری لە پرۆسەی (دەنگدانی تایبەت)دا هەیە، بۆ ئەویش دەنگ بەو کاندیدانەی پێکهاتەکان نادات کە خۆی دەیەوێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەرچی بیانووی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکرێت و، کەمن ئەوانەی ڕاستییەکە وەك خۆی دەبینن، یان دەریدەبڕن، ئەویش ئەوەیە هۆکاری نزیکی و هاوپەیمانیی کۆتای پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانە و پرسەکە ئەوە نییە پارتی دەنگیان پێ دەدات و بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوودیان لێ وەردەگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا پرسەکە ئەوەیە نزیکی و هاوپەیمانیی پێکهاتە جیاوازەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ لۆژیکی سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە، کە درێژەپێدەری فیکر و عەقیدەی بارزانە و، پێکهاتەکان لە ژێر چەتری ئەو فیکر و عەقیدەیەدا نەبێت، هەست بە ئەمان ناکەن، واتە پرسەکە زۆر لەوە گەورەتر سەیر دەکەن، کە ئەم پرسە تەنیا پرسی یەکتری قبووڵکردن نییە، بەڵکو پاراستن و بەرگریکردنیشە لەو پێکەوە ژیانە ئاشتییانەیەی کە ئێستا لەژێر سایەی سەرۆك بارزانیدا لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە.

**ئەم نیعمەتی پێکەوە ژیانە لە هەموو ژینگەیەکدا دروست نابێت، ئەمە یەکێکە لە سیما جوانەکانی فیکر و عەقیدەی بارزان، کە مرۆڤبوون و خوداپەرستی و خوداناسی و نیشتمانپەروەریی بە کردەیی لە ناو یەک بازنەدا بەرجەستە دەکات**

**شێخ ئەحمەد بارزانی لە سەدەی ڕابردوو هێزێکی گەورەی نارد بۆ بەرگریکردن لە ئەرمەنەکان و لە ئاکامدا ١٤ پێشمەرگەی بارزانی بۆ بەرگریکردن لە ئەرمەنەکان شەهید بوون**

**گازندەی ئەوە دەکەن کە پارتی لە پرۆسەی دەنگدانی تایبەتدا دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەکان دەدات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە خۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هێندەی پارتی دەنگدەری لە پرۆسەی (دەنگدانی تایبەت)دا هەیە، بۆ ئەویش دەنگ بەو کاندیدانەی پێکهاتەکان نادات کە خۆی دەیەوێت؟**

حەنان ئەسعەدوڵڵا یارنەزیر:

کاندیدی ژمارە ٨ لەسەر لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارێزگای دیالە

# ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، پێویستە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی پشتگیری بکرێن



**بڕیارە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت، لە ئێستادا بانگەشەی هەڵبژاردن لە ١٥ پارێزگای عێراق، جگە لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە، کورد لە پارێزگاکانی (کەرکووک، نەینەوا و دیالە و سەڵاحەدین) بە هاوپەیمانی و قەوارەی جیاجیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، شوێنی ململانێی توندی لایەنە کوردی و عەرەبی و تورکمانییەکان دەبێت.
پارێزگای کەرکووک و بەشێك لە ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا و پارێزگای سەڵاحەدین و دیالە، دەکەونە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پارتی لە سنووری پارێزگای دیالە ١٥ کاندیدی هەیە.
بۆ ئەمجارەش کورد لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بە فرەلیست بەشدار دەبن، هاوکات لە ناو بەربژێرەکاندا ژمارەیەك لە خانمانی بەتوانا کاندید کراون. پێنج ئافرەتی بەتوانا و پڕئەزموون بۆ پۆستی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دیالە کاندیدن.
حەنان ئەسعەدوڵڵا یارنەزیر کاندیدی ژمارە ٨ لەسەر لیستی ١٩٧ ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دیالە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەربژێرە و خانمێکی بە هەڵوێست و داکۆکیکارێکی سەرسەختی خەڵکی سڤیلی قەزای خانەقین بووە، هاوکات پاڵپشت و خەمخۆری خانمان و منداڵانی ناوچەکەیەتی. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەمجۆرە باسی بەرنامەکانی کاری خۆی دەکات.
وەکو کچە کوردێکی خانەقینی ئامانجی سەرەکیم لە خۆکاندیدکردنم ئەوەیە کاربکەم بۆ چارەسەرکردنی گرفتی هەژاری و کەمکردنەوەی بێکاری و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئیداری لە سنووری ناوچە کوردنشینەکان، هەروەها گرنگی بدەم بە کەرتی تەندروستی، خزمەتگوزاری، پەروەردە و فێربوون، وێڕای گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و بووژاندنەوەی واقعی ئابووری لە ڕێگەی بەگەڕخستنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ کرێکاری ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاك.

**ئامانجی سەرەکیم لە خۆکاندیدکردنم ئەوەیە کە کاربکەم بۆ چارەسەرکردنی گرفتی هەژاری و کەمکردنەوەی بێکاری و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئیداری**

سەرەتا کار لەسەر وەبەرهێنانی گەنج دەکەم لە دۆزینەوەی هەلی کار و بایەخدان بە تواناکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا، هاوکات لەگەڵ وەبەرهێنان و خستنە سەر کاری گەنجان بایەخ بە کەرتی وەرزش دەدەم، چونکە گەنجان سەرمایەیەکی بە نرخ و بنچینە و دامەزرێنەری داهاتوون، لەلایەکی دیکەوە گرنگی بە دروستکردنی پرۆژەی بچووك دەدەم، لە بەرانبەردا بە شێوەیەکی مەیدانی بەدواداچوون بۆ کارەکان دەکەین.

**کار لەسەر وەبەرهێنانی گەنج دەکەم لە دۆزینەوەی هەلی کار و بایەخدان بە تواناکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا**

هەروەکو ئاماژەم پێدا، کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە کەرتە گرنگەکان کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، لەبەر ئەوە لە بەرنامەی کارمدا کار بۆ گەڕانەوەی زەوییە کشتوکاڵییە داگیرکراوەکانی کورد دەکەم بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانی خۆیان، کە ساڵانێکە زەوی و زاری کورد لەو ناوچانە داگیر کراون.

**کار بۆ گەڕانەوەی زەوییە کشتوکاڵییە داگیرکراوەکانی کورد دەکەم بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانی خۆیان**

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە پلان و بەرنامەی داهاتوومدا بایەخێکی تەواو بە ئافرەتە کوردەکانی سنووری پارێزگای دیالە دەدەم، ئافرەت لەم ناوچانەدا دوو جار زوڵمی لێ کراوە، جارێك بە هۆی کورد بوونیەوە، جارێکیش بە هۆی ژن بوونییەوە، بۆ ئەوەی ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، پێویستە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی پشتگیری بکرێن، لەو بوارەدا بەدواداچوونی جددی دەکەم و پرۆژەشم بۆ ئەو کارە ئەوەیە کە گرنگییەکی تەواو بە دۆخی منداڵان بدەم و بەپێی توانا دەستەبەری مافەکانیان بکەم.

پ. د. تاڤگە عەباس بوستانی:

# زۆربەی ئەو دەقە یاساییانەی لە هەرێمی کوردستان پێشێلی مافەکانی ئافرەتیان دەکرد، هەموار کرانەتەوە



**پرۆفیسۆر دکتۆر تاڤگە عەباس بوستانی، مامۆستای بەشی یاسا لە زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێری پایتەخت، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، وەڵامی چەند پرسێکی یاسایی پەیوەست بە مافی ئافرەتان دەداتەوە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، تەنیا بە هەموارکردن و دەرکردنی یاسای نوێ چارەسەر نابێت، بەڵکو دەبێت چارەسەری هەموو ئەو پاڵنەرانە بکرێت، کە هۆکارن لە دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** وێڕای بوونی چەندین یاسای باش و گشتگیر لە بەرژەوەندیی ئافرەتان، بەڵام بەردەوام ئافرەتان توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت و مافیان پێشێل دەکرێت ، هۆکارەکانی چییە؟**

- بێگومان زۆربەی ئەو دەقە یاساییانەی لە هەرێمی کوردستان پێشێلی مافەکانی ئافرەتیان دەکرد، هەموار کرانەوە، بۆ نموونە: ئەو دەقانەی کە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩و یاسای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩دا هاتبوو بە یاساکانی ژمارە ٦و٧و٨و٩و١٠و١١ی ساڵی ٢٠٠١ هەموار کران، هەروەها یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراقی و لە کۆتاییشدا دەرکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١. ئەو هەموو یاسایانە دەتوانین بڵێین: تا ڕاددەیەك دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی کەم کردەوە، بەڵام نەبووە بە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی، چونکە هۆکاری توندوتیژی دژی ئافرەتان، تەنیا نەبوونی یاسا نییە، هۆکاری دیکە بەشدارن لە دروستبوونی ئەم دیاردەیە، وەك نەبوونی هۆشیاری و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری و خراپیی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. بۆیە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان تەنیا بە هەموارکردن و دەرکردنی یاسای نوێ چارەسەر نابێت، بەڵکو دەبێت، چارەسەری هەموو ئەو پاڵنەرانە بکرێت، کە هۆکارن لە دروست وونی دیاردەی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

*** ئایا یاسای ژمارە دووی چەك دەتوانێت بە تەنیا چارەسەری دیاردەی چەکداری بکات؟**

- دەتوانین بڵێین: ئەگەر یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ی چەك لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ بکرێت و ڕێنماییەکی باش بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکە دابنرێت، تا ڕاددەیەك دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی چەکداری لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئەو یاسایە تووشی هەندێك ڕەخنە بووە، بۆ نموونە: چەکی ڕاوکردن (وەکو تاپر) ئاماژەی پێ نەکراوە، واتە بە چەك دانەنراوە لەم یاسایەدا. کەچی لە یاسای چەکی ژمارەی ٥١ی ساڵی ٢٠١٧ی عێراقیدا وەکو (سلاح ناری) واتە وەکو چەکی ئاسایی هاتووە و ئاشکرایە کە دەکرێت چەکی ڕاوکردن بۆ کوشتن و ئازاردان بەکار بێت. بۆیە ئەم جۆرە چەکانەش بۆ هەڵگرتنی پێویستە مۆڵەت هەبێت، ڕێگایەکی دیکەش بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی چەکداری هۆشیارکردنی خەڵکە بۆ وازهێنان لەم دیاردەیە و هەروەها دابینکردنی ئەمن و ئاسایش بۆ هەموو هاووڵاتیان.

*** وەك دەبینین و دەبیستین، دۆخی ئێستای ئافرەتان بە گشتی باش نییە، چۆن دەتوانین وابکەین کچەکانمان لە داهاتوودا لە هەموو توندوتیژی و ناعەدالەتییەك بپارێزین، کە لە ئێستادا بوونیان هەیە؟**

- سەرەتا پێویستە هەموو ئەو هۆکارانە چارەسەر بکرێن کە دەبنە هۆی دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی، وەکو:

١- تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ نێر و مێ و جیاوازیکردن لە نێوانیاندا.

٢- دابونەریتی کۆمەڵایەتی.

٣- بەبەها نەزانینی کارکردنی ئافرەت.

٤- چۆنیەتی پەروەردەردن.

٥- بە هەڵە تێگەیشتن لە ئایین.

٦- ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری.

٧- باری ئەمنی و ئاسایش.

٨- باری کۆمەڵایەتی و ئابووری.

٩- پشتگیری نەکردنی خێزان و کۆمەڵگە.


١٠- نەبوونی یاسای توند و جێبەجێنەکردنی وەکو خۆی.

هەموو ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، ئەگەری دروستبوونی دیاردەی توندوتیژییە و بە چارەسەرکردنی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە کە باسمان کرد، دەتوانین لە داهاتوودا ژینگەیەکی باش و دوور لە توندوتیژی و ناعەدالەتی بۆ کچەکانمان دابین بکەین.

**هۆکاری توندوتیژی دژی ئافرەتان، تەنیا نەبوونی یاسا نییە، هۆکاری دیکە بەشدارن لە دروستبوونی ئەم دیاردەیە، وەک نەبوونی هۆشیاری و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری و خراپیی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا**

**دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان تەنیا بە هەموارکردن و دەرکردنی یاسای نوێ چارەسەر نابێت، بەڵکو دەبێت، چارەسەری هەموو ئەو پاڵنەرانە بکرێت، کە هۆکارن لە دروست وونی دیاردەی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە**

**دەکرێت چەکی ڕاوکردن بۆ کوشتن و ئازاردان بەکار بێت. بۆیە ئەم جۆرە چەکانەش بۆ هەڵگرتنی پێویستە مۆڵەت هەبێت**



### لە دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک»

# سینەمای فەڕەنسا میوانی تایبەتی فێستیڤاڵە

**دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک» Duhok بە سەرۆکایەتی «ئەمیرعەلی محەمەدتاهیر»، بە دەرهێنانی هونەریی سینەماکاری کورد «شەوکەت ئەمین کورکی»، بە دروشمی «زمانی کوردی» و بە نمایشی ١٠٠ بەرهەم لە سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە چوارچێوەی فیلمی درێژ، کورتە فیلم و بەڵگەفیلمەکان لە چەندین بەشی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی و هەروەها بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژانی ٩ تا ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ لە هۆڵی «کۆنگرە»ی زانکۆی دهۆک ، کۆمەڵەی سینەمایی «دهۆک مۆڵ» لە شاری دهۆک لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت.**

**مەنسوور جیهانی**

«ئەمیرعەلی محەمەدتاهیر» سەرۆکی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک» لە یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک» گوتی: خۆشحاڵین کە ئەمڕۆکە وڵامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدەینەوە و سەبارەت بە بەڕێوەچوونی دەیەمین خولی ئەم ڕووداوە سینەماییە زانیاریی دەبەخشین. ئەم کارە زۆر بە ئاسانی و ساکار نەبووە. بەڵکو گەیشتن بەم قۆناغە؛ بە هەوڵ، تێکۆشان و دڵسۆزی هاوکارانم گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامە. ماوەیەکی زۆرە بۆ جێبەجێی کردنی قۆناغە جۆراوجۆرەکان، بەردەوام سەرقاڵی چالاکی دڵسۆزانە هەر جارێک ئامانجی بەرچاوتر بۆخۆمان دیاریی دەکەین

«ئەمیرعەلی محەمەد تاهیر» سەبارەت ئامانجەکانی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک» گوتی: ستراتیجی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها ئەندامانی ئەم فێستیڤاڵە ئەوەیە کە ئێمە هەر ساڵە و بێی وەستان، بەڕێوەی ببەین و مەبەستی ئێمە هێواش هێواش مسۆگر دەبێت و هەر جارە، ئامانجی بەرچاوتر بۆخۆمان دیاریی دەکەین و بە بڕوای من، ئەوە زۆر گرینگ و پڕبایەخە. ئێمە لە هەر خولێک، خەڵکی دهۆک لە تەنیشت خەڵکی خۆشەویستی کوردستان، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکتریی بەرەو پلەیەکی بەرزتر لە بواری کەلتوور و ڕۆشنبیری هەنگاو دەنێین و هەر جارێک، ئامانجی نوێی پێشکەش بە نەتەوەی خۆمان دەکەین. هەموو کات، ڕامان گەیاندووە بەردەوامبوونی ئێمە لە بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک»، خۆی سەرکەوتن و سەربڵێندییە؛ چونکە ئێمە لەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە تەنگ و چەڵەمە و گرفتی زۆر تێپەڕ بووین هەر ساڵێک بە پشتیوانی هاوکاران و دڵسۆزانی خۆمان ئەم ڕووداوە سینەماییە لە شاری دهۆک ساز دەکەین.

ئاشنایی سینەمای بەهێز و پڕبایەخی جیهان لەگەڵ سینەمای کوردستان

سەرۆکی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک»






لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی فێستیڤاڵ،ژ ئەوەیە کە لە قۆناغی یەکەمدا ئێمە کەلتوور و هونەری نەتەوەی کورد و کوردستانی خۆشەویست بە نەتەوەکانی دیکەی جیهان بناسێنین و گەشە کردن و پەرەپێدانی ئەم پەیوەندییە پڕبایخە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە بۆ ئێمە یەگجاو زۆر گرینگە. لە قۆناغی دووهەمدا، ڕەخساندنی بەستێنێک و بوارێکی گونجاو بۆ گەنجان و سینەماکارانی کورد کە لێرە بەرهەمە سینەماییەکانی خۆیان بەرهەمبێنن و ئامادەیان بکەن. لە قۆناغی سێهەمیشدا ئامادەبوونی سینەماکارانی جیهان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک»؛ دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی کەلتووریی و هونەریی و بە تایبەت ئاشنایی سینەمای بەهێز و پڕبایخی جیهان لەگەڵ سینەمای کوردستانە پێکبێت.

## حکومەتی هەرێم و پارێزگاری دهۆک پشتیوانی فێستیڤاڵن

سەرۆکی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» لە کۆتایی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە: ئەمساڵیش هەر وەکوو ساڵی ڕابردوو، دکتۆر «عەلی تەتەر» پارێزگاری دهۆک، میزانییەی بەڕێوەبردنی دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک»ی لە ئەستۆ گرت. سپاس و پێزانینمان هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت پارێزگاری دهۆک، کە ئەمساڵیش دڵسۆزانە لە تەنیشت ئێمەدا ئامادەن و بەم جووڵانەوە پڕبایخەی خۆیان، بوونە هۆی ئەوەی کە ئێمە فێستیڤاڵ، بگەیەنینە دەهەمین خول و مەنزڵی خۆی.

## هەڵبژاردنی ١٠٠ فیلم بۆ پیشاندان لە بەشی کۆتایی فێستیڤاڵ

هەروەها گوتیشی: دوای داخستنی دەرگای فیلم، ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک»، کاری خۆیان دەست پێکرد و ١٠٠ فیلمیان لە چوارچێوەی فیلمە بڵیندە سینەماییەکان، کورتە فیلم و بەڵگەفیلمەکان بۆ بەشی کۆتایی فێستیڤاڵ دەستنیشان کرد.

## «زمانی کوردی» دروشمی ئەمساڵی فێستیڤاڵ فیلمی «دهۆک»

بەێوەبەری ڕاگەیاندنی گشتیی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک» لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ئەمساڵیش وەکوو ساڵی ڕابردوو، ئێمە دروشمێکمان هەڵبژاردووە و دروشمی ئەمساڵی فێستیڤاڵ، «زمانی کوردی» دەبێت. هەر وەکوو هەموومان ئاگادارین، زمانی کوردی؛ ڕەسەن، دەوڵەمەند و بەربڵاوە، زاراوەی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەرهێنەری کوردی زۆرمان هەیە کە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، ساڵانە بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی بیانی بەرهەم دێنن و ئەوە پەیامێکە ڕوونە بۆ ئەوان کە فیلمەکانی خۆیان بە زمانی کوردیی بەرهەم بێنن تاکوو ئەم زمانە، هەمیشە زیندوو و هەرمان بمێنێتەوە.

## سینەمای فەڕەنسا میوانی تایبەتی دەیەمین فێستیڤاڵی فیلمی «دهۆک»


«حەسەن عارف» سەبارەت بە بەشی «سینەمای میوان» لەم خولەی فێستیڤاڵدا گوتی: هەر وەک نەریتی ساڵانی ڕابردوو، سینەمای یەک وڵات میوانی ئەم فێستیڤاڵەیە و ئەمساڵیش میوانداری سینەمای وڵاتی فەڕەنسا دەکەین. ئەمسال فەڕەنسا وەکوو وڵاتی میوان بۆ بەشداری لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک» دەستنیشان کراوە کە بە فیلمە بڵیندە سینەماییەکان، کورتە فیلم و بەڵگەفیلمەکان لەم ڕووداوە سینەماییەدا ئامادە دەبن. بێگومان، فەڕەنسا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە سینەما لەوێ لە دایک بووە و لە ئێستاشدا، فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «کان» بە ناونیشانی باشترین فێستیڤاڵ لە ئاساتی جیهاندا لەویی بەڕێوەدەچێت.

## پێشکەش کردنی خەڵاتی «گەڵا مێویی زێڕین» بە براوەکان

لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی»ی ئەم فێستیڤاڵەوە تەندیسی گەڵا مێویی زێڕ و زێو، لەوحەی فەخری و خەڵاتی ١٠ هەزار دولاری بۆ باشترین فیلمی سینەمایی، خەڵاتی ٥ هەزار دولاری تایبەتی ئەندامای لیژنەی دادوەران بۆ باشترین دەرهێنانی فیلمی سینەمایی، خەڵاتی ٤ هەزار دولاری بۆ باشترین سیناریۆی فیلمی سینەمایی، خەڵاتی ٣ هەزار دولاری بۆ باشترین ئەکتەری پیاو، خەڵاتی ٣ هەزار دولاری بۆ باشترین ئەکتەری ژن، خەڵاتی ٥ هەزار دولاری بۆ باشترین بەڵگەفیلم، خەڵاتی ٨٥٠٠ دولاری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی دهۆک بۆ باشترین کورتە فیلم بۆ پشتیوانی لە سازکردنی پڕۆژەی نوێ دەرهێنەری ئەم بەرهەمە، خەڵاتی ١٠ هەزار دولاری تایبەتی ئەندامای لیژنەی دادوەران بۆ باشترین کورتە فیلم کە لە ناوچەی بادینان بەرهەمهاتووە، خەڵاتی ١٠ هەزار دولاری پارێزگاری دهۆک بۆ باشترین فیلمی سینەمایی فیلم کە لە ناوچەی بادینان بەرهەمهاتووە، خەڵاتی ٤ هەزار دولاری یەکێتی نووسەرانی کورد بۆ باشترین فیلمی کوردیی کە لە دەرەوەی سنوورەکان سازکرابێت و هەروەها خەڵاتی ٣ هەزار دولاری ئەنستیتۆ «گۆتە»ی ئەڵمانی بۆ باشترین بەڵگەفیلمی کورت، پێشکەش دەکرێت.

# پێشانگایەکی هاوبەش بۆ مامۆستایانی هونەر لە گەلەری میدیا کرایەوە

مامۆستایانی بواری هونەر لە درێژە کار و چالاکییەکانیاندا، یەکەمین پێشانگای هاوبەشیان بە ئامادەبوونی هەریەک لە بەڕێزان «بەکر کەریم» ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و «فەرهەنگ غەفوور» بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر لە گەلەری میدیا کردەوە.



لە پێشانگاکەدا ٤٨ تابلۆی ڕەنگین نمایشکران، کە زۆربەی تابلۆکان گوزارشتیان لە سروشتی جوانی کوردستان و چوار وەرزی ساڵ دەکرد، هەروەها بەشێک لە تابلۆکان گێڕانەوەی شۆڕشەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی دەکرد و ٢٠ مامۆستای شێوەکاری دەست ڕەنگین بەشداریان لەم پێشانگا هونەرییەدا کرد.

هێرش مەغدید باشا، مامۆستا و شێوەکاری بەشدار لە پێشانگاکەدا بە «گوڵان»ی ڕاگەیاند: تابلۆکانی نێو ئەم پێشانگایە تێکەڵ بوونی ڕەنگە لەگەڵ سروشتە دڵڕفێنەکەی کوردستاندا، بەتایبەت لە وەرزی پایز و زستاندا، کە سروشت جوانتر خۆی دەنوێنێت و گەڵای دارەکان کەرەستەیەکی جوانن بۆ تابلۆکان و روخسارێکی ئەفسونایی نیشان دەدەن، بۆیە ئێمەش هەوڵماندواە زیاتر کار لەسەر وەرزەکانی کوردستان بکەین، کە لە دنیادا سەرسامن بەو سروشتەی ئێمە.

جێگەی باسە، پێشانگاکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە و بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری کرابۆوە و تەنیا یەک ڕۆژیش بەردەوام دەبێت.



## ئایتن عامر: سۆشیال میدیا هـ

لە چاوپێکەوتنێکدا خانمە هونەرمەندی میسری ئایتن عامر وردەکاری نوێترین بەرهەمە سینەماییە نوێیەکانی خۆی بە ناوەکانی «دەرویلە» و «ئەناب» ئاشکرا کرد و ئارەزووی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی بۆ پشتگیریکردنی ژنانی عەرەب ئاشکرا کرد.

عامر ئارەزووی خۆی بۆ پێشکەشکردنی ئەو گۆرانیانەی



## ...ۆکارێکی سەرکەوتنم بووە

دەربڕی کە پاڵپشتی ژنان دەکەن لە ماوەی داهاتوودا، و گۆرانی وتن بە «خولی دڵخوازی خۆی» وەسف کرد، و وتی کە هەوڵدەدات کارێکی باش و ئامانجدار پێشکەش بکات، بەو پێیەی «یەکێکە لەو ژنانەی کە پشتگیری لە بیرۆکەی ژنێکی بەهێز و پشت بەخۆی ببەستێت.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «نزیکەی ٤ گۆرانی نوێم هەیە، هەموویان بە مەبەستی پشتگیریکردنی ژنان، و لە ماوەی داهاتوودا پێشکەشیان دەکەم» بانگهێشتی هەوادارانی کرد کە «گوێ لەم گۆرانیانە بگرن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە کۆمەڵێک ئامۆژگارییان تێدایە کە هیوادارە کچان لە ژیانیاندا بەکاریان بهێنن.

ئاماژەی بەوەشکرد کە زۆربەی کاتەی لەگەڵ منداڵەکانم لە ماڵەوە بەسەر دەبات، چونکە بە سروشتی خۆی حەزم لە دەرچوون لە ماڵ نییە، جگە لەوەی دایکم لەگەڵم دەژی، خوشکەکانم دالیا و وەفاش بەردەوام لەگەڵم دەمێننەوە" لە ماڵەوە، بۆیە منداڵەکانم هەست بە نەبوونی من ناکەن لێیان."

ئایتن پێی وایە گرنگیدانی بە پەیجەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری باشی لەسەر کارە هونەرییەکانی هەیە لەم بارەوە دەڵێت: دەبێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ڕۆژانەماندا گرنگییەکی زۆریان هەیە، و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لێیان و منیش بە سروشتی زۆرم خۆشدەوێت لەو ڕێگایەوە هەوادارەکانم بناسم، هەروەها بەشدارییەکی زۆریان کردووە لە سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی کارە هونەرییەکانمدا.



# شاکیرا و دادگای کەتەلۆنیا بە حەوت ملیۆن یۆرۆ سوڵحیان کرد



شاکیرا خۆی لە دادگاییکردن بە تۆمەتی خۆدزینەوە لە باج لە ئیسپانیا بەدوور گرت، دوای ڕێککەوتنێک لەگەڵ داواکاری گشتی لە بەرشەلۆنە  کە مەرجی ئەوە بوو زیاتر لە ٧ ملیۆن یۆرۆ غەرامە بکرێت.

لە سەرەتای دانیشتنی دادگا، ئەو هونەرمەندە تەمەن ٤٦ ساڵەی کۆلۆمبیا وەڵامی «بەڵێ»ی بۆ سەرۆکی دادگای بەرشەلۆنە دایەوە، کە پرسیاری لێکرد کە ئایا دان بە تاوانەکەیدا ناوە و ئەو بڕیارانە قبوڵ دەکات کە لە دژی دەرچووە.

دوای ماوەیەکی کەم لە جێهێشتنی دادگا بەبێ ئەوەی هیچ لێدوانێک بۆ ڕۆژنامەنووسان بدات، گۆرانیبێژی «واکا واکا» و «هیپس درۆ ناکەن» سزای سێ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراوی بەسەردا سەپێندرا، کە سزاکە بۆ سزای دارایی و غەرامەکردنی زیاتر لە ٧,٣ کەمکرایەوە ملیۆن یۆرۆ، کە یەکسانە بە « ٥٠٪ی ئەو بڕە ساختەکارییەی کە لە خۆدزینەوە لە باجدا پێی تۆمەتبار.

بەم شێوەیە شاکیرا لەم دۆسیەیەدا بڕی ١٧,٢ ملیۆن یۆرۆی داوە بە دەسەڵاتی باج، بۆ ئەوەی دۆخەکەی یەکلایی بکاتەوە و لە پرۆسەی دادگاییەکی درێژخایەن ڕزگاری بوو و تێیدا زۆر وردەکاری ژیانی لە پایتەختی کەتەلۆنیا ئاشکرا دەکرا، کە ساڵانێک لەوێ ژیاوە لەگەڵ یاریزانی پێشووی تۆپی پێ جیرارد پیکێ پێش جیابوونەوەیان.

داواکاری گشتی شاکیرای تۆمەتبار کردووە بە خۆدزینەوە لە باجەکانی پەیوەست بە داهات و موڵکەکەی لە ئیسپانیا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٤، هەرچەندە بە وتەی ئەو زیاتر لە نیوەی ساڵەکەی لەو وڵاتە ژیاوە، داواکاری گشتی داوای کردووە سزای هەشت ساڵ و دوو مانگ زیندانیکردن و غەرامەکردنی بە بڕی ٢٣,٨ ملیۆن یۆرۆ بەسەردا بسەپێندرێت.

لە بارەی ڕێککەوتنەکە شاکیرا کە لە میامی ژیان بەسەر دەبات لەگەڵ دوو منداڵەکەیدا لە بەیاننامەیەکدا پشتڕاستی کردەوە و گوتی: دوو بژاردەم هەبوو: تا کۆتایی بەردەوام بم لە شەڕکردن، ئارامی دەروونی خۆم و منداڵەکانم بخەمە مەترسییەوە ، و واز لە کاری هونەری بهێنم گۆرانی و ئەلبووم و گەشت و ئەم بەشەی ژیانم دابخەم و لە دوای خۆم بەجێی بهێڵم.



دێرین بەختیار

یاریزانی گۆرەپان و مەیدانی یانەی سیروانی نوێ:

# بەدەستهێنانی مەدالیا لە پاڵەوانێتی وڵاتانی ئاسیا خەونی گەورەی منە

پارێزگای سلێمانی خاوەنی چەندین یانەی بەهێزە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە پاڵەوانێتییەکانی عێراقی و کوردستان بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون، بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامی شایستە، کچانی یانەی سیروانی نوێش یەکێکن لەو تیپانەیە کە بەردەوام خاوەن پێگەی خۆیان بوون لە ناو یانەکانی کوردستان وعێراقدا، یاریزانانی یانەکەش بە ئەنجامە باشەکانیان هەڵبژاردەی عێراقیان داگیرکردووە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (دێرین بەختیار)ـە، کە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە و لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، لە ڕاکردنی ١٠٠مەتری و یەك بازییدا بەشدارە و، خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، دێرین لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی شاری سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** هاتنت بۆ نێو دونیای وەرزش چۆن بوو؟**

- لە ڕێگەی فیستیڤاڵی قوتابخانەکانەوە تێکەڵ بە وەرزش بووم.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- لە بەر ئەوەی یارییەکی تاکە و حەز و خولیام زیاتر بوو بۆ یارییە تاکەکان.

*** هەست ناکەیت یاریی گۆڕەپان ومەیدان قورسە بۆ ئافرەتان؟**

-نەخێر قورس نییە، حەزێکی زۆرم هەیە بۆ یارییەکە، بۆیە هەست ناکەم قورس بێت.

*** ئاستی گۆڕەپان ومەیدان چۆن دەبینی لەسەر ئاستی کوردستان ؟**

-خەم ساردییەکی زۆر هەیە لەو بوارەدا.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان ؟**

- گرنگترین شت دابینکردنی یاریگەی تایبەت بەم یارییە بۆ ئەوەی ئاستەکەی بچێتە پێشەوە.

*** خەونت لە یاریی گۆڕەپان و مەیداندا چییە؟**

- بەدەستهێنانی مەدالیا لە پاڵەوانێتی وڵاتانی ئاسیا خەونی گەورەی منە.

***چۆن بوو یانەی سیروانی نوێت هەڵبژارد؟**

- یانەی سیروانی نوێ یانەیەکی بەخزمەتە بۆ یاریزانەکانی، بۆیە ئەو یانەیەم کردە ماڵی وەرزشیم.

*** پەیامت چییە بۆ ئەو کچانەی لە وەرزش دوورن؟**

- بە هیوای ئەوەم کردنەوەی فێرگەیەك ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەوانیش لەم ڕێگەیەوە بێنە ناو دنیای وەرزش.

*** جگە لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەیت؟**

- من جگە لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان هیچ یارییەك ئەنجام نادەم.

*** هیواو ئاواتت وەکوکچە وەرزشوانێك؟**

- بەهیوای ئەوەم بە ئەنجامی پاڵەوانێتی ئاسیا بگەم و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم.

*** لە ئەنجامەکانی خۆت ڕازیت وەکو یاریزان؟**

-بەڵێ ڕازیم و ئەنجامەکانم وەکو پێویستە.

*** ئایا هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش کردوویت؟**

- بەڵێ، گرێبەستم هەبووە لە یانەیەکی سعودی، بەڵام تا ئێستا هەر لە یانەی سیروانی نوێم.

*** بۆچی یانەکان گرنگی بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان نادەن؟**

- یانەکان زیاتر گرنگی بە یاریی تۆپی پێی دەدەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بۆ وەرزشی ناوەخۆ هەیەتی.




## تۆخێل چاودێری ئەستێرەیەکی بەرشلۆنە دەکات

یانەی بایرن میونیخ چاوی بڕیوەتە تواناکانی ئەستێرەیەکی یانەی بەرشلۆنە و دەیەوێت لە گواستنەوەکانی داهاتوودا بیباتە ڕیزەکانی.
ڕۆژنامەکانی کەتەلۆنیا باس لەوە دەکەن، کە یانەی بایرن لەسەر داوای تۆماس تۆخێل، ڕاهێنەری یانەکەیان دەیەوێت هێڵی بەرگریی یانەکە بەهێزتر بکات و ڕۆناڵد ئاراوخۆ بباتە ڕیزەکانی.
بایرن میونیخ چەند یاریزانێکی دیاریکردووە بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوودا گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانەکان بکات تا گرێبەستییان لەگەڵ واژۆبکەن لە سەرووی هەموو ناوەکانیش ئەستێرەی بەرگریکار و کاپتنی دووەمی یانەی بەرشلۆنە ڕۆناڵد ئاراوخۆی دیاری کردووە، بەڵام گرێبەستکردن لەگەڵ ئەم یاریزانە قورس دەبێت بۆ یانە ئەڵمانییەکە دوای ئەوەی، کە یاریزانی ناوبراو گرێبەستی لەگەڵ بەرشلۆنە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا نوێکردەوە و مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە ١ ملیار یۆرۆیە، کە ئەمەش ئەرکی یانە ئەڵمانییەکە قورستر دەکات.
لە دوای ئاراوخۆ ناوی هەریەک لە ڕافایێل ڤارانی فەرەنسی و بەرگریکاری یانەی مانچستەر یۆنایتد، تاکاهیڕۆ تۆمویاسۆی دڵی بەرگری یانەی ئەرسناڵ و هەڵبژاردەی ژاپۆن دێت لە ئەگەری ئەنجام نەدانی گرێبەست لەگەڵ ئاروخۆ ئەوا یانەی بایرن هەوڵ دەدات یەکێک لەم دوو ئەستێرەیە بگوازێتەوە یانەکەی.

## ڕیال و بەرشا ئەستێرەیەکی پریمەرلیگیان کردۆتە ئامانج



هەردوو یانەی ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە چاودێری ئەستێرەیەکی خولی ئینگلیزی دەکەن و دەیانەوێت یاریزانەکە لە گواستنەوەکانی داهاتوودا ببەنە ڕیزەکانیان.

بەپێی هەواڵی میدیای ئیسپانیا هەردوو یانە گەورەکەی ئیسپانیا چاودێریی باروودۆخی لویز دیاز ئەستێرەی کۆڵۆمبی و یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەکەن بۆ ئەوەی یاریزانەکە ببەنە ڕیزەکانیان، بەڵام یانەی لیڤەرپوول نایەوێت دەستبەرداری یاریزانەکە ببێت بەتایبەتیش لە گواستنەوەی زستانەدا.

هەوڵدانی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید بۆ گواستنەوەی یاریزانەکە لە کاتێکدایە پێشتر باوکی دیاز لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو کوڕەکەی خەون بە یارییکردن بۆ بەرشلۆنە دەبینێت و هاندەری ئەو یانەیە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی فەرمی لە لایەن بەرشلۆنە و بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانەکەشەوە نەنراوە بۆ ئەوەی یانەکە گرێبەست لەگەڵ دیاز بکات.

لویس دیاز لەساڵی ٢٠٢٢ لە یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یانەی لیڤەرپوول کردووە یۆرگن کلۆپ متمانەی زۆری بە تواناکانی یاریزانەکە هەیە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی کاتەکانیش لە پێکهاتەی سەرەکیدا نییە.

گرێبەستی دیاز لەگەڵ لیڤەرپوول لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٧ تەواو دەبێت نرخی ئێستای یاریزانەکە دەگاتە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ زەحمەتە لیڤەرپوول بەئاسانی دەستبەرداری یاریزانەکە ببێت.

هاندەرانی بەرشلۆنە هیوای زۆریان بە گواستنەوەی یاریزانەکە هەیە بەهۆی قسەکانی باوکی دیازەوە، بەڵام بەرشلۆنە بارودۆخی دارایی خراپە و زەحمەتە بتوانێت ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی تواناکانی ئەو یاریزانە بکات.

## ئەستێرەیەکی خولی ئەڵمانی گرێبەستەکانی خولی ئینگلیزی ڕەتدەکاتەوە



بەپێی میدیاکانی ئەڵمانیا، فلۆریان ڤیرتز ئەستێرەی یانەی بایرن لیڤەرکوزن دەیەوێت دوای جێهێشتنی یانەکەی هەر لە ئەڵمانیا بمێنێتەوە و پەیوەندی بە یانەی بایرن میونیخ بکات.

بەهەمان شێوەی یاریزانەکە بایرن میونیخ ڤیرتزی وەك ئامانجی یەکەمی داناوە و دەیەوێت یاریزانەکە بگوازێتەوە یانەکەی، بەڵام پێناچێت گرێبەستەکە ئاوا بە ئاسانی ئەنجام بدرێت بەتایبەتی، کە بایرلیڤەرکوزن لە بەرانبەر دەستبەرداربوون لە ڤیرتز داوای ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات.

کێشەیەکی دیکەی گرێبەستەکەی ڤیرتز بۆ بایرن میونیخ شوێنی یاریکردنی یاریزانەکەیە. ناوەڕاستی هێرشبەر باشترین شوێنی یاریکردنی ڤیرتزە، کە هەمان شوێنی یاریکردنی جەمال موسیالای ئەستێرەی یانەکەیە بۆیە لە ئەگەری سەرکەوتنی گرێبەستەکە تۆماس تۆخێل ڕاهێنەری بایرن دەبێت ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو ئەستێرە لاوەکە یاری پێبکات.

فلۆریان ڤیرتزی تەمەن ٢٠ ساڵ لەم وەرزەدا ئاستێکی سەرسوڕهێنەری پێشکەش کردووە و لە ١٨ یاریدا بەشداری ١٦ گۆڵی کردووە و بە یەکێك لە باشترین ئەستێرە لاوەکانی ئەوروپا دادەنرێت ئەمەش وایکردووە چەندین یانەی گەورەی ئەوروپا چاودێری بکەن و هەوڵبدەن بیگوازنەوە ڕیزەکانیان.

# ئاسۆ ڕۆستم دەگەڕێتەوە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی






ئاسۆ ڕۆستم هێرشبەر و ئەستێرەی دیاری هەڵبژاردەی عێراقی و یانەی هەولێر، کە ئەمساڵ بە گرێبەستێك لە یانەی شورتەی شاری بەغدادوە بە شێوەی خواستن ڕووی لە یانەی هەولێر کردووە، لەم چوار یارییەی ڕابردووی یانەکەدا ئاسۆ نەیتوانیوە ببێتە جێگەی متمانەی هاندەرانی یانەکە، هاندەرانیش داوای تۆمارکردنی گۆڵ و گەڕانەوە بۆ ئاستی ڕاستەقینەی خۆی دەکەن، لە بارەی ئاستی لەم وەرزەشدا، ئاسۆ ڕۆستم بەتایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە زۆر ئاسوودەم لە یاریکردن لە ڕیزی یانەی وەرزشیی هەولێر، داواکاریشم لە هاندەرانی خۆشەویستی یانەکەمان چاو نەبڕنە ئاستی تاك تاکی یاریزانەکان، چاو ببڕنە ئاستی یانەکە بەگشتی، چونکە ئێمە شێوازی یاریکردنمان بەم جۆرەیە، تاوانبار من نیم کە ئاستم وەکو پێویست نییە، پێم وایە ئەمەش ئاشکرایە لای هاندەرانی خۆشەویست و هەموو خەڵك»، لەبارەی گەڕانەوە بۆ ئاستی ڕاستەقینەی خۆی و تۆمارکردنی گۆڵ بۆ یانەی هەولێر، پەنا بەخودا بەڵێن دەدەم ئاستم باشتر بێت و بتوانم گۆڵیش تۆماربکەم بۆ یانەکەم.

# یانەی بابان چاوی لە ئەنجامی شایستەیە



یانەی وەرزشیی بابانی شاری سلێمانی ئەم وەرزەش لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەشدارە و، دەیەوێت ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی یانەکانی بەشدار لە خولەکە بەدەست بهێنێت، یانەکە دەیەوێت ئەمساڵ پلێتی گەیشتن بە ڕیزی یانە نایابەکان مسۆگەر بکات، لەم بارەشەوە (بگار ئەنوەر) یاریدەدەری تیپی تۆپی پێی یانەی بابان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە بەهۆی قەیرانی داراییەوە درەنگ دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ وەرزی نوێی خولی پلەیەکەکانی کوردستان، بەڵام سوپاس بۆ خودا توانیمان لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا تیپێکی تۆکمە و باش دروست بکەین، بۆ بەشداریکردن لە خولەکەدا، تیپەکەمان کۆمەڵێك گەنجی شاری سلێمانی و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت و هەروەها حەوت یاریزانی پار ماونەتەوە لە یانەکە و، زیاتر لە ١٥ یاریزانی تازە گرێبەستی لەگەڵ کراوە، کە پێشتر لە یانەکانی دیکەی کوردستان یارییان کردووە، ئامانجمان سەرەتا مانەوەیە لە خولی پلەیەکی یانەکانی کوردستان، و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پلێتی خولی نایابی کوردستان دەدەین، ئەمساڵیش ستافێکی تازەی ڕاهێنەرانمان هێناوە، بە سەر پەرشتی کاپتن (سەفا نووری) یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانی، کە یەکێك لە ڕاهێنەرە دیارەکانی شارەکەیە، هەوڵ دەدەین ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، ساڵانەش خولی پلەیەکی یانەکانی کوردستان زۆرن و کێبڕکێ زۆر لە نێوان یانەکاندا هەیە».

محەممەد عەبدولخالق:

# زۆر حەزم دەکرد شاری هەولێر یانەیەکی باسکەی هەبووایە




بەهۆی نەبوونی یانەی زۆر لە شارەکانی کوردستان، یانەکانی بەغدا بەردەوام چاویان لەسەر یاریزانە ئەستێرە کوردییەکانە و، ئەو هەلەیان قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی یاریزانە کوردەکان ببەنە ڕیزی یانەکانیان، محەممەد عەبدولخالق کوڕی شاری هەولێر و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکان، بۆ ئەمساڵیش گرێبەستی لەگەڵ یانەی دیفاع جەوی شاری بەغدا تازە کردووەتەوە، بۆ بەشداریکردن لە خولی نایابی یانەکانی باسکەی عێراقی، لەم بارەشەوە محەممەد عەبدولخالق، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بۆ هەر یانەیەك کە یاری دەکەین، گرێبەستەکەمان بۆ دووساڵە، بۆ ئەمساڵ دوای ڕێگەپێدانم کرد بۆ ئەوەی بچمە یانەیەکی دیکە، بەڵام بەرپرسانی یانەی دیفاع جەوی ڕێگەیان نەدا»، لە بارەی گرێبەستی دیکەش محەممەد عەبدولخالق گوتی: «چەند یانەیەك داوای یاریکردنیان لێم کرد، بەڵام بە هۆی ڕێگریکردنم، نەمتوانی بچمە هیچ یانەیەك، ئێستاش ئاسودەم لە یانەکە و دەمەوێت ئاستی باشتر پێشکەش بکەم، لە خولی باسکەی عێراقیش ئاستمان زۆر باشە، دەمەوێ ئەمساڵ لەگەڵ ئەو یانەیە جامەکە بەرز بکەمەوە»، محەممەد عەبدولخالق گوتیشی: «بەداخەوە لە کوردستان هیچ یانەیەك نییە تیپی تۆپی باسکەی هەبێت، جگە لە یانەی زاخۆ، شاری هەولێریش یانەی نییە لە خولی عێراقی، زۆرم حەز دەکرد شاری هەولێر یانەیەکی لە خولی عێراقیدا هەبوایە».

# ئایا بەردەوام هەست بە سەرما دەکەیت؟



هەستکردنی بەردەوام بە ساردی، نەك هەر مایەی نارەحەتییە، بەڵکو لەوانەیە کە نیشانەیەك بێت بۆ گرفتێکی تەندروستی.
هەستکردن بە سەرما تەنیا لە کەش و شوێنی سارددا ئاساییە، بەڵام هەستکردن بە سەرما بە شێوەیەکی بەردەوام هەرگیز ئاسایی نییە و هۆکارێکی تەندروستی لەپاڵە، وەکو: گرفتی دەروونی کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن Anorexia nervosa کە تووشبوو لە ترسی زیادبوونی کێش خۆراك کەم دەخوات، هەوکردنی دەمارەکانی دەوروبەر، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، سستبوونی گلاندی دەرەقی، کەمخوێنی لەبەر کەمی کانزای ئاسن، کەم خەوی، کەمیی کێشی لەش کە تێکڕای بارستایی لەش BMI لە ١٨,٥ کەمتر بێت، خراپیی سووری خوێن لەبەر نەخۆشیی دڵ یان جگەرەکێشان کە زیاتر دەبێتە هۆی هەستکردنی بەردەوام بە ساردی لە دەست و پێیەکاندا، نەخۆشی لە خوێنبەرەکانی دەوروبەردا بەتایبەتی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەیان، زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك کە بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بەکاردەهێنرێن وەکو میتۆپرۆلۆل Metoprolol، کەمیی ڤیتامین B12، هەروەها دابەزینی ئاستی شەکری خوێن لەبەر نەخۆشیی شەکرە یان سووڕی مانگانە، خۆراکی ناهاوسەنگ، هەروەها دواخستنی زۆری کاتی ژەمی خواردن.




# چۆن خۆت لە نۆرەی دڵ دەپارێزیت؟



# گرنگیی کانزای سیلینیۆم

سیلینیۆم Selenium کانزایەکی زۆر گرنگە بۆ لەش بەگشتی، بە بڕی کەم پێویستە، بەڵام سوودی تەندرووستیی زۆری هەیە. سوودە تەندرووستییەکانی سیلینیۆم: باشترکردنی تەندرووستیی گلاندی دەرەقی کە کۆنترۆڵی میتابۆلیزمی لەش Metabolism دەکات، کە بریتییە لە کرداری گۆڕینی خۆراك بۆ وزە، کەمکردنەوەی فشاری ئۆکسان لەوکاتەی کە سیلینیۆم سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە و لەش دەپارێزێت لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی تەندرووستیی قژ و نینۆك، سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی ڕەبو، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە وەکو شێرپەنجەی سییەکان، سوورێنچك، گەدە، پرۆستات، هەروەها شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا. سەرچاوە خۆراکییەکانی کانزای سیلینیۆم: گۆشتی سوور، گۆشتی ئەندامەکان، ماسیی تونە و ساردین، ڕوبیان، گۆشتی مریشك، پاقلەمەنییەکان، هێلکە، نیسك، لەگەڵ نان بە گەنمی تەواو Whole-wheat. بڕی پێویستی ڕۆژانە لە کانزای سیلینیۆم بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٥٥ مایکرۆگرام، بۆ ئافرەتی دووگیان ٦٠ مایکرۆگرام، هەروەها لەکاتی شیردانی سروشتیدا ٧٠ مایکرۆگرام.



نۆرەی دڵ Heart attack بریتییە لە مردنی بەشێکی ماسوولکەی دڵ لە ئەنجامی گیرانی خوێنبەرێکی تاجیی دڵ، واتە نەگەیشتنی خوێن بەم شوێنە. هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە نۆرەی دڵ بریتین لە: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ، کێشی زیاد و قەڵەوی، خۆراکی ناهاوسەنگ و ناتەندرووست، جگەرەکێشان، کەمیی جووڵەی جەستەیی و ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزای وەرزی، ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکیی دەوری، سەردانیکردنی دکتۆری ددان ساڵانە جارێك، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن لە تووشبووان بە پەستانی بەرزدا، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی ڕۆژانە بۆنموونە پیادەڕۆیی ڕۆژانە بۆ دووری ٥ میل یان ١٠،٠٠٠ هەنگاو، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش بۆ سنووری ئاسایی، گرنگیدان بە خەوێکی درووست، زوو زوو سەردانیکردنی سرووشت، مامەڵەکردنی درووست لەگەڵ سترێسدا، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، هەروەها پەیڕەوکردنی ئەم خاڵانەی پەیوەست بە خۆراك وەکو: خواردنی شوفان، هەڵبژاردنی دانەوێڵەی تەواو، ڕۆژانە خواردنەوەی سێ کوپ چای کەم شەکر، خواردنی دارچین لەگەڵ خۆراکی گونجاودا، خوێندنەوەی زانیارییە خۆراکییەکان لەکاتی کڕینی خۆراکی پاکێت و قوتووکراودا.

# بە خواردنی نیسک خۆت لە نەخۆشیی شەکرە بپارێزە

توێژەرانی زانکۆی ڕۆڤیرا ڤیرجیلی/ ئیسپانیا ڕوونیان کردووەتەوە کە پەیوەندیی بەهێز هەیە لە نێوان خواردنی پاقلەمەنییەکان، بەتایبەتی نیسك و خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. توێژەران ئاماژەیان بەمەش کردووە کە ڕۆژانە خواردنی یەك ئۆنسە کە دەکاتە ٢٨,٧٥ گرام لە پاقلەمەنییەکانی وەکو نۆك، فاسولیا، سۆیا، یان بەزالیا، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ٣٥٪ کەم دەکاتەوە، کەچی هەفتانە خواردنی یەك ژەمی ٣٠٠ گرامی نیسك، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ٣٣٪ کەم دەکاتەوە. پاقلەمەنییەکان Legumes بەگشتی دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵ، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، بەڵام پسپۆڕان زیاتر جەخت لە نیسك دەکەنەوە کە هاندەرە بۆ لەسەرخۆکردنەوەی کرداری هەرسکردنی خۆراك و بەردەستبوونی شەکر لە خۆراکە نیشاستەییەکان و، ڕێگرتن لە هەڵمژینی خێرا و بەرزبوونەوەی ئاستی شەکر لە خوێندا، چونکە نیسك کاربۆهیدراتی ئاڵۆز لەخۆدەگرێت، هاوکات لەگەڵ پرۆتین بە ڕێژەی ٢٥٪ کە بەرزترە لە ڕێژەی پرۆتین لە هەموو جۆرەکانی دیکەی پاقلەمەنییەکان.



# حاڵەتی پێش شەکرە چییە؟

حاڵەتی پێش شەکرە Prediabetes واتە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن بەرزتر لە حاڵەتی ئاسایی، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی کە بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم دەستنیشان بکرێت، هەروەها حاڵەتەکە لە ئامادەباشیی زیاد دایە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، ئەگەر خێرا بە چەند هەنگاوێك ڕێگەی لێ نەگیرێت. گەلێك لە تووشبووان بە حاڵەتی پێش شەکرە ئاگاداری حاڵەتەکە نین، چونکە هیچ نیشانەیەکی نییە و تەنیا بە پشکنینی شەکرەی خوێن دەستنیشان دەکرێت، حاڵەتی پێش شەکرە هەندێك جار بە حاڵەتی لێوار شەکرە Borderline diabetes ناوزەد دەکرێت. هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە حاڵەتی پێش شەکرە: تەمەنی پاش ٤٥ساڵی، بوونی نەخۆشیی شەکرە لە دایك یان باوك یان خوشك یان برادا، کێشی زیاد و قەڵەوی، کەمیی جووڵە و مەشقی وەرزشی، هەروەها فرەکیسی هێلکەدان PCOS لە ئافرەتدا. دەستنیشانکردن: حاڵەتی پێش شەکرە بە پلەی یەکەم بە پشکنینی ڕێژەی هیمۆگلۆبینی گلوکۆزبوو HbA1c دەستنیشان دەکرێت، کە تێکڕای ئاستی شەکری خوێن لە ماوەی ٢-٣ مانگی ڕابردوو دیاری دەکات، ڕێژەی HbA1c لە نێوان ٥,٧-٦,٤٪ بە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە دادەنرێت، پشکنینەکانی تر بریتین لە: پشکنینی ئاستی شەکری خوێن لە خورینی کە ئەگەر لە نێوان ١٠٠-١٢٥ ملگم/ دێسیلیتر دابێت، ئەوا بە دەستنیشانکردنی حاڵەتی پێش شەکرە هەژمار دەکرێت، هەروەها پشکنینی بەرگەگرتنی شەکری گلوکۆز GTT کە ئەگەر لە نێوان ١٤٠-١٩٩ ملگم/دێسیلیتری خوێندا بێت.



# ئایا وەرزی زستان باشترە بۆ دابەزاندنی کێش!

لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی ماستریکت /هۆڵەندا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کەشی سارد هاندەرە بۆ سووتاندنی ٣-٣٠٪ کالۆری زیاتر بەراورد بە کەشی گەرما، بۆیە زستان بە باشترین کات هەژمار دەکرێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، بە مەرجێك بەرنامەی دابەزاندنی کێش لە ڕیجیمی درووستی خۆراك و مەشقی وەرزشید بە تەواوی پەیڕەو بکرێت، ئەگینا لەوانەیە کە لە زستاندا کەمێك کێشی لەش زیاد بکات.

بەرکەوتن بە سەرما وا لە لەش دەکات کە بۆ هێشتنەوەی پلەی گەرمیی لەش لە ئاستی ئاساییدا، لە ڕێگەی چالاکبوونەوەی چەوریی قاوەیی Brown fat کە لە کەشی سارددا دەبێتە هاندەر بۆ سەرفکردنی وزە، کالۆریی زیاتر بسووتێنێت، واتە سووتاندنی چەوریی زیاتر لە خەزنکردنی، بە مەرجێك مەشقی وەرزشی ئەنجام بدرێت. لە لایەکی دیکەوە، زستان هاندەرە بۆ تاودانی کرداری میتابۆلیزم (گۆڕینی خۆراك بۆ وزە) کە یارمەتی سووتاندنی کالۆری دەدات، کەواتە بەراورد بە وەرزی هاوین لە زستاندا دەتوانرێت بە جووڵەیەکی کەمتر بڕێکی زیاتری کالۆری سەرف بکرێت. ئاماژە بەمەش کراوە کە مەشقی وەزرشی لە کەشی سارددا توانای لەش بەرزدەکاتەوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پلەی گەرمیی جیاواز و زیاتر سووتاندنی چەوری، بۆیە ئەگەر چالاکیی فیزیکی هاوکات لەگەڵ خۆراکی هاوسەنگ و کەم کالۆری بەردەوام بێت، ئەوا وەرزی زستان باشترین دەرفەتە بۆ ئاسان دابەزاندنی کێشی زیادی لەش.



# مۆبایلێک وەک بازن لەدەست دەکرێت




لە سەرەتای ساڵانی دوو هەزاردا، کۆمپانیای Motorola لەریزی کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دەهاتە ژمار. بەڵام دواتر کۆمپانیاکانی وەك ئەپل و سامسۆنگ هاتنە گۆڕەپانەکە و مۆتۆرۆلا لە پاشەکشەی دا. دواتر لەلایەن گوگڵەوە کڕدرا و ئەویش بە لینۆڤۆی فرۆشتەوە. لەو حاڵەشدا کۆمپانیای ناوبراو دەستی لە ڕکابەرییەکەی هەڵنەگرت.

لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو مۆبایلێکی ناوازەی بەرهەم هێناوە کە وەك کاغەز دەنووشتێتەوە و وەك بازن لە دەست دەکرێت. شاشەی مۆبایلەکە لە جام دروست نەکراوە بەڵکو لە پلاستیکێکی نەرم بەرهەمهاتووە. بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان پێویستی بە هێندزفری نییە و هەر بە خودی مۆبایلەکە وەڵام دەدرێتەوە. شاشەکەی ٦,٩ ئینجە. سیستمی ئەندرۆیدی لەسەرە.



# هیچ کات پاسوۆردەکانت لەبیر ناچنەوە

لە سەردەمی دیجیتالیدا کردنەوەی هەر هەژمارێك پێویستی بە پاسۆرد واتە کۆدی نهێنییە. هەڵگرتنی کۆدە نهێنییەکان لە مۆبایل و کۆمپیوتەردا، تەنانەت ئەگەر زۆریش بەهێز بن مەترسی ئاشکرابوونیان زۆرە.

بۆ ئەوەی هەمیشە پارێزراو بی و دووربی لە مەترسی هاککەرەکان وا باشە ئامێری بچووکی password pocket بەکار بێنی، هەر بەقەد میدالیایەك دەبێت. ئامێرەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت و دەبێت پرۆگرامی تایبەت بە ئامێرەکە دابەزینی. دواتر هەرکاتێك هەژمارێکت کردەوە کە پێویستی بە پاسوۆرد بێت، ئامێرەکە لە مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەت نزیك بکەوە و خۆکار پاسۆردەکەت بۆ دادەنێ بێ ئەوەی لە کۆمپیوتەر یا مۆبایلدا هەڵبگیرێت.

# کەڤەرێکی ناوازە بۆ ئایفۆن

کەڤەر caver واتە بەرگی مۆبایل یا هەر ئامێرێکی دیکە، رەنگە شتێکی زۆر گرنگ نەبێت، بەڵام کۆمپانیایەك کەڤەرێکی ناوازەی تایبەت بە مۆبایلی بەرهەم هێناوە. رەنگی کەڤەرەکە بە ویستی بەکارهێنەرەکەی دەگۆڕدرێت، چونکە خۆی لە شاشەیەك پێکهاتووە.

کەڤەری جۆری reink case c1 دەبێتە شاشەیەکی دووەم بۆ ئایفۆن ١٣ و ١٤ و ١٥. دەکرێت رەنگی بگۆڕی یا وێنەیەکی تایبەت بە خۆتی بۆ دابنێی. شاشەکە پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە و شەحنی خۆی لە مۆبایلەکە وەردەگرێت. شاشەکەی ٣,٧ ئینجە. جگە لە نیشاندانی وێنە و کەڤەری تایبەت، دەکرێت کاتژمێر و کات و هەروەها پەیام و ئاگادارکردنەوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشی ببینی. کەڤەرەکە ستاندێکی هەیە دەتوانێت مۆبایلی بەشێوەی ستوونی و ئاسۆیی لەسەر دابندرێت.

# فلاش میمۆرییەک بۆ هەڵگرتنی داتا گرنگەکان




لە ژیانی کەسێتی هەر کەسێکدا، هەندێك داتا و زانیاری هەن پێویستە تەنیا لەلای خودی کەسەکە بن، بۆ نموونە هەژمارە بانکییەکان، زانیارییە زۆر نهێنییەکان، وەسیەت نامە، زانیارییەکانی تایبەت بە نەخۆشیەکان و.... تاد.

ئێستا کە سەردەمی دیجیتاڵییە و داتاکانیش بوونەتە دیجیتالی، چ شتێك لە ئامێرێکی گرنگ وەك فلاش میمۆری یا هارد کە بتوانی داتاکانی تێدا هەڵبگری گرنگترە. فلاش میمۆری جۆری omni datasafe بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتووە. فلاش میمۆرییەکە کۆد دانانی بە شێوەی دوگمەییە و دەتوانی پاسۆردێکی ٢٥٦ ژمارەیی دابنێی. هەتا ئەو کۆدەش لێنەدەی نەکرێتەوە.

فلاش میمۆرییەکە تایبەتە بە هەڵگرتنی پاسۆردەکان، چونکە خۆکار پاسۆردەکان لە خۆیدا تۆمار دەکا و بە دانانی فلاش میمۆرییەکە لەسەر کۆمپیوتەر لەکاتی پێویستدا پاسۆردەکە لە شوێنی پێویست دادەنێ. فلاش میمۆرییەکە لە جۆری USB.3 کە دە جار خێراترە لە جۆری دووەم. شوێنی ٣٢ گیگابایتی دەبێتەوە.





# کەیسێکی تایبەت بە داتاگەی M.2

سەردەم سەردەمی خێراییە، ئیدی کاتێك باس لە فلۆپی دیسك و CD دەکرێت وەك ئەوە باسی سەردەمی چاخی بەردین بکرێت. گواستنەوەی و هەڵگرتنی داتاکان گەیشتۆتە پلەیەك کە دەکرێت لە مەودای کەمتر لە چرکەیەکدا فیلمێکی گەورە بگوازیەوە.

کەیسی جۆری ORICO M.2 NVMe SSD کە هاردێکی جۆری SSD, M2ی تێدا دادەنرێ، خێراییەکەی ئەوەندە زۆرە لە چاوتروکانێکدایە، بۆ نموونە ١٠ گیگابایت تەنیا لە چرکەیەکدا دەگوازێتەوە. خێرایی گواستنەوەی لە USB.3یە. خۆی لە ئەلۆمینیۆمێکی پتەو دروستکراوە و دژە گەرمییە، واتە گەرم دانایەت و دەکرێت داتاکان بۆ هەمیشە لەوێدا هەڵبگیردرێن، بەبێ ئەوەی مەترسی تێکچوون و لەناوچوونیان لێبکرێت. بۆ هەموو ئامێرەکان و سیستەمەکان دەبێت، وەك کۆمپیوتەر بە هەر سێ سیستەمی ویندۆز و ماك و لینۆکس.هەروەها بۆ مۆبایلیش دەگونجێت. ئامێرەکە بچووکە و هەڵگرتنی زۆر ئاسانە و کێشێکی ئەوتۆی نییە.

شایانی ئاماژە پێدانە داتاگەکە ٨ ترابایتە و ئیدی پێدەچێ فلاش میمۆریش ببێت بە ئەرشیفی مێژووی ئامێرە دیجیتالییەکان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

هەرجارە ئازیزێك دەپرسێت دەمەوێ کتێبێکی زیاتر لە سەد لاپەڕەیی تایپ بکەم، زۆر رستەی دووبارەی تێدایە، ئایا رێگایەك هەیە بۆ ئەوەی هەموو جارێ رستە دووبارەکان نەنووسمەوە؟ بەڵێ خوێنەری بەڕێز لە وۆردا ئەو ئاسانکارییە هەیە، سەرەتا بچۆ لە بەشی file لەوێدا بچوو سەر بەشی proofing و لەو بەشەدا فەرمانی Autocorrect Options هەڵبژێرە بۆکسێك دەکرێتەوە، لەو بۆکسەدا لە بەشی راست واتە بەشە زۆرەکە، ئەو دەستەواژە یا ئەو دێڕانە بنووسەوە زۆر دووبارە دەبنەوە. دواتر لە بۆکسە بچووکەکەدا وشەیەك یا هێمایەك بنووسە. هەر ئەوەندە و تەواو. دواتر کاتێك ئەو وشەیە یا هێمایە بنووسی، تەواوی دێڕەکەی ناو بۆکسەکەت بۆ دەنووسێتەوە

# ئامێری گەیم یا مینی لاپتۆپ

کۆنسۆلی گەیمی جۆری GPD Win Mini لە ریزی باشترین ئامێرە بچووکەکانی تایبەت بە گەیمی ئەلکترۆنی دێت. لە ستایل و شێوەدا وەك مینی لاپتۆپێك دەچێت و ئەرکەکانی لاپتۆپیش دەتوانی جێبەجێ بکات. شاشەی ئامێرەکە ٧ ئینجە و هەندێك لە مۆبایلێك گەورەترە. خێراترین یەکەی لێکدانەوەی تایبەت بە ئامێرە گەیمە بچووەکانی وەك AMD Ryzen 5 7640U و هەروەها Ryzen 7 7840U لەسەر داندراوە.

کیبۆردێکی تەواو بە هەموو دوگمەکانی لەسەرە، جگە لەوە شوێنی ماوس واتە تۆچ پۆدەکە لەسەرەوەیە و هەر لەسەرەوە دوگمەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵ کردنی گەیمی بۆ داندراوە. لەسەر ئامێرە بچووکە دەکرێت دوو کەسیش یاری بکات. جگە لە دوگمەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵ کردنی گەیم، دوو جەیستۆك واتە دەسکی گەیمی تایبەت بە کۆنترۆڵی یاری لەگەڵدایە. رامەکەی ٦٤ گیگابایتە و داتاگەکەی ٢ ترابایتە. کێشی تەنیا ٥٢٠ گرام








# تۆمارکەری دەنگ یا بزنس کارت

تۆمارکردنی دەنگ لە زۆر کاتدا گرنگی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی هەست بەوە نەکرێت لە شوێنێك دەنگ تۆمار دەکەی پێویست دەکات ئامێرەکەت زۆر بچووك بێت، یا لە شێوەی ئامێرێك بێت کە هیچ کەسێك بیری لێنەکاتەوە.

ئەو تۆمارەی دەنگە زیاتر وەك بزنس کارت دەچێت، رێك بەقەد کارتی ریکلامە. بارستاییەکەشی تەنەکە وەك کارتێکی ریکلام.

کاتێك لە شوێنێك ئەگەر پێویست بکات دەنگ تۆمار بکەی، تەنیا ئەوەندە بەسە دوگمەی لای گۆشەی راست دابگرە و دەست دەکا بە تۆمارکردن.


دەنگ تۆمارکەرەکە بە slimca ناسراوە. بە ١٨ خولەك شەحن دەبێتەوە و هەتا یەك ساڵی رێك شەحنی دانابەزێت. لەگەڵ مۆبایل بە هەردوو سیتسەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس پەیوەند دەدرێت.

# چەند ئامرازێکی زیرەکی دەستکرد لە پرۆگرامێکدا

سەردەم سەردەمی ژیری دەستکردە، ئەمرۆ لە هەموو شوێنێك باس باسی ژیری دەستکردە، ژیری دەستکرد دەتوانێ یارمەتیدەر و هاوکارێکی باشی مرۆڤ بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکی رۆژانەیدا.

پرۆگرامی Gilisoft AI Toolkit یەکێکە لەو پرۆگرامە گرنگەکانی تایبەت بە ژیری دەستکرد بەهۆی پرۆگرامەکە دەتوانی سوود لە نوێترین خزمەتگوزارییەکانی ژیری دەستکرد لە کاری رۆژانەدا وەربگری. وەك ناسینی و دەرهێنانی دەق لە وێنە دا (ocr)، گۆڕینی دەق بۆ دەنگ (TTS)، ناسینەوەی دەنگ (ASR). ئەو خزمەتگوزارییانە و زیاتر لەو خزمەتگوزارییانە لەو پرۆگرامەدا کۆکراونەتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای دەستپێڕاگەیشتن بە چات بۆکسەکانی ژیری دەستکرد بۆ نموونە (ChatGPT) و هاوشێوەکانی.
- باشترین فەرمانەکان بۆ پرسیار کردن لە چاتەکانی ژیری دەستکرد.
- گۆڕینی دەنگ بۆ دەق و هەروەها پێچەوانەش.
- سڕینەوەی واتەرمارك لەسەر وێنە و فایلە pdfەکان.






## ماڵپەڕێک بۆ زیندوو کردنەوەی مردووەکان!

مانشێتەکەی سەرەوە هەندێك سەرنج راکێشە و رەنگە گومانێك بخاتە دڵانەوە، کەسێك مرد ئیدی تا رۆژی دوایی زیندوو نابێتەوە. بەڵام ماڵپەڕی studio.d-id.com تایبەتە بە دەنگ خستنە بەر وێنە.

کاتێك کەسێك مردووە بەڵام، تەنیا وێنەیەکی کۆنی هەیە دەتوانی بە هۆی چەند ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکردەوە کوالیتی وێنەکە بەرییە سەرێ، پاشان بەهۆی ماڵپەڕیstudio.d-id.com دەکرێت، وێنەکە بکەی بە وێنەیەکی زیندوو و قسە بکات. ئەو دەنگەی مەبەستە لەسەری دادەنێ یا ئەو تێکستەی مەبەستتە بیخوێنێتەوە بۆی دیاری دەکەی و پاشان فەرمانی پێدەکەی کە وێنەکە بەپێی دەنگەکە بخاتە جوڵە. بۆ فێربوونی زیاتر یوتیۆبی تایبەت بە ماڵپەڕەکە بکەنەوە.



# چەند ئامۆژگارییەک بۆ هەڵبژاردنی یەخەی گونجاوی پۆشاک بەپێی شێوەی جەستەت

زۆرێك لە بووكەكان لە كاتی هەڵبژاردنی جلی بووكێنیدا سەریان لێ دەشێوێت، بەو پێیەی پێویستیان بە گەڕانێكی درێژخایەن هەیە، بۆ ئەو مۆدێلەی كە نزیكترین بێت لە سەلیقەی خۆیەوە، لە هەمان كاتدا دەبێت لەگەڵ شێوەی جەستەشدا بگونجێت.

- بڕینی یەخەی حەوتی (V Neck) هێشتا لەسەر تەختی مۆدەكانی جیهان بایەخی خۆی هەیە، هەروەها گونجاوە بۆ ئەوانەی سنگیان گەورە و ملیان كورتە، چونكە پۆشاكی یەخە حەوتی، یان ئەوەی پێی دەگوترێت یەخەی حەرف ڤی، گەردن بەرزتر دەردەخات و هەروەها یارمەتیدەرە بۆ بچووكتر نیشاندانی سنگ.
- یەخەی شێوەی دڵ، ئەم جۆرە لە پۆشاك زیاتر سەرنج دەخاتە سەر ناوچەی بەشی سەرەوەی سنگ و، باڵایەكی بەرزتر و باریكترت پێ دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر قەڵەو بوویت، خۆت بەدوور بگرە لەم جۆرە دوورینەی پۆشاك، چونكە باڵات كورتتر نیشان دەدات.
- بۆ ئەو خانمانەشی كە سنگیان بچووكە و جەستەیان لاوازە و لە سەرووبەندی هاوسەرگیریدان، دەتوانن بەدلەی یەخەی شێوە بەلەم (Boatneck) بپۆشن، چونكە ئەو شێوەیە ئێسكی ژێر گەردن دادەپۆشێت و هێڵی شان فراوانتر دەردەخات، بەم شێوەیە جەستەی بووك فراوانتر و پڕتر دەردەكەوێت.





## ماسکێک لە توێکڵی مۆز و ماست بۆ ڕزگاربوون لە کرێش

ڕەنگە زیادەڕۆیی لە بەرهەمهێنانی چەوری یان وشکبوونەوەی پێستی سەر، بوونی کەڕوو یان بەکتریا بێت، بەڵام مۆز و ماست، هەردووکیان تایبەتمەندیی دژەمیکرۆبی و دژەئۆکسانیان تێدایە، کە بەسوودن بۆ چارەسەرکردنی کرێش و خورانی پێشتی سەر، هەروەها ئەم ماسکە یارمەتی هێورکردنەوەی خوران دەدات و پێستی سەر لە هەوکردن دەپارێزێت، هاوکات بەهۆی دەوڵەمەندیی بە ڤیتامین و کانزا و ترشە چەورییەکان، وەکو نەرمکەرەوەیەکی سرووشتیی قژ کار دەکات. ئەمە جگە لەوەی بە قووڵی خۆراك دەدات بە قژ و پێستی سەر، بەو پێیەی ڕێژەیەکی بەرزی پرۆتین و کالیسیۆم و زینك و مەگنیسیۆم و پۆتاسیۆمی تێدایە.

**چۆنیەتی ئامادەکردن و بەکارهێنانی:**

دوای پاککردنی مۆزێکی تازە، توێکڵەکەی لەگەڵ چارەکی کووپێك ماستدا ورد بکە، بۆ ئەوەی تێکەڵەیەکی نەرمت دەست بکەوێت، پاشان بە یەکسانی لەسەر پێستی سەر و قژت دابەشی بکە، نیو کاتژمێر چاوەڕێ بکە، دواتر قژت بە ئاو یان شامپۆیەکی بێ کبریت بشۆ.

بۆ ئەوەی پێستی سەرت تەندروست بێت لە کرێش پارێزراو بیت، هەفتەی دووجار ئەم ماسکە بەکار بهێنە.

## بەکارهێنانی نەخشی ئاژەڵان لە ڕازاندنەوەی کەرەستەکانی ناوماڵدا

شێوەی نەخشی ئاژەڵان لە پیشەسازیی کەرەستەکاندا زۆر بەربڵاوە و چەندین جۆر نەخشی وەك پێستی پڵنگ، زێبرا، زەڕافە و.. هتد هەیە.

لە دیزاینی کەرەستەکانی ناوماڵدا زۆر نەخشی جیاواز بەکار دێت، لەوانە نەخشی پڵنگ، کە هەندێکیان پێکهاتووە لە پەڵەی ڕەشی ئەستوور تێکەڵ بە پەڵەی ڕەشی بچووکتر، جۆری دیکەش هەیە، کە بە هێڵی درێژ و شەپۆلاوی و ناڕێك لەسەر پێستێکی پرتەقاڵی باو هێڵکاری کراوە. هەروەها نەخشی تیمساح لە تەرازووی بچووکی ناڕێك پێك هاتووە. نەخشی جاگوار کە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی مادەکان. نەخشی زێبرا (کەرەکێوی) کە زیاتر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەناوبانگ بووە، پێکهاتووە لە هێڵی درێژی ڕەش و سپی، و چەندین نەخشی دیکە.

زۆر ڕێگە هەیە بۆ بەکارهێنانی نەخشی ئاژەڵان لە دیکۆراتی ناوماڵدا، بەڵام بۆ ئەوەی سەرنجی دەوروبەر بخەینە سەر نەخشەکان، وا باشترە کە یاسای (کەم و پوخت باشترە لە زۆر و بۆر) پەیڕەو بکرێت، چونکە پێچەوانەکەی، واتە کۆکردنەوەی جۆرەها نەخشی تێکەڵ لە ژوورێکدا، ئەمەش وا دەکات سیمای شوێنەکە بشێوێت و کەرەستەکان بایەخی خۆیان لەدەست بدەن.










# ئەشکەوتی ڤۆرۆنیای سەرسوڕهێنەر

ئەشکەوتی ڤۆرۆنیا، نزیکترین خاڵ لە ناوەندی زەوی، ئەشکەوتی ڤۆرۆنیا بە قووڵی نزیکەی ٢٢١٢ مەتر، قووڵترین ئەشکەوتی جیهانە. دەکەوێتە ناو کۆریدۆری نێوان شاخەکانی کرێپۆست و زۆنت لە ناوچەی ئەبخازیا، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و بە فەرمی بەشێکە لە جۆرجیا. لە ساڵی ١٩٦٨ ئەشکەوتەکە لەلایەن هەندێك لە زانایانی سپێلۆلۆژی شاری کراسنۆیارسکەوە دۆزرایەوە، کە توانیان بگەنە قووڵایی ١١٥ مەترەوە، لە ساڵی ١٩٨٦ گروپێکی نوێ لە مۆسکۆوە بە سەرۆکایەتی ئۆلێگ پارفینۆڤ گەیشتنە قووڵایی ٤٤٠ مەتر، لە ساڵی ٢٠١٥ەوە زنجیرەیەك ژمارەیەکی نوێ لەلایەن گروپی پیرۆڤۆ-سپێلیۆوە دیاریکرا کە ئەشکەوتەکە قووڵترە، چەندین جار گەیشتە نمرەی نوێ و باشتر، تاوەکو لە مانگی ئازاری ٢٠١٨دا گەیشتە ٢٢١٢ مەتر ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد.



# قارچەکێک لە شێوەی ددانی مرۆڤ

قارچکی ددانی خوێنبەر بوو کە بە (ددانی شەیتان)یش ناسراوە، شلەیەکی سوور و مەییوی وەك خوێن دەردەدات، قارچکێکی زیانبەخش و زۆر تاڵە، بەڵام ژەهراوی نییە، ناوە زانستییەکەی بریتییە لە (Hydnellum pecki)، لە دارستانە سنەوبەرییەکانی ئەورووپا و باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکای باکووردا هەیە، مادە سوورەکە بۆ بۆیاخکردنی قوماش بەکار دێت، سەیر لەوەدایە ئەم قارچکە هەمان تایبەتمەندیی دژە خوێن مەینی هەیە، کە لە ڕووی پزیشکییەوە لە شێوەی دەرزیدا بەکار دەهێنرێت، قارچکی خوێنبەربوونی ددانەکان لەو ددانانە دەچێت کە پووکەکانی مرۆڤ خوێنیان لێ دەردەچێت، ئەم قارچکە بۆ خواردن نابێت، هەروەها لە ئەمریکای باکوور و ئەورووپا و ئاسیا لە نزیك درەختی سنەوبەر گەشە دەکات، لە ساڵی ١٩١٣ لە لایەن زانای میکۆلۆجی ئەمریکی (هاوارد جەیمس)ەوە دۆزرایەوە.





# دوو خوشکی کارامە و دەستڕەنگین

کەسانی دەستڕەنگین لە نێو گەنجان و خانمە شۆخانی کوردستاندا زۆرن، بە تایبەت ئەوانەی لە بەشێکی جەستەیان بێبەشن، وەك ئەو دوو کچە نازدارە نابیستە، کە خاوەن توانایەکی جوان و داهێنەرانەن لە بواری کاری دەستی و دەستڕەنگینی خانماندا، (شنۆ و بۆکان) دوو خوشکی تەمەن ٣٩ساڵ و ٢٤ ساڵن، کە شنۆ بە تەواوی نابیستە و بۆکانیش کەم بیستە.

سەبارەت بە دەستپێك وچۆنیەتیی کارکردنیان، بۆکان دەڵێت: «لە ٢٠١٩ـەوە، وەکو کەسێکی کەم بیست دەستم بە کاری دەستی کردووە، زۆر حەزم دەکرد کار بکەم، بەڵام لە هیچ شوێنێك ڕێگەیان پێ نەدەداین کار بکەین، بە بیانووی ئەوەی کەم بیستین و ناتوانین وەك پێویست کار بکەین، بۆیە منیش بە هاوکاریی شنۆی خوشکم هەوڵم دا کاربکەم، کە ئەو لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە کار دەکات و فێری کاری دەستڕەنگینیی کردم، زۆر دڵ خۆشم بە کارەکەم، بەرهەمەکانیشمان بریتیین لە(کولآوە و کڵاو و خشڵ و ئێکسسوارت، تەوقە، دەسبەند، ملوانکە و بازنی ناسك) هەروەها کاری کەرەستە و کەلوپەلی وەك جانتا و گۆرەوی و چنینیش دەکەین، بەرهەمەکانمان بە ڕێگەی دلیڤەری بە خەڵك دەگەیەنین، تا ئێستا بەشداریمان لە چەندین فیستیڤاڵ و نمایش و پیشانگە گشتییەکاندا کردووە، لە زۆربەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاش خاوەن ئەکاونتی تایبەت بە خۆمانیان بە ناوی (بۆکان و شنۆ)».



## لە پێناو ژیانیدا دەستێکی بڕیەوە



ئەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە بەسەر هاووڵاتییەکی ئەمریکیدا هاتووە، کاتێك دەستێکی خۆی بڕییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژیاندا بمێنێتەوە. ئارۆن لی ڕاڵستۆن ساڵی ١٩٧٥ لە ئەمریکا لە دایك بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ لە چیایەك بەردێك کەوتووەتە سەردەستی و گیری خواردووە، دوای ١٢٧ کاتژمێر مانەوە بەو حاڵەوە، دواتر بڕیاریدا دەستی خۆی ببڕێتەوە و خۆی ڕزگار بکات .. دوای ڕووداوەکە بەردەوام بوو لە شاخەوانی و بووە یەکەم کەس کە لە زستاندا توانی هەموو کۆلۆرادۆی بەفراوی ببڕێت، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ فیلمێك بە ناوی 127 hours بەرهەم هێنرا لەسەر ئەم ڕووداوە.

# حاڵەتە دەگمەنەکانی زگماکی



هەندێ لە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی زگماك کە لە دایك دەبن، بەشێکی جەستەیان نییە، یان هەندێك ئەندام و بەشی جەستەیان زیادەیە، بەڵام ئەوەی لە وێنەکەدا دەیبینن ناوی (frank lentini)ـە کە لە ساڵی ١٨٨٩ لە ئیتالیا دایك بووە و لە ساڵی ١٩٦٦ لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا لە فلۆریدا کۆچی دوایی کردووە، فرانك بە شێوەیەکی زۆر سەیر و نا ئاسایی بە سێ قاچەوە لە دایك بوو، و بێ کێشە دەیتوانی جوولە بە سێ قاچەکەی بکات، جێگەی سەرنجە لە ئیتاڵیادا زۆربەی ئەو حاڵەتە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە و دواتر چارەسەر دەکرێن.

## کاریکاتێر




باس لە هاوکاریی باوك بۆ منداڵەکانی دەکات، ئەو کاتەی باوك بەش و زانست و بیرکردنەوەکانی خۆی پێشکەشی منداڵەکانی دەکات، تاوەکو بگەن بە لووتکە.

## دیمەنە سەیرەکان



ئەوانە تووشی لێدانی برووسکە یان هەورە برووسکە دەبن و پاشان لێی ڕزگار دەبن، کۆمەڵێك نیشانەی زۆر سەیر لەسەر لاشەکانیان دەردەکەوێت وەك شێوەی هەورەبرووسکە، پێی دەڵێن «Lichtenberg figure».

## یاسا



**دادوەر حوکم دەدرێ؟**

ئەگەر دادوەر لە دەرئەنجامی واستە یا تەدەخولی کەسانی دیکە یا بە هەر ڕێگەیەك، حوکم بە ناحەق دەر بکات، ئایا بە تاوانە هەژمار دەکرێت یان ئەم دادوەرە سزا دەدرێت؟، وەڵام بەڵێ، دادوەرەکانیش کاتێك تاوانێك دەکەن دەبنە تاوانبار، چونکە یاسا بۆ هەموانە و لەو بارەدا سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەك نابێت کەمتر بێت لە ٦ مانگ و زیاتر نەبێت لە ٥ ساڵ، هەر دادوەرێك حوکمێك دەربکات بە نا حەق، لە ئاکامی واستە و تێوەگلان یان کاریگەربوون یا بە هەر ڕێگەیەك، ئەوا بەپێی مادەی ٢٣٤ لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لەم چەند ڕۆژی داهاتوودا چەندین هەلی سەرکەوتن دێتە ڕێگەت، دەتوانیت دەرگای ڕابردوو دابخەیت و دەستپێکێکی نوێت هەبێت، ئەگەر شۆفێری دەکەیت ئەم ماوەیە ئاگاداری خۆت بە، لە لایەنی سۆزدارییەوە پابەندی بەڵێنەکانت بە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاتە سەختەکانت تێپەڕاند و ئێستا کاتی ئەوەیە چێژ لە ڕۆژە خۆشەکانت ببینیت، لە لایەنی پیشەییەوە پەستانی پیشەیی کەم دەبێتەوە لەسەرت، دەتوانیت لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانت یان هاوڕێکانت کات بەسەر بەریت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە دەستپێکی ڕۆژەکەتدا زۆر هەست بە باشی ناکەیت، ڕەنگە وزەت نەبێت و نەتوانیت چالاکییەکانت بە باشی ئەنجام بدەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزەرەوە، ڕێگە مەدە کەسانی دیکە دەست لە کاروبارەکانت وەربدەن.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئارام بگرە، بە زوویی ئەو دەرفەتەت دەبێت کار لەسەر خەونەکانت بکەیت، ڕۆژگارێکی باشت لەپێشە، هەر کارێك کە دەیکەیت زۆر بە باشی بە دەستتەوە دێت، کەسانێکی زۆر دەیانەوێت بتڕووخێنن، هەربۆیە خۆت بەدەستەوە مەدە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢


ڕۆژێکی تایبەتە، ئەم ماوەیە کار لەسەر هەر شتێك بکە کە دەزانیت دڵخۆشت دەکات و ئاسوودەییت پێ دەبەخشێت، تەندرووستییەکی باشت هەیە، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە هاوکاریی خۆشەویستەکەت بکەیت و بە تەنی جێی مەهێڵە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە چالاکییەکانت زیاد بکە، کاتی ئەوەیە هەوڵی ئەوە بدەیت بەخەونەکانت بگەیت، هەواڵێکی خۆش دەبیستیت، ئەمەش نیگەرانییەکانت کەم دەکاتەوە، پێویستە زیاتر گرنگی بە تەندرووستیت بدەیت.

## بۆ زانیاریت

# فڕۆکەکان لە چینی ستراتۆسفێردا دەفڕن




ستراتۆسفێر شوێنێکی گونجاوە بۆ فڕینی فڕۆکەکان، لەبەر چەند هۆکارێك کە گرنگترینیان بریتین لە: نەبوونی تێکچوونی کەشوهەوا کە لەوێ ڕوو نادات، واتە دوورکەوتنەوە لە ڕەشەبا و خراپیی کەشوهەوا، هەوای ستراتۆسفێر وشکە، بۆیە هەوری کەمە، ئەمەش وا دەکات فڕینی فڕۆکەکە ئاسانتر و نەرمتر بێت و مەودای زۆر دەبڕێت بەبێ هیچ بەربەستێك، لە لە بەرزیدا بەرگریی هەوا زۆر نییە، بۆیە فڕۆکەکان سووتەمەنییەکی زۆر بەکار ناهێنن، بەرگریی هەوا لە ستراتۆسفێردا نیوەی بەرگرییە لەسەر زەوی، واتە فڕۆکەکە توانای پاراستنی خێرایی بەردەوامی هەیە بە سووتاندنی وزەی کەمتر، هەروەها هەوایەکی زۆر ناچێتە ناو بزوێنەری هێزەوە، بەمەش یەکپارچەیی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژتر دەپارێزێت. بە فڕین لە چیتی ستراتۆسفێردا کاپتنی فڕۆکەکە خۆی لە تەن و فڕۆکە بچووکەکان بەدوور دەگرێت، کە لەوانەیە مەترسی لەسەر سەلامەتیی فڕۆکەکە دروست بکات. فڕین لە بەرزایی زۆرتردا کاتێکی زیاتر دەدات بە کاپتنی فڕۆکەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە، یان حاڵەتی لەناکاو، کە لەوانەیە تووشی ببێت، بڕێکی گونجاو لە ئۆکسجین لە ستراتۆسفێردا هەیە، ئەم چینە لە ١٠کم تا ٥٠کم ئەستوورە.

## فیلم

## ژیانێکی جوان - A Beautiful Life




فیلمێکی ڕۆمانسی و کۆمەڵایەتییە، باس لە گەنجێك دەکات بە ناوی (ئیلۆت) کە کاری ماسیگری دەکات، هەروەها خاوەن دەنگێکی زۆر خۆشە، هەلێکی بۆ دەڕەخسێت کە خۆی لە بواری گۆرانیگوتندا تاقی بکاتەوە، بەمەش دەتوانێت بێتە نێو دونیای میوزیکەوە، سەرەڕای دژایەتیکردن، لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانێت ببێتە یەکێك لە گۆرانیبێژە ناودارەکانی دەڤەرەکەی خۆی، فیلمەکە لە دەرهێنانی مەهدی ئەڤاز، لە نواندنی دانێل کۆترانیۆ، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٩ خولەکە، لە نواندنی (کریستۆڤەر ئیلۆت، ئینگا ئەبسدۆتەر، کریستین ئەلبێك، ئەردەڵان ئیسماعیلی، سباستیان جەیسن، پاو هێنرکسین)ـە.



## پەند و وتە

ئیمانوێل جەیمس ڕۆن ناسراو بە (جیم ڕون) کەسایەتیی ناوداری ئەمریکی و نووسەر و وتاربێژ، لە ساڵی ١٩٣٠ لە واشنتۆن لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ لە لۆس ئەنجلیس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کات و پارە دەڵێت: کات زۆر بە نرخترە لە پارە، دەتوانیت بە چەندین ڕێگە پارە پەیدا بکەیت، بەڵام ناتوانیت کات دروست بکەیت، یان ئەو کاتانەی لێت ڕۆیشتوون بیانگەڕێنیتەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کچێك دیارە، کە ئەگەر سەیری بکەیت، وا دەزانی لەسەر زەوی دانیشتووە، بەڵام بەهۆی بوونی ئاوێنە و کورسی لە پشتیەوە، وەك ئەوە وایە لەلای دیوارێکدا بێت، زیرەك بە و لە ماوەی ٣٠ چرکەدا فێڵکاریی وێنەکە بدۆزەرەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕۆژێکی هێمنە بۆ لەدایکبووانی ئەم بورجە، بەتایبەتی سەرلە بەیانی، ڕۆژێکی خۆش دەبێت بەگشتی، کۆبوونەوە خێزانییەکان پشتگوێ مەخە، چونکە هەستی تەنیاییت کەم دەکاتەوە، واز لە خووە خراپەکان بهێنە لە پێناو تەندرووستیتدا.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

تونددڕەویت لەگەڵ کەسانی دیکەدا کەم بکەرەوە، لە لایەنی پیشەییەوە دەگەیت بە پلەیەکی بەرز، بایەخ بە ئەرکەکانت بدە و هەوڵ بدە هاوسەنگی ڕابگریت، ڕێگە مەدە زۆریی کارەکانت لە ژیانی تایبەتی دوورت بخاتەوە، پەیوەندیت لەگەڵ ئەو کەسانە نوێ دەبێتەوە کە ماوەیەکی زۆر لە یەکتر دوورن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەوڵ بدە لە هاوسۆزەکەت تێبگە، ئەم ماوەیە کەمێك بیرکردنەوەتان لە یەکتر دوورە، دەرفەتێك بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانتان بەهێز بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کاری زۆرت هەیە دەبێت بەئەنجامیان بگەیەنیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


خۆشەویستەکەت نیگەرانە و بیر لە هەندێك بابەتی نەرێنی دەکاتەوە، یارمەتی بدە تا لەو دۆخە ڕزگاری ببێت، لە لایەنی داراییەوە هەوڵ بدە خەرجییەکانت کەم بکەیتەوە، کاتێکی گونجاوە تا لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانت کۆببیتەوە و کات بەسەر بەریت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


هەست بە تەنیایی دەکەیت، هەوڵ بدە بچیتە شوێنێك کات بەسەر بەریت و دڵخۆش بیت، لە لایەنی پیشەییەوە ڕێگە مەدە وشەی کەسانی دیکە کاریگەریت لەسەر دروست بکات، کاتێکی باشە بۆ ئەوەی دڵی خۆت بۆ کەسێکی متمانەپێکراو بکەیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ئەم ماوەیە بڕیاردان کەمێك سەختە، لەگەڵ خۆت ناکۆکیت و لەسەر بابەتێك ڕێك ناکەویت، ئەمەش زیانت پێ دەگەیەنێت، ڕەنگە کەسانی نوێ بێنە ژیانتەوە و گۆڕانکاری ڕوو بدات، ئەم ماوەیە زیاتر بایەخ بە وەرزشی بەیانیان بدە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
December 4, 2023 Issue,No.1392


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626